دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

ژمارە: ٤٢٢
١٥ی ڕەزبەری ١٣٨٤
٧ی ئوکتۆبری ٢٠٠٥
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران


## لە زانستگەی ئازادی ئیسلامی‌دا
## ئەندامانی کەمایەتی‌یە ئایینی‌یەکان وەرناگیرێن!

ژمارەیەك لە نوێنەرانی کەمایەتی‌یەکان لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی‌دا، بە نووسراوە داوایان لە سەرکۆماری ڕێژیم ئەحمەدی‌نژادو وەزیری زانستو لێکۆڵینەوە کردتا لە هۆی تۆمار نەکردنی کەمایەتی‌یە ئایینی‌یەکان لە تاقیکاری‌یەکانی زانستگەی ئازادی ئیسلامی‌دا، بکۆڵنەوە. ئەوان داوایان کردوە بۆیان ڕوون بکرێتەوە کە بۆچی ناموسوڵمانەکان لە زانستگەی ئیسلامی‌دا وەرناگیرێن.


ڕەوتی سەرکوتو فشاری ڕێژیم بۆ سەر کۆمەڵانی خەڵك ٢

ئاگاداریی کۆمیسیۆنی سیاسیی ـ نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ لاوانی کوردستان ٣

ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لە گەڵ بەرەدا ٤

ئێران لە گەڕانەوە بۆ کۆنە پەرستی و بناژۆخوازی‌دا ٥

ناسیونالیزمی مەدەنی یان گەلالەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد؟ ٨

نەتەوەو ناسیونالیزم لە دیمانەیەك لەگەڵ حەسەن ئەیوب زادە (گۆران)دا ١٠


## ئەمریکا داواکاری پچڕانی هاوکاریی ناوکی لەگەڵ ڕێژیمی ئێران بوو



ئیستیفان جی ریدمیکێر، ڕاوێژکاری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە کاروباری ئاسایشی نێونەتەوەیی‌دا لە وتارێك دا کە لە بەرامبەر کومیتەی چەکداماڵینی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا پێشکێشی کرد گوتی، وڵاتان (ی جیهان) دەبێ بە مەبەستی پشتیوانی لە بڕیاری ٢٤ی سێپتامبری شووڕای حاکمانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، چاو بە سیاسەتە ناوکی‌یەکانیان دا بخشێننەوە. شووڕای حاکمان لە دوا کۆبوونەوەی خۆی‌دا ڕای‌گەیاند کە تاران ئەرکە پێویستەکانی خۆی کە ڕاگەیاندنی پێشتری بەرنامەکانی خۆی بە ئاژانس بووە، بەجێ نەگەیاندوون. ڕید میکێر وێڕای ئاماژە پێکردنێکی ناڕاستەوخۆ بە ڕووسیە، داوای لە هەموو ئەو وڵاتانە کرد کە هاوبەشییان لە پرۆژە ناوکی‌یەکانی ئێران دا هەیە، سەبارەت بە پابەندنەبوونی ئێران بە پەیماننامەی پەرەپێنەدانی چەکی ناوکی، دەست بەجێ هاوکاریی خۆیان لەگەڵ ئەو وڵاتە بوەستێنن.

لەلایەکی دیکەوە "نیبتا فردو والدنێر" کۆمیسیۆنێری پێوەندی‌یە دەرەکی‌یەکانی یەکیەتیی ئورووپا گوتی: یەکیەتیی ئورووپا دەبێ پشتیوانی لە بڕیارنامەی شووڕای حاکمانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بکا کە پێشنیار دەکا پەروەندەی ئێران دەبێ لە داهاتوودا بکەوێتە بەر سەرنجی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. والدنێر هەروەها گوتی: ئێمە پشتیوانی لەم بڕیارنامەیە دەکەین. چونکە پێمان وایە دەسەڵاتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بەهێزتر دەکاو فشار بۆ سەر ئێران بە مەبەستی هەڵپەساردنی تێکۆشانی تایبەت بە چڕکردنەوەی ئورانیوم، دەپارێزێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی "اخبار روز"

## گوشاری ڕێژیم بۆ سەر خەڵکی گوندەکانی ناوچەی شنۆ

لە حەوتووی ڕابردوودا لە لایەن بەخشداریی شاری شنۆوە بە شووڕای هێندێ لە گوندەکانی ناوچەی شنۆ وەك "گوندەوێڵە" و "حەسەن نووران"و... ڕاگەیەندراوە کە ئەگەر ئەو دروشمانەی کە لەسەر قوتابخانەکان نووسراون ڕەش نەکەنەوە، ئەوانیش مامۆستا بۆ قوتابخانەکان نانێرن. بەڵام شووراکان تا ئێستا هیچ وڵامێکیان بە داخوازی‌یەکانی ئەوان نەداوەتەوە.

بە گوتەی بەخشدار ئەم بڕیارە لە لایەن ئامووزش‌و پەروەرشەوە دراوە بە فەرماندارو ئەویش داویە بە بەخشدار کە بە شووراکانی ڕابگەیەنێ. هەروەها بڕیار وایە کە فەرماندارو بەخشدار بگۆڕدرێن، هەر بۆیە فەرماندار بۆ خۆشیرین کردنو ئەوەی کە نەیگۆڕن لە کاتی خۆپیشاندانەکانی خەڵکەوە تا ئێستا زۆرتر بە گوێی گۆپاڵبەدەستەکانی خۆی دەکاو هەر ئەویش بڕیاری تەقەی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی شنۆ دابوو.

**مەریوان: ئیدارەی ئامووزش‌و پەروەرش**
## ڕێگە لە دەرس گوتنەوەی ٢٥ مامۆستای پیاو لە قوتابخانە کچانەکان دا دەگرێ

بە گوێرەی هەواڵێك کە بە دەستمان گەیشتوە حەراسەتی (پارێزگاریی) ئامووزش‌و پەروەرشی مەریوان لە لیستێك دا ناوی ٢٥ کەس لەو مامۆستایانەی کە نابێ لە قوتابخانەی کچان دا دەرس بڵێنەوە دیاری کردوە. جێی باسە کە ئەم ٢٥ کەسە لە باشترین مامۆستاکانی قوتابخانەکانی مەریوانن‌و تەنیا هۆی ئەم کارەش بە گوتەی کاربەدەستانی ڕێژیم لەبەرکردنی شەرواڵ‌و کراسی قۆڵکورت‌و هەروەها تاشینی سمێڵ لە لایەن مامۆستایانەوەیە.

مامۆستایانیش لە بەرانبەر ئەم سووکایەتی‌یەدا نارەزایەتی توندی خۆیان لە کاتی بانگ کردنیان دا دەربڕیوە.

## بە بۆنەی ساڵی تازەی خوێندنەوە

لەگەڵ دەست پێکردنی مانگی ڕەزبەردا قوتابخانەو خوێندنگەکانیش لە کوردستان‌و سەرانسەری ئێران دا دەکرێنەوو چەندین ملیون قوتابی‌و خوێندکار ڕوو دەکەنە قوتابخانەو زانکۆکان. بە دەستپێکردنی ساڵی تازەی خوێندن، فەزای شارو گوندەکان دەگۆڕێ‌و جموجۆڵێکی پیرۆزو مایەی هیواداری دەکەوێتە سەرووی جموجۆڵە کۆمەڵایەتی‌یەکانی دیکەی کۆمەڵگە.

جەوهەرو نێوەرۆکی ئەم جموجۆڵە بریتی‌یە لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری‌و پەرەپێدانی زانست یا بە گوتەیەکی دیکە ئەم جموجۆڵانە لە پێناوی نەهێشتن‌و سڕینەوەی نەزانی‌و تاریکی‌و زاڵکردنی زانست‌و ڕووناکی بەسەر بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان دان. بۆیە بە بۆنەی دەست پێکردنی ساڵی خوێندنی ١٣٨٥ ـ ١٣٨٤ بە گەرمی پیرۆزبایی لە سەرجەمی مامۆستایان‌و فێرکاران‌و تێکڕای قوتابیان‌و خوێندکاران لە کوردستان‌و سەرانسەری ئێران دەکەین. بۆ قوتابیان‌و خوێندکاران‌و هەروەها بۆ مامۆستایان‌و فێرکارەکانیان سەرکەوتن لە ئیش‌و ئەرکی پیرۆزیان دا بە ئاوات دەخوازین‌و هیواداریین بە گشتی ئەم ساڵە بە سەرکەوتنەوە ببڕن.

ئەمساڵ قوتابخانەو زانکۆکانی ئێران لە کاتێك دا دەکرێنەوە کە بە دوای یەکدەست بوونەوەی دەسەڵات‌و زاڵبوونی بە تەواوی کۆنە پارێزان‌و پاوانخوازانی کۆماری ئیسلامی بەسەر ناوەندەکانی دەسەڵات دا، خەریکە هەلومەرجێکی پۆلیسی‌و پڕ زەبروزەنگ بەسەر هەموو بوارەکانی تێکۆشانی کۆمەڵایەتی‌دا زاڵ بکرێتەوە. سەرکۆماری تازەو کابینە ئەمنییەتی‌و سەرکوتکەرەکەی‌و ناوەندەکانی دیکەی بڕیاردان لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دا، بە بیانووی جۆراوجۆر فشار بۆ سەر خەڵکیان دەست پێ کردۆتەوە. ئەوان بە ناوی بەربەرەکانی لەگەڵ فەرهەنگی ڕۆژئاوا لە ژێر پەردەی خەبات بە دژی فەسادو لادانەکان، دەیانەوێ ئەو دەسکەوتانە وەربگرنەوە کە خەڵکی ئێران بە تایبەتی خوێندکاران، لاوان‌و ژنان بە خەباتی پڕ لە قوربانیدانی خۆیان، وەدەستیان هێنابوون. دەوڵەت‌و مەجلیسی ئێستای ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، بە دوای ئەو هەموو پیلان‌و جینایەتەی پاوانخوازان‌و کۆنە پارێزان دژی بزووتنەوەی خوێندکاری‌و جووڵانەوەی ڕیفۆرمخوازی، ئێستا هەلومەرج بۆ وەشاندنی زەبری گەورەتر لە تێکۆشانی سیاسی‌و ئازادیخوازانی وڵات بە لەبارتر دەزانن. بۆیە لە هەوڵی چاوترسێن کردنی قوتابیان‌و خوێندکاران‌و زاڵکردنی فەزای سەرکوت‌و زەبرو زەنگ بەسەر زانکۆکان‌و ناوەندەکانی خوێندن دان. بەم پێیە بەربەرەکانێ گەل سیاسەتی سەرکوتکەرانەو بەرنامەو پیلانە نوێیەکانی سەرکۆمارو دەوڵەتی تازەو ڕیوشوێنەکانی مەجلیسی کۆنەپارێزان، ئەرکێکی هەرە گرنگی خوێندکاران‌و قوتابیان لە ساڵی خوێندنی تازەدایە. خوێندکاران‌و قوتابیان لەم ساڵانەی دوایی‌دا، بە خەبات‌و تێکۆشانی کۆڵنەدەرانەو یەکگرتووانە، بزووتنەوەی ئازادیخوازانەیان لە ئاستی ئێران دا چەندین هەنگاو بەرەو پێش برد. ئێستاش سەرەرای لەبەندکران‌و دەستبەسەر بوونی هەزاران مامۆستاو خوێندکاری چالاك‌و ئەم قوربانیانەی زانکۆو زانکۆیی‌یەکانی ئێران لە ڕەوتی خەباتی ئازادیخوازی‌دا پێشکەشیان کردوە، کۆمەڵانی خەڵکی ئێران هەروا چاوی هومێدیان بڕیوەتە زانکۆو قوتابخانەکان‌و چاوەڕوانن مامۆستایان، خوێندکاران‌و قوتابیانی خەباتگێڕو ئازادیخواز، نەهێڵن ئاگری بەربەرەکانێ بە دژی سەرەڕۆیی‌و دیکتاتۆری، دابمرکێ. ئێمە هەر لەو کاتەدا کە هیواداریی دەردەبڕین مامۆستایان، خوێندکاران‌و قوتابیانی ئاگاو خەباتگێڕی وڵات، شانبەشانی فێر بوون‌و فێر کردن، لەسەر خەباتی ئازادیخوازی بەردەوام بن. داوا لە خەڵکی وڵاتەکەشمان دەکەین پشتگرو پشتیوانی ڕۆڵە ئازادیخوازەکانیان بن.

**بە ئاواتی ساڵێکی پڕ دەسکەوت‌و سەرکەوتن بۆ قوتابیان، خوێندکاران، مامۆستایان‌و سەرجەمی خەڵکی وڵاتەکەمان.**

## زیاتر لە ٢ مانگ لە بەندکرانی سێ ڕۆژنامەنووسی کورد تێ پەڕی

دادستانی سنە وێڕای دەرکردنی "کیفرخواست" (داوای سزا) بۆ ئیجلال قەوامی، سەعید ساعدی‌و ڕۆئیا تلووعی، پەروەندەی ئەم سێ ڕۆژنامەنووسەی بۆ پێڕاگەیشتن ڕەوانەی دادگا کرد.

پارێزەر عەباس جەماڵی کە ئەرکی دادکۆکی لە ئیجلال قەوامی‌و سەعید ساعدیی گرتۆتە ئەستۆ، وێڕای ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵە بە هەواڵدەریی "ئیلنا"ی گوت: پاش ئەوەی لقی چواری لێپرسینەوەی دادسەرای سنە بۆ ئەم پەروەندەیە بڕیاری بە تاوانبارناسینی دەرکرد، دادستانی سنەش بۆ پەروەندەی ئەم سێ ڕۆژنامەنووسە "کیفرخواست"ی دەرکردو بۆ پێڕاگەیشتن ناردنی بۆ دادگا. پێویستە بگوترێ لقی یەکەمی دادگای شۆڕشی سنە ئەرکی ڕاگەیشتنی بەو تاوانانەی لە ئەستۆیە کە دراونە پاڵ ئەم سێ ڕۆژنامەنووسە کوردە.

ئەم سێ کەسە بە تاوانی هەنگاونان دژی ئاسایشی نەتەوەیی‌و بە دوای خۆپێشاندانەکانی ٢ مانگ لەمەوبەری شاری سنەدا گیران. ئەوان زیاتر لە ٦٠ ڕۆژە لە زیندان دان.

**ڕێگایەکی درێژ لە بەردەم تورکیە**
## دەستپێکردنی وتووێژ بۆ ئەندامەتی لە یەکیەتیی ئورووپادا

پاش چاوەڕوانی‌یەکی ٤٢ ساڵە بۆ گەیشتن بە یەکیەتیی ئورووپا، وتووێژ بە مەبەستی چوونی تورکیە بۆ نێو یەکیەتیی ئورووپا، ڕۆژی سێ‌شەممە ٤ی ئوکتۆبری ٢٠٠٥ دەستی پێ‌کرد. ئەم وتووێژانە بەپێی بڕیاری ١٧ دیسامبری ٢٠٠٤ی یەکیەتیی ئورووپا دەبوو ڕۆژی ٣ی ئوکتۆبری ٢٠٠٥ دەستی پێ کردبا. بەڵام بەهۆی پێداگرتنی وڵاتی ئوتریش لەسەر ئەو هەڵوێستە کە لە جیاتی "ئەندامەتی" پلەی "هاوبەشێتی" (شراکت) بدرێ بە تورکیە، وتووێژەکە دواکەوت. لە دوا سەعاتەکانی ڕۆژی دووشەممەدا ئوتریش لە هەڵوێستی خۆی پاشەکشەی کردو تورکیەش مەرجە نوێیەکانی بۆ وتووێژ قەبووڵ کردو بەمجۆرە زەنگی دەست پێکردنی وتووێژەکانی تورکیەو یەکیەتیی ئورووپا زرینگایەوە.

عەبدوڵڵا گوڵ وەزیری دەرەوەی تورکیە لە کاتی وەڕێ کەوتن بەرەو لوکزامبورگ (شوێنی بەڕێوەچوونی وتووێژەکان) بە هەواڵنووسانی گوت: "ئەمڕۆ گەیشتووین بە ساتێکی مێژوویی‌و تورکیە پێی ناوەتە نێو سەردەمێکی نوێوە". جەك ستراو، وەزیری دەرەوەی ئینگلیس‌و سەرۆکی ئێستای یەکیەتیی ئورووپاش، ٣ی ئوکتۆبری وەك ڕۆژێکی بە ڕاستی مێژوویی ناوبرد.

تورکیە دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٩دا بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ئابووریی ئورووپا، بە ڕەسمی داوای خۆی بۆ ئەندامەتی لە یەکیەتیی ئورووپا لە دیسامبری ١٩٩٩ هێنایە گۆڕێ.

دیارە ئەمەی ئێستا، سەرەتای ڕێگایە. ڕێگایەك کە ئورگوت ئوزال کاتی خۆی بە باریکە ڕێیەکی درێژی چواندبوو. تورکیە دەبێ لە عودەی جێبەجێکردنی یاساو ڕێوشوێنە ٨٠ هەزار لاپەڕەیی‌یەکانی یەکیەتیی ئورووپا بێتەدەر تا مەرجەکانی پێویست بۆ ئەندامەتی لە یەکیەتیی ئورووپای تێدا پێك بێ. لەم بارەیەوە "جەك ستراو"، وەبیر تورکیەی هێنایەوە کە ڕێگایەکی درێژی لەپێشەو، داوای لە سەرانی ئانکارا کرد بە دڵفرەوانی‌یەوە لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌دا ڕیفۆرم بکەن.

ماڵپەڕی: "ایران امروز"

**کۆفی عەننان:**
## خۆزگە بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراکیان نەدەخستە سەرشانی ئێمە



کوفی عەننان سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وتووێژێکی دوورو درێژ لەگەڵ BBCدا سەبارەت بەو ڕەخنانەی لەپێوەندی لەگەڵ بەرنامەی "نەوت بەرامبەر بە خۆراك"دا، لەو ڕێکخراوە گیران، گوتی: هیچ کەس لە دانوستان لەگەڵ عێراق دا "بە تەواوی خاوێن" دەرنەچووە". ئەوەشی گوت کە زۆر لایەنی ئەو کێشەیە لە دەرەوەی دەسەڵات‌و ئیختیاری وی بووە.

بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك لە ساڵی ١٩٩٠وە و لەکاتی دەستپێکردنی گەمارۆی ئابووری بۆ سەر عێراق، دەستی پێ‌کرد. بەهۆی ئەم بەرنامەیەوە ڕێگا بە عێراق درا بۆ دابینکردنی پێداویستی‌یە سەرەکی‌یە دەرمانی‌و خۆراکی‌یەکانی خەڵکی ئەو وڵاتە، بەشێك لە نەوتەکەی لەژێر چاوەدێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا بفرۆشێ. عەننان گوتی: "نەوت لە پێناوی خواردن دا، بەرنامەیەکی زیادی بوو کە داوا لە ئێمە کرا بیگرینە ئەستۆمان. ئاواتم ئەوەیە لەمەودوا هەرگیز داوامان لێ نەکرێ بەرنامەی ئەوتۆ بگرینە ئەستۆ." هەروەها گوتی: "سەرنەکەوتن، کەموکووڕی‌و هەلومەرجی وا هەبوون کە ئێمە نەمان دەتوانی بە سەریان دا زاڵ بین."

لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەو دزی‌و بەرتیلخواردن‌و فەسادی ماڵی‌یەی لە سۆنگەی ئەم بەرنامەیەدا ئەنجام دراوە، دەستەیەکی سەربەخۆ بە سەرپەرشتیی پۆل والکێر سەرۆکی پێشووی خەزانەداریی ئەمریکا کردوویانە. دیارە سکرتێری گشتی، بۆخۆی تاوانی دزی‌و بەرتیلخواردنی نەدراوەتە پاڵ، بەڵام کوڕەکەی لە ڕیزی پێشەوەی ئەو کەسانە دایە کە بە تاوانباری ئەم پەروەندەیە دەژمێردرێن.

**کانوونی نووسەرانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێك دا**
## زیندانی‌یەکانی بیروباوەڕ ئازاد بکەن

کانوونی نووسەرانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێك دا کە ڕۆژی ١٢ی ڕەزبەر بڵاو بۆوە، ئازادیی زیندانیانی بیروباوەڕی داوا کرد.

ڕاگەیەندراوی کانوون ئاماژەی بە ناسری زەرئەفشان، ئەندامی کانوونی نوسەرانی ئێران‌و پارێزەری ئازاو حەقخوازی قوربانیەکانی قەتڵە سیاسی‌یەکان (قەتڵە زنجیرەیی‌یەکان) کردوە کە بە دوای کۆتایهاتنی مانگرتن لە خواردن، بێ ئەوەی کەڵك لە مافی مەرەخەسی، بە تایبەتی مەرەخەسی بۆ عیلاجی نەخۆشی‌یەکانی وەربگرێ، هەروا لە زیندان دایە. ژمارەیەك زیندانیی بیروباوەڕی دیکە کە لەو ڕاگەیەندراوەدا ئاماژەیان پێ کراوە بریتین لە ئەکبەر گەنجی، مەسعود باستانی‌و خوێندکارانی بەندکراو. هەروەها گوتراوە نووسەران‌و ڕۆژنامەنووسانی نارازی‌و ڕەخنەگری وڵات بە تایبەتی کوردستان یەك لەوان ڕوئیا تلووعی هەر لە زیندان دان‌و هیچ هەواڵێك لە چارەنووسیان لە دەست دا نیە. کانونی نووسەرانی ئێران دڵگەرم بە پشتیوانیی خەڵك داوای لە بەرپرسانی قەزایی‌و ئەمنییەتیی وڵات کردوە بە ئازاد کردنی ئەم زیندانی‌یانە یەکێك لە گرینگترین کێشەکانی وڵات چارەسەر بکا.

# چالاکیی تبلیغاتی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان

## سنە:

مەیدانی ئێقباڵ، چوارڕێیانی سەبتی ئەسناد، بەر جیهادی کەشاوەرزی، گەڕەکەکانی قەتارچیان، تازاوا، شەریف ئاوا، تەق تەقانو نمەکی

## گوندی گەڵێن:

بڵاو کردنەوەی CD فیلمەکانی رێورەسمی ٢٥ی گەلاوێژ، فیدراڵیو وتووێژی بەڕێز کاك مستەفا هیجری لەگەڵ رادیۆ دەنگی ئامریکا (VOA)، نووسینی دروشمەکانی "بژی دێموکرات"، "قاسملوو، قاسملوو رێگەت درێژەی هەیە"و "سلاو لە شەهیدانی کوردستان"، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە مزگەوتو قوتابخانەی گەڵێن، بە جۆرێك کە دوای چەند کاتژمێر هێزی پاسگای حەسەن ئاوای سنە هاتنو هاوردیانە خوارەوە.

## شارویرانی مەهاباد

بڵاوکردنەوەی تراکتو نووسینی دروشم لەسەر دیوارەکان لەم گوندانەی خوارەوەدا:

قزڵ قۆپی، خورخورە، قەرەقشڵاق، کۆنە دێو گردی یاقوب

* شەوی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٨٤، ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە گوندی "قەرەگۆل" سەر بە ناوچەی چۆمی مەجیدخانی مەهاباد بە بۆنەی ١٣هەمین ساڵیادی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندیو هاورێیانی لە لایەن تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامییەوە کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغییان لە جۆری بڵاوکردنەوەی تراکتو CD فیلمە حیزبییەکان بەڕێوە برد.

گوندەکانی: تازەکەند، خێرئاوا، مەرجان ئاوا، جەعفەرئاوا، گردە قووڵ، سیستەك، ئەرمناك، کۆخان، رەسووڵئاوا، گەزەڵێن، گەنج ئاوا، دێی وەیس ئاغا، بەفرەوان، قەڵای حەسەنو قزقەڵا

## ناوچەی سەرشیوی سەقز

جاددەی گەورە قەڵا ـ قشلاقی پرد، جاددەی کەس نەزان ـ پرد، جاددەی مەریوان ـ حەسەن سەلارانو جاددەی سەقز ـ مەریوان (بەشی سەرشیو)

جێی باسە کە ئاڵای کوردستانیش لە جاددەی قشلاق لەسەر بەردێکی گەورە نەخشێندراوە.

## مەریوان:

### بە بۆنەی ١٣هەمین ساڵی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندیو هاورێیانی

ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە شاری مەریوان بە بڵاوکردنەوەی وێنەی رێبەرانی شەهیدو تراکتو بڵاڤۆکە حیزبییەکان لە سەرجەم شەقامەکانی شارو زۆربەی گەڕەکەکاندا، یادی رێبەری نەمر شەهید دوکتور سەعید شەرەفکەندیو هاورێیانیان بەرز راگرت. هەر بەم بۆنەوە لە چالاکییەکی تەبلیغیتردا، ئەندامانو لایەنگرانی خەباتگێڕی حیزب بە هەزاران CD فیلمەکانی رێورەسمی ٢٢ی پووشپەڕو جەژنی شەست ساڵەی حیزبو... ـەیان لە شارەکانی سنەو مەریوان لە نێو خەڵکدا بڵاو کردەوە.

## کامیاران:

شارۆچکەی بەیعەت، شەقامی ئەلەك، شەقامی ٦ی بەهمەنو زۆربەی کۆڵانەکان.

## هەوشار:

نێوشاری ساین قەڵا، ئاواییەکانی قۆزڵو، قانزالی، حاجی ئاوا، ئاغەجەو قسقۆپی

## شنۆ

بڵاوکردنەوەی وێنەی سێ رێبەری شەهید، پێشەوا قازی، دوکتور قاسملووو دوکتور شەرەفکەندیو نووسینی دروشمی حیزبیو نەتەوەیی لەم شوێنانەی خوارەوە:

ئاواییەکانی: خورشت، کانی سورك، سینگان، پووشاوێ، بێتریان، گیسەلاوێ، ئاژان دەرەو شێخان.

## بۆکان

بە بۆنەی کرانەوەی قوتابخانەکان ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە چالاکییەکی بەربڵاو بوێرانەی تەبلیغاتیدا ئاڵای کوردستان، CD فیلمە حیزبییەکان، ئارمی حیزبو وێنەی شەهید دوکتور قاسملوویان لە زۆربەی قوتابخانەکانی بۆکان لە نێو مامۆستایانو قوتابییاندا بڵاو کردەوە.

ئەو قوتابخانانەی کە چالاکیی تەبلیغاتییان تیا کراوە بریتین لە:

قوتابخانەی بەناو خومەینی (کوڕانە لە میراوا)، قوتابخانەی سەعادەت (کچانە لە میراوا)، ئەندیشە (کچانە)، ٣ی خورداد (کچانە)، ئازادی (کچانە)، فەرزانەگان (کچانە)، هونەرستانی کارودانش (کچانە)، هونەرستانی عیلمو سەنعەت (کوڕانە)، هونەرستانی موفەتیح (کوڕانە)، موجتەمەعی فەننیو حیرفەیی لە جاددەی سەد، هیجرەت (شارۆچکەی فەرهەنگیان)، ئەمیرکەبیر (کوڕانە)، شەهیدان (کوڕانە)، ئیستقلالو دەبیرستانی تەمەدون (کچانە).

* * *

# دیداری هەیئەتێکی لقی ١١ی پارتی دێموکراتی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزب

دوانیوەڕۆی رۆژی دووشەممە ١٣٨٤/٧/٤، (٢٠٠٥/٩/٢٦) هەیئەتێکی پارتی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی بەڕێز حاجی ئیبراهیم، بەرپرسی لقی ١١ی پارتیو کارگێڕانو ئەندامانی لقو بەرپرسی پێوەندییەکانی پارتی لە سنووری پشدەرو رانیە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی کردو لە لایەن بەڕێزان مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبو هاورێیان محەممەدنەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسیو محەممەد حەسەنپوور ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیو عەلی سۆرانی ئەندامی موشاویری کۆمیتەی ناوەندی پێشوازییان لێ کرا.

لەو سەردانە دۆستانەیەدا باسێکی سیاسی لەسەر رەوشی کوردستانو دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردستانو چۆنیەتی سەرهەڵدانەکانی شارەکانی کوردستانی ئێرانو ئامانجو دروشمی ئەو سەرهەڵدانانەو سیاسەتی سەرکوتی رێژیمی کۆماری ئیسلامیو کاریگەریی ئەو سەرهەڵدانە شۆڕشگێڕییە لەسەر کۆڕو کۆمەڵە سیاسییەکان خرانە بەر باس. ئەندامانی هەیئەتی پارتی هێندێکیان لە نیزیکەوە شاهیدی ئەو راپەڕینە بوونو ئاماژەیان بە دەوری چالاکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە سیاسەتو هەڵوێستەکانی حیزب کرد. لە کۆتایی ئەو دیدارەدا هەر دوولا جارێکی دیکە لەسەر دۆستایەتیو بەرینتر کردنی پێوەندییە نەتەوەییو سیاسییەکانیان پێیان داگرت.

# لە ماتەمی لە دەستچوونی مەرزیەی هونەرمەندا



مەرزیەی فەریقی هونەرمەندی گۆرانیبێژ، مەرزیەی راساو لە دابونەریتی دواکەوتووی کۆمەڵ، مەرزیەی داکۆکیکەری یەکسانی ژنو پیاو، مەرزیەی رێبواری رێگای ئازادیی نەتەوەیی کوردو مەرزیەی ئاواتە خوازی بەختیاری ئینسان بەجێی هێشتین.

مەرزیە، ئەو هونەرمەندە بەتوانایە بوو کە بە دەنگە خۆشەکەیو بە کارو تێکۆشانی هونەریو چالاکیی کۆمەڵایەتیی خۆی، ببوە نموونەی ژنێکی بوێرو رچەشکێنو سەمبولی ژنانی پێشکەوتووو یەکسانخوازی کورد، بە داخەوە لە پڕو لە ناکاوو بێوەخت بەجێی هێشتین.

بەڵام کەسانی وەك مەرزیەی فەریقی هەر بە جەستە خۆشەویستانو ئۆگرانی خۆیان بە جێ دێڵن. ژیانی پڕ لە بەرهەمی هونەریو تەمەنی کورت بەڵام تیکلاو لەگەڵ ئەو هەمووە تێکۆشانە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییە سوودمەندە، ناوو یادێکی نەمریان لە مەرزیەی خۆشەویست، دروست کردوە.

بۆ کۆچی بێوادەو دڵتەزێنی مەرزیەی فەریقی بەداخینو لە دەستچوونی بە خەسارێکی گەورە بۆ هونەرو مۆسیقای کوردیو بە کەلێنێکی دیار لە نێو داکۆکیکەرانی ئازادیی ژنی کورددا، دەزانین.

بەم بۆنەیەوە، لە قووڵایی دڵمانەوە سەرەخۆشی لە کاك ناسر رەزازی هاوسەری مەرزیە، جگەرگۆشەکانیانو کەسو کارو سەرجەمی ئۆگرانی ژنو مێردی هونەرمەند دادە مەرزیەو کاك ناسر دەکەین.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

## مەهاباد:

### خۆکوژی کەسێك لە ئاوایی قوم قەڵای

کەسێك بە ناوی خوسرەو جەلالی، کوڕی ئەحمەد جەلالی خەڵکی ئاوایی قوم قەڵای مەهاباد رۆژی شەممە ١٣٨٤/٧/٩ بە هۆی ئیعتیاد بە ماددە بێهۆشکەرەکانەوەو ناکۆکی بنەماڵەیی ئاگری لە خۆی بەرداو پاش رۆژێك لە نەخۆشخانەی مەهاباد کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. ناوبراو پاش تووشبوونی بە ئیعتیاد بەردەوام خەریکی ئازارو ئەزییەتی خەڵك بوو. جێی باسە کە رادەی خۆکوژی لە ئێرانو بە تایبەت لە کوردستان دا چۆتە سەرێو هەر لە ئاوایە قوم قەڵا لە ماوەی ٩ مانگ دا تا ئێستا سێ کەس خۆیان سووتاندوەو مردوون کە ناوی دوو کەسەکەی تر بریتین لە گوڵچین بادوزادەو ئامینە فەتاحی، کە ئەم بارووداخەش نیشانەی بێهیواییو نارەزایەتی لە ژیانو ئەم تەنگو چەڵەمە کۆمەڵایەتییانەیە کە خەڵك بە دەستیەوە دەناڵێننو لە ئاکامدا ناچارن پەنا بۆ خۆکوژی بەرن.

## مەریوان:

### کوژرانی کاروانچییەك لە لایەن هێزی بە ناو ئینتیزامیی رێژیمەوە

شەوی ١٣٨٤/٧/٦، لە گوندی "بەردە ڕەشە" سەر بە ناوچەی خاو میراوی مەریوان هێزە دژیگەلییەکانی ئینتیزامی هەڵیان کوتایە سەر کاروانچییەکانو لە تێکهەڵچوونێکدا کە لە نێوانیان دا هاتە ئاراوە کەسێك بە ناوی "محەممەدی حاجی عەلی" خەڵکی گوندی کانی سپیکە گیانی لە دەست دا کە تا گەیشتنی ئەم هەواڵە تەرمەکەیان نەداوەتەوە.

## بانە:

### کچێك بە شێوەیەکی دڕندانە لە لایەن باوکیەوە کوژرا

رێکەوتی ٨٤/٦/٣١ کەسێك بە ناوی رەئووف فەقێ مەحموودی خەڵکی گوندی تاژەبانی بانە کچەکەی بە ناوی سومەیە بەو هۆیەوە کە لە بڕیارەکانی ئەو دەرچووەو رازی نەبووە شوو بەو کەسە بکا کە ئەو بۆی دیاری کردوە، خستە ژێر ماشینەکەیو کوشتی. بە پێی زانیارییەکان ناوبراو بۆ دامرکاندنەوەی هەستی ناموسپەرستانەو کۆنە پەرستانەی خۆی سەری سومەیەشی لە لەشی جیا کردۆتەوە.

شایانی گوتنە سومەیە پێشتر لە لایەن کوڕێك کە خۆشی ویستوە خوازبێنی لێ کراوە، بەڵام باوکی نەك رەزامەندیی نیشان نەداوە، بەڵکوو وەك دژ کردەوەیەك ئەوی داوە بە کەسێکی جێی پەسندی خۆی. لەم نێوەدا سومەیە بە نیشانەی نارەزایەتی لەو بڕیارەی باوکی رەدووی خۆشەویستەکەی کەوتوە.

# رەوتی سەرکوتو فشاری رێژیم بۆ سەر کۆمەڵانی خەڵك

## مەریوان:

### داخستنی ناوەندەکانی ئینتێرنێت

بە گوێرەی پیلانێکی دارێژراو کە لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی رێژیمەوە لەشاری مەریوان بە یەکیەتیی ئەسناف راسپێردراوە، مەئموورەکانی یەکیەتیی ئەسناف هەڵیان کوتایە سەر کافینێتەکانی مەریوانو بە هێندێ بیانووی نابەجێی وەك نەبوونی مۆڵەتی کارو کەڵك وەرگرتنی نائەخلاقی لە ئینتێرنێت پێنج کافینێتیان داخست.

دیارە بەرپرسانی رێژیم چوون نەیاندەتوانی بە روونی هۆکاری خۆیان بۆ ئەم کردەوە کە ئەویش پێشگیری لە پێوەندی خەڵك بە جیهانی دەرەوەو لەقاودانی سیاسەتە دژیگەلییەکانی رێژیم لە لایەن ئەوانەوەو بە بیانووی بێ نێوەڕۆکی کەڵك وەرگرتنی نائەخلاقی لە ئینتێرنێت یان هێناوەتە ئاراوە کە ئەمەش سووکایەتی کردن بە خەڵكو لاوانی شاری مەریوانە.

## کرماشان:

ماوەیەك لەمەوپێش لە لایەن رێژیمی دژیگەلیو دژی ئازادیی کۆماری ئیسلامییەوە لە شاری کرماشاندا، ٢٣ باغ کە شوێنی بەڕێوەچوونی رێوڕەسمی شاییو زەماوەندی هاووڵاتییان بوون داخرانو، بە پێی هێندێ یاسای دواکەوتووانەو کۆنەپەرستانە لەمەوبەدواوە دەبێ لەم رێوڕەسمانەدا ژنوپیاو جیا بنو... .

جێی باسە کە پاش دەستنیشانکردنی ئەحمەدینەژاد وەك کەسێکی کۆنەپارێز بە سەرکۆماریی ئێران، بە تەواوی ئەو نەختە ئازادییەش کە خەڵکی ئێران هەبوویان بەرتەسك کراوەتەوەو رێژیم لە هەموو قوژبنەکانی ژیانی تایبەتیی خەڵك دەکۆڵێتەوەو یاسا کۆنەپەرستانەکانی خۆی بەسەر خەڵکدا دەسەپێنێو بە گومانی خۆی بەم شێوەیە دەیەوێ بەها ئەخلاقیو کۆمەڵایەتییەکان کە یەکێك لە بەرنامەکانی بەناو سەرکۆمارە، لە ئێراندا بەرێتە سەرێ.

* * *

# برووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لە گەڵ بەرەدا

هەر چەند هاوکاری و هاوهەنگاوی لە نێوان هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران هەمیشە وەك هۆیەکی بنەڕەتی بەرەو پێشچوونی ڕەوتی جوولانەوەی کورد لەو پارچەیەی کوردستان خۆی نواندوە، بەلاّم لەو دوایانەدا باس لە پێکهێنانی ئیئتلاف یان بەرەیەك لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی کورد پتر بۆتە باسی کۆڕو کۆمەڵ و لایەنە سیاسی‌یەکان. ئاشکراشە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە پێویستیی پێکهاتنی ئیئتلاف یان بەرەیەك لە نێوان هێزە سیاسی‌یەکانی کورد لە کوردستانی ئێراندا خۆی باسێکی موسبەت و پێکهاتنەکەی هەنگاوێکی گرینگە لە ڕەوتی جوولانەوەی کورددا، هێندێ کەس و لایەن هەوڵ دەدەن خۆیان بە داهێنەر و ڕچە شکێنی ئەم ڕێگایە لە قەڵەم بدەن‌ولایەنی دیکە بە خەتابارو کەمتەرخەم دابنێن.

تێگەیشتن لەو ڕاستی‌یە کە هەر ئیئتلافێك یان پێکهێنانی هەر بەرەیەك پێویستیی بە زەمینەیەکی لەبار هەیە کارێکی دژوارو پێویستی بە بۆچوونێکی سیاسیی تایبەتی نیەو ئەو زەمینەیەش شتێك نیە بێجگە لەوە کە ئەو هێزو لایەنانەی کە باس لە بەرە دەکەن و بە پێویستییێکی هەنووکەیی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانی دەزانن کەشوهەوایەکی سالم و دۆستانە بە سەر پێوەندی‌یەکانیان دا حاکم بکەن.

جیا لەوە مەبەست لە پێکهێنانی بەرە یا هەر ئیئتلافێکی سیاسیی دیکە لە ڕوانگەی ئەو هێزو لایەنانەوە کە دەیانەوێ بەرەیەك یان ئیئتلافێکی سیاسیی دیکە بە یەکەوە پێك بێنن تەنیاو تەنیا دەبێ ئەوەبێ کە هێزو تواناکانی هەموو ئەو هێزو لایەنانە بە مەبەستی خەباتێکی هاوبەش دژی دیکتاتۆری و بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بخرێنە سەر یەك و هەموو ئەو هێزو لایەنانە بە پێی بەرنامەیەکی هاوبەش بتوانن بۆ ڕوخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌و ئیدارەی کوردستان دوای کۆماری ئیسلامی هەوڵ بدەن.

ئەگەر ئەو بۆچوونە بە دروست بزانین و ئەو زەمینەیەی کە ئاماژەی پێ کرا بۆ پێکهاتنی بەرە یا هەر ئیئتلافێکی سیاسیی دیکە بە پێویستیی هەنووکەیی دابنێین، ئەودەم دەبێ ئەم پرسیارە بکەین کە ئایا زەمینەیەکی لەباری ئەوتۆ بۆ پێکهێنانی بەرە لە ئارادایە؟ ئایا کەشوهەوایەکی بە ڕاستی سالم و دۆستانە بە سەر پێوەندی‌یەکانی هەموو هێزو لایەنە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران دا حاکمە؟ ئایا هەموو بە یەك مەبەست دەڕواننە پێکهاتنی بەرەو لەو پێوەندی‌یەدا تەنیا قازانج و بەرژەوەندیی کوردو بزوتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانیان لەبەرچاوە، یان بە دوور لەوە تەنیا بە مەبەستی دیکەی وەك قازانج و بەرژەوەندی تەسکی ڕێکخراوەیی مەسەلەیەکی لەو بابەتە تاقیب دەکەن؟

لە کەس‌و لە خودی ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێرانیش شاراوە نیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بێ لەبەرچاوگرتنی بیروباوەڕی ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران‌و چەندو چۆنیی ئەو هێزانە لە گەڵ هەموان پێوەندی‌یەکی سالم و دۆستانەی هەیە. تەنانەت لە گەڵ هەر کامیشیان کەم و زۆر جۆرە هاوکاری‌یەکیشی لە بواری جۆراوجۆردا هەبووەو هەمیشەش پێی لە سەر ئەوە داگرتوە کە ئەم پێوەندی‌یە دۆستانەیە، دۆستانەتر، قووڵتر و پەرەگرتووتر بکا. لە گەڵ هیچ کام لەو هێزانەش دەنگ دابڕین و تەحریمکردنی نیە. مەبەستیشی لە پێکهێنانی بەرە یا هەر ئیئتلافێکی دیکە تەنیاو تەنیا قازانج و بەرژەوەندی کوردو یەکگرتوویی و هاوخەباتیی هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران بووەو بە دوای ئەوەدا نەکشاوە خۆی لە ڕێگای ئەم ئیئتلاف یان بەرەوە دەربخا یان لەم ڕێگایەوە ئیعتبارێکی زیاتر وە دەست بێنێ و لە ڕاستیش دا پێویستیی بەوە نیە.

کەوابوو ئەو نیاز پاکی‌یەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەو پێوەندی‌یە سالم و دۆستانەیەی کە لە گەڵ هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان هەیەتی، ئەو دەرەتانەی بۆ ڕەخساندوە کە بۆ پێکهاتنی ئیئتلاف یان بەرەیەك لە هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران کە خۆی جۆرێك یا بڵێین شکڵێکی پەرەگرتووی پێوەندی‌یەکانی ئێستایەتی شوێندانەر بێ. هەر لەو پێوەندیەدا بووە کە زیاتر لە ٨ ساڵ لەمەو بەر گەلاڵەی هاوکاری بۆ هێزە سیاسی‌یەکان ناردو لەو کاتەوە تا ئێستا بەردەوام نەك بە بانگەوازو کاری تەبلیغی بەڵکوو بە کردەوە و دیالۆگ و دانیشتن لە گەڵ ئەو هێزانە هەوڵی داوە زەمینەیەکی لەبار بۆ گەیشتن بە ئیئتلاف و سەرەنجام بەرەیەك بڕەخسێنێ. بەلاّم داخوا هێزەکانی دیکەش هەرکام خاوەنی پێوەندی‌یەکی سالم و دۆستانە لە گوێن ئەوەی کە حیزبی دێموکرات لە گەڵ هەموانی هەیە، هەن؟

شاراوە نیە کە بە داخەوە فەزایەکی سالمی ئەوتۆ لە نێوان باقیی هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران دا پێك نەهاتوە کە بتوانێ بێ گیروگرفت هەموان لە ژێر چەتری ئیئتلافێك یان بەرەیەك دا کۆ بکاتەوە. نە تەنیا ئەوە بەڵکوو ئامادە نین بۆ باس لە سەر مەسەلەیەکی بچووکتر لەوەش، دانیشتنی هاوبەشیان هەبێ. هەر بۆیەش بێجگە لە یەکیەتیی شۆڕشگێرانی گەلی کوردستان، هەر لایەك ئامادەیە بە تەنیا لە گەڵ حیزبی دێموکرات ئیئتلاف بکا یان بەرەیەك پێك بێنێ، بەلاّم لە گەڵ جەمعێکی زیاتر و بەرەیەکی بەرینتر ڕووی خۆش نیشان نادا. ئەوەش لەحالێك دایە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بڕوایەدایە کە چەندی بکرێ هێزی زیاتر لەو یەکگرتنەدا بەشدار بێ.

لە وەزعێکی وەهادا چۆن دەکرێ لایەنێك چاوەڕوان بێ بە بلاّوکردنەوەی بانگەوازێك هەموان بە دەنگی‌یەوە بچن؟

ئێستا بە خستنە ڕووی ئەم ڕاستییانە، بە ڕاستی دەکرێ بڵێین زەمینە بۆ پێکهێنانی بەرەیەك لە هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران ئامادەیە؟! دەکرێ بڵێین بە بێ ڕەوینەوەی ئەم تەمومژەی کە بە سەر پێوەندیی نێوان هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێراندا زاڵە هەروا بە خێرایی بەرەیەك پێك دێ؟ دەکرێ لەو بڕوایەدا بین کە بەبێ بەیەکەوە بوون و بە یەکەوە دانیشتن و ڕاوێژکردنی جەمعی دەتوانین بەرەیەك پێك بێنین کە ئەو بەرەیە زەمینەی لەبار بۆ پێوەندیی دۆستانە لە نێوان هێزە سیاسی‌یەکاندا پێك بێنێ؟! یا بە پێچەوانە دەبێ پێوەندی‌یەکان لانی کەم ئاسایی بکرێنەوە، زەمینەی لەبار پێك بێ و لە سەر ئەو زەمینە لەبارەو لەو کەشوهەوا دۆستانەیەدا بەرە یان ئیئتلافێك پێك بێ؟

ئەگەر ئەو ڕاستی‌یە بخەینە ڕوو کە لە ڕۆژانی سەرەتای سەرهەڵدان و ڕاپەڕینە بەشکۆکەی ئەم دوایانەی خەڵکی کوردستان لە هەموو شارەکان دا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی ئەو پێوەندی‌یە دۆستانەیەدا کە لە گەڵ هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران هەیەتی، نامەیەکی بۆ هەموو ئەو هێزانە ناردو داوای کرد کە دانیشتنی جەمعی و چەند قۆڵی بکەین و لە پێوەندی لە گەڵ ئەم حەرەکەتە ئیعتڕازییانەدا هەڵوێستی هاوبەش و هاوکاریی پێویستمان هەبێ‌و جیا لە یەکیەتیی شۆڕشگێرانی گەلی کوردستان باقیی هێزەکانی دیکە وەلاّمی ڕەدیان دایەوە، بە هاسانی دەتوانین وەلاّمی ئەم پرسیارانەی سەرەوە بدەینەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە باوەڕی بە یەکگرتن و هاوکاریی هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران هەبووە، بەلاّم بە واقیعبینی‌یەوە ڕوانیویەتە مەسەلەکان**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە باوەڕی بە یەکگرتن و هاوکاریی هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران هەبووە بەلاّم بە واقیعبینی‌یەوە ڕوانیویەتە مەسەلەکان و باس لە بەرەو هەر ئیئتلافێکی دیکەش نە بۆ تەبلیغ و خۆ پێوە ڕانان بەڵکوو هەر لە چوارچێوەی ئەو واقیعبینی‌یەدا سەیر دەکا.

لە گەڵ هەموو ئەو وەزعەش‌دا پێویستیی هاوکاری‌و یەکگرتنی هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران ئەوەندە ڕوون و ئاشکرایە و ئەوەندە گرینگ و پڕ بایەخە کە ناکرێ و نابێ گیروگرفت و کۆسپەکان تا سەر ڕێگایان پێ بگرن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو باوەڕەدایە کە بۆ گەیشتن بەم مەبەستە گرینگە نابێ بە تەواوی ناهومێد بین، بەلاّم دەبێ هەوڵ بدرێ کۆسپەکان لە سەر ڕێگا لابردرێن، زەمینە لەبارە کە بە ئاسایی بوونەوەی پێوەندیی نێوان هێزەکان پێك بهێندرێ.

کەوابوو لە جیاتیی ئەوەی لە سەرێ ڕا بۆ خوارێ دەست پێ بکەین، لە خوارەوە بۆ سەرێ دەست بە کاربین، پێوەندی‌یەکان ئاسایی بکرێنەوەو دەورێك لە هاوکاری و پێوەندیی دۆستانەی هەر لایەنێك لە گەڵ باقیی لایەنەکانی دیکە تەجروبە بکرێ.

ئەگەر ئەو ڕەوتە بگرینە بەر، ئەو ئەرکانە بەجێ بگەن‌و واقعییەتەکان بەمجۆرە کە هەن لە بەرچاو بگیرێن دەتوانین بڵێین بەرە بەرە، بەرەو پێکهێنانی ئیئتلاف یان بەرە چووین‌و دڵنیا بین کە هەر ئیئتلافێك یان بەرەیەك لە سەر زەمینەیەکی لەباری لەو بابەتە پێك بێ بەردەوامترو شوێندانەرتر دەبێ‌و بە پێچەوانەش بەرەیەکی بێ زەمینە ئەگەر پێکیش بێ لە گەڵ مەترسیی لێك هەڵوەشان بەرەو ڕوو دەبێ و ئەمەش کەم هیوایی کۆمەلاّنی خەڵکی بە بەرە بەدوادا دێ.

١٣٨٤/٧/٥ (٢٠٠٥/٩/٢٧)

# هەوڵی هاوبەشی دیپلۆماسی

**عەباس ئەحمەدی**





هاتنەسەرکاری ئەحمەدی‌نەژادو کابینە نیزامی ـ ئەمنییەتی‌یەکەی لە هەلومەرجێکدا بوو کە دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ قەیرانی متمانە لە ئاستی نێودەوڵەتی‌و لە نێو بیرورای خەڵکی جیهاندا بەرەوڕوو بوو, بەتایبەت سەبارەت بە مەسەلەی ئەتۆمی کە وتووێژەکانی نێوان سێ وڵاتی فەرانسەو ئەڵمان‌و ئینگلیس لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە ماوەی نزیك بە دوو سالی رابردوودا رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر تووشی ئاستەنگ دەبوون.

بە دەسەڵات گەیشتنی ئەحمەدی‌نەژاد کە تاوانبارە بەوەی کە دەستی لە داگیرکردنی بالوێزخانەی ئەمریکا لە تاران‌و تیرۆری رێبەرانی ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی، وەك دوکتور "عەبدولڕەحمان قاسملوو"دا هەبووە, لە هەلومەرجێك دایە کە:

١ـ دنیا بەدەستی تیرۆریزمەوە گیرۆدەیەو تەقینەوەکانی ئەم دواییەی ئۆرووپا بیرورای خەڵك‌و رێبەرانی ئۆرووپایی بۆ لای پشتیوانی لە خەبات دژی تیرۆریزم‌و پێشگیری لە بەدەسەڵات گەیشتنی تیرۆریستان لە هەر نوختەیەکی دنیادا کە بێت ئامادە کردوەو هانی داوە.

٢ـ لە لایەکی دیکەوە بووش لە دەوری دووهەمی سەرۆك کۆماریی خۆی‌دا بۆ بە بنبەست گەیاندنی دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامی کە پێشتر بە یەکێك لە سێ کوچکەی تەوەری شەڕی ناو برد بوو, هەوڵێکی بەرچاوی داوە.

ئەمەش شك‌و گومان‌و ئەگەری لە پێوەندی لەگەڵ پەرەگرتنی کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ پشتیوانیکردن لە تیرۆریزم, هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ, بەتایبەت چەکی ناوکی, تەگەرە خستنە بەردەم ئاشتیی فەلەستین‌و ئیسرائیل‌و پێشیلکردنی زیاتری مافی مرۆڤ لە نێوخۆی وڵات‌و لای ئۆرووپایی‌یەکان زۆرترکردو گەیاندیە ئاستی یەقین. بۆ وێنە وەزیری دەرەوەی فەرانسە لە حالێکدا رای‌گەیاند کە "هیوادارین کاربەدەستانی تازە هەڵبژێردراوی ئێران بەو کردەوانەی کە ئێمە ئۆرووپایی‌یەکان بە مەبەستی راگرتنی تێکۆشانی ناوکی دەستمان پێ‌کردوە، درێژە بدەن" کە حەوتوویەك پێشتریش رای‌گەیاندبوو کە: "هاریکاریی ناوکیی ئۆرووپاو ئێران لە ژێر کاریگەریی ئاکامی هەڵبژاردنەکاندا دەبێ", هەروەها لە نێو گۆڤارو بلاّوکراوەکانی ئۆرووپاش‌دا بە گومان‌و دڵەڕاوکێوە چاو لەو هەڵبژاردنە کراوەو تەنانەت حەوتوونامەی "ئێشپیگل" بە هاتنەوەی دووبارەی خومەینی ناوی برد.

لە هەلومەرجێکی وەهادا ئۆرووپایی‌یەکان چاوی هیوایان بڕیبووە قسەکانی ئەحمەدی‌نەژاد لە کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا کە لە ماوەی چەند رۆژدا رێبەرانی کۆماری ئیسلامی پڕۆپاگەندەیەکی زۆریان کردبوو کە سەرۆك کۆماری ئێران گەلاّڵەیەکی تازە پێشکەش دەکا, بەلاّم ئەحمەدی‌نەژاد زۆر بە توندی پشتیوانیی لە هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی کردو، تەنانەت هەڕەشەی لە وڵاتانی ئۆرووپایی‌و ئەمریکا کردو رای‌گەیاند کە ئامادەیە وڵاتانی دیکەی ئیسلامییش بە کەرەستەی ناوکی تەیار بکا. لێرەدایە کە خاڵی کۆتایی لەسەر پشتیوانیی وڵاتانی ئۆرووپایی بە تایبەت فەرانسەو ئینگلیس‌و ئەڵمان لە کۆماری ئیسلامی دانراو ئەم وڵاتانە لە سیاسەتی ئەمریکا بۆ ناردنی پەروەندەی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی بۆ شوورای ئەمنییەتی نەتەوەیەکگرتووەکان بە راشکاوی پشتیوانییان کردو پێوەندی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ یەکیەتیی ئۆرووپا چوونە قۆناغێکی قەیراناوی‌و ئاڵۆزەوە. بەلاّم چەند شتێك لەو قۆناغەدا بوونە هۆی ئەوە کە پەروەندەی کۆماری ئیسلامی نەڕواتە شوورای ئەمنییەت کە بریتی بوون لە:

١ـ هەڵکشانی چاوەڕوان نەکراوی نرخی نەوت بە چەشنێك کە ئابووریی جیهان لە هەلومەرجێکی ئاوەهادا بەرگەی قەیرانی گەمارۆی کۆماری ئیسلامی ناگرێ‌و وڵاتانی رۆژئاوا تووشی کەمیی لە رادەبەدەری وزە دەکا.

٢ـ ناوچەکە ئێستا بەدەست هێندێ قەیرانی گەورە وەك کێشەی فەلەستین‌و ئیسرائیل‌و شپرزەیی وەزعی عێراقەوە دەناڵێنێ‌و، وڵاتانی رۆژئاوایی پێیان خۆش نیە لەوە زیاتر تووشی قەیران بێ.

٣ـ وڵاتانی چین‌و رووسیە بەرژەوەندی‌یەکی ئابووریی بەرفراوانیان لە ئێراندا هەیەو ئەگەری ئەوە کە لە کۆبوونەوەی ٢٤ی سێپتامبر شوورای حوکام‌دا بەرامبەر بە ناردنی پەروەندەی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنگی موخالیف بدەن یان ئەگەر بڕواتە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مافی ڤێتۆی خۆیان بۆ پێشگیری لە گەمارۆدانی ئێران کەڵك وەرگرن، زۆر بوو, بۆیە ئۆرووپایی‌یەکان پاش چەند رۆژ بەدوا خستن‌و چەندین دانیشتن لەگەڵ چین‌و رووسیەو هێند بەو ئاکامەی گەیشتن کە لە بریارنامەیەك‌دا لەم قۆناغەدا کۆماری ئیسلامی بە پێشێلکردنی پەیمانە نێودەوڵەتی‌یەکان تۆمەتبار بکەن تاکو زەمینەی یاسایی ناردنی پەروەندەی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەوەیەکگرتووەکان خۆش بکەن کە لە ئاکام‌دا شوورای حوکامی ئاژانسی ئەتۆمی لە کۆتایی رۆژی ٢٤ی سێپتامبری ٢٠٠٥ (١٣٨٤/٧/٢) لە بریارنامەی ژمارە Gov/70/2005ی خۆی‌دا کۆماری ئیسلامیی بە پێشیلکردنی بریارە نیودەوڵەتی‌یەکان تاوانبار کردو داوای کرد کە ئێران بە زووترین کات کاری USFی ئیسفەهان راگرێ‌و ئیجازە بە پشکنەرانی ئاژانس بدا کە لە هەر شوێنێ کە بیانهەوی بازرسی بکەن.

لەم قۆناغەدا تا دانیشتنی مانگی نۆڤامبری شوورای حوکامی ئاژانسی ئەتۆمی چاوەڕوان دەکرێ هەوڵێکی هاوبەشی دیپلۆماسیی لە لایەن ئەمریکاو ئۆرووپاوە بۆ رازیکردنی وڵاتانی بێ‌لایەن (غیر متعهد)و هەروەها چین‌و رووسیە بە مەبەستی ناردنی پەروەندەی ئێران بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بێتە ئاراوە کە دیارە یەکەم هەنگاوی ئەم هەوڵانە خۆی لە چاوپێکەوتنەکانی نێوان رێبەرانی ئەمریکاو ئۆرووپا لەگەڵ رێبەرانی چین‌و رووسیە لە قەراغ کۆبوونەوەکانی کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەستی پێ‌کرد کە بوو بە هۆی ئەوەی چین‌و رووسیە کە لە پێش‌دا هەردووکیان دژی دەرکردنی هەر چەشنە بریارێکی دژی کۆماری ئیسلامی بوون لە دەنگ وەرگرتنی شوورای حوکامی ئاژانسی نێونەتەوەیی ئینرژیی ئەتۆمی‌دا بێ‌لایەن بمێننەوە. بە سەرنجدان بەو ئەهرۆمانەی فشار کە ئەمریکاو ئۆرووپا لە بەردەستیان دایە، چاوەڕوان دەکرێ بتوانن تا دانیشتنی مانگی نوامبر ئەو لایەنانە کە گرنگترینیان چین‌و رووسیەن رازی بکەن بۆ ئەوەی کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی داخوازەکانی ئاژانس قبوول نەکا پەروەندەی ئەو وڵاتە بڕواتە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان. بۆ وێنە لە پێوەندی لەگەڵ چین‌دا ئەو وڵاتە لەگەڵ گرفتی تایوان‌و تەببەت‌و کێشەی گرووپە ئایینی‌یەکان‌و مافی مرۆڤ لە نێوخۆو کێشەی دیتنەوەی بازار بۆ بەدەستهێنانی کەرەستەی خاوو فرۆشی بەرهەمە پیشەسازی‌یەکانی بەرەورووبەو لەم قۆناغەدا بە هیچ شێوەیەك ئامادەیی ئەوەی نیە کە بڕواتە قۆناغی بەرانبەر یەك راوەستان لەگەڵ ئۆرووپاو ئەمریکاوە, هەروەها لە دیکۆمێنتەکانی "بەرگری نەتەوەیی چین"دا کە لە لایەن رێبەرانی ئەو وڵاتەوە بلاّوکراوەتەوە، هاتوە کە "ثبات" بنەمای سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە دەبێ و هەوڵی ئەو وڵاتە ئەوەیە کە بە سەرنجدان بە هاوکێشەکانی دەسەڵات لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا بە شێوەی هاوکاری و ململانەیەکی پۆزێتیڤ لەگەڵ باقیی هێزەکان عەمەل بکا. رووسیەش بە دەست هیندێ گرفتی نێوخۆیی و دەرەکی‌یەوە وەك کێشەی چچێن, مافی مرۆڤو دیمۆکراسی‌یەوە گیرۆدەیەو ئەو کێشانە وەکوو ئەهرۆمی فشار بۆ سەر ئەو وڵاتە کار دەکەن. سەرەرای ئەوەش رووسیە لەگەڵ ئەمریکا لە فێوریەی ٢٠٠٥دا رێکەوتننامەیەکی ئەمنییەتیی لە پێوەندی لەگەڵ کاروباری ناوکی‌دا مۆر کردوە, کۆی ئەو فشارانە، بوونە هۆیەك کە وەزارەتی دەرەوەی رووسیە لە راگەیەندراوێکدا داوای لە ئێران کرد بە تەواوی لەگەڵ ئاژانسی ئەتۆمی هاوکاری بکا.

لە بەرامبەر هەڵویستی هاوبەشی ئۆرووپا و ئەمریکا و لە ئاکام‌دا ئیزۆلە بوونی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا، رێبەرانی ئەو رێژیمە دەستیان لە سیاسەتە چەوتەکانی خۆیان هەڵ نەگرتەوەو دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی دیسانیش بنەمای ستراتێژیی ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی پێك دەهێنێ. ئەوە لە حالێك دایە کە سەرچاوەی گرفتی ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی نەبوونی مەشرووعییەتی ئەو رێژیمە لە ئاستی نێوخۆو دەرەوە دایە. لەو پیوەندی‌یەدا وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە راگەیەندراوێکدا ئەو بریارنامەیەی شوورای حوکامی رەد کردەوەو رای‌گەیاند کە:" ئەگەر لە بریارنامەکەدا چاکسازی نەکرێ یان بۆ جێبەجێکردنی پێ‌داگرن, کۆماری ئیسلامی بە ناچار تەواوی ئەو ئیمتیازگەلەی کە بە شێوەی دڵخوازو کاتی داوێتی ـ وەك جێبەجێ کردنی بێ پەسندی پرۆتۆکۆلی "هاوپێچ" ـ هەڵ دەوەشێنێتەوە." هەروەها مەجلیسی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی ئەو بریارنامەیە تەرحێکی یەك فۆریەتیی پەسند کرد کە دەوڵەت ناچار دەکا, تا کاتێك کە مافی کۆماری ئیسلامی بۆ دەستراگەیشتن بە چەرخەی سووخت دابین نەکرێ لە جێبەجێ کردنی پرۆتۆکۆلی "الحاقی" دەست راگرێ.

❊❊❊

# ئێران لە گەڕانەوە بۆ کۆنە پەرستیو بناژۆخوازیدا

رامبود لوتفپووری

یەکێك لە بنچینە سەرەکی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی رادیکالیزمی دینیو گەڕانەوە بۆ بنەما سەرەکییەکانی ئیسلام بوو کە هانی دەدا بۆ سەقامگیرکردنی بنەما ئیسلامییەکان لە ئێرانو ناردنە



دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی. ئەم سیاسەتە واتە بە تەوەرکردنی ئیسلام لە داڕشتنی سیاسەتو رەتکردنەوەی هەرچەشنە پێوەرو بایەخێکی رۆژئاواییو پاراستنی گیانی شۆڕشگێڕی (بەو چەشنەی کە کۆماری ئیسلامی تەعبیری لـێ‌دەکا) تا کاتی مردنی خومەینی بەتوندی بەڕێوەدەچوو، پاش مردنی خومەینیو هاتنەسەرکاری تێکنۆکراتەکان بە سەرکۆماری رەفسەنجانی، رێژیم سیاسەتی تەعدیلو بەتایبەتی‌کردنی ئابووریی گرتەبەرو رووی لە سەرمایەداری کرد. بەڵام ئەم سیاسەتە بە هۆی ئەولەوییەتبەندیی نادروستو لاوازی کەرتی تایبەتو نائامادەییو ناهاوئاهەنگی دەزگاکانی رێژیم، جگە لە قووڵترکردنەوەی کەلێنو جیاوازیی چینایەتیو پەرەسەندنی گەندەڵیی سیاسیو ئابووری شتێکی ئەوتۆی لـێ‌نەکەوتەوە کە ئەمەش بوو بە هۆی گەورەتربوونەوەی کەلێنی نێوان خەڵكو دەسەڵاتو تووشبوونی رێژیم بە قەیرانی ئایدۆلۆژیكو دوورکەوتنەوەی لە ئامانجەکانی سەرەتای شۆڕش. ئەم رەوتە پاش هەڵبژاردنی ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ی هەتاویو هاتنەسەرکاری ریفۆرمیستەکانی نێودەسەڵات، لایەنی سیاسیشی گرتەوەو بە هێنانە ئارای هەندێك چەمكو دروشمی وەك: دێموکراتیزاسیۆن، کۆمەڵگای ژیاری، یاساسەروەریو... رێژیم ئەوەندەی دیکە لە بنەماکانی خۆی دوورکەوتەوەو

**ئەگەرچی گەڕانەوە بۆ سەرەتا ئەویش بەپێچەوانەی شەپۆلەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، سیاسیو ئابووری گەلێك دژوارو کوشندەیە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بنەما ئایدۆلۆژیکیو نەگۆڕەکانی کۆماری ئیسلامیو ئەو راستییەی کە ئەم گۆڕانانە رێژیمیان لە نەماو نێوەرۆکی خۆی بەتاڵ دەکرد تا رادەیەکی زۆر چاوەڕوانکراو بوو.**

باس لە هەندێك نۆرمو بایەخی رۆژئاوایی دەکرا. ئاکامی ئەم رەوتەش لەبەر ناتەبابوونی ئەم چەمکانە لەگەڵ پێکهاتەی ئایدۆلۆژیکیو ئیسلامیی کۆماری ئیسلامیو سەرنەکەوتووبوونی ریفۆرمیستەکان لە جێبەجێ‌کردنی دروشمو سیاسەتەکانیاندا تەنیا سەرهەڵدانی نەوەیەکی دابڕاو لە رابردووو بێ‌پرۆژە بۆ داهاتووو نامۆ لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی شۆڕش بوو، کە بە هیچ شێوەیەك لە ساتەکانی قەیراندا بۆ رێژیم مۆبیلیزە نەدەکران. بە گشتی لەم سەردەمەدا سیستمی ئابووریی ئێران لە نێوان دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو گەشەی ئابووری (بازاڕی ئازاد)و سیستمی

سیاسییش لە نێوان دێسپۆتیزمی دینیو دێموکراسی‌دا بە هەڵواسراویو سەرلێشێواوی مابۆوە. لە باروۆخێکی وادا رێژیم بە لەبەرچاوگرتنی گوشارە نێوەکیو دەرەکییەکان، سیاسەتی گەڕانەوە بۆ ئابوورییەکی کۆنترۆڵکراوو پێکهاتەیەکی داخراوی سیاسیو رادیکالیزمی ئیسلامی گرتەبەر، بەو هیوایە کە بتوانێ بەسەر ئەو ئاڵۆزییانەدا سەرکەوێ.

شایانی باسە کە ئەم ئاڵۆزییانە تەنیا بواری ئابووریو سیاسی‌یان نەدەگرتەوە، بەڵکوو لە بواری کەلتووریو کۆمەڵایەتیشدا کۆمەڵگای ئێرانیان تووشی هەندێك سەرلـێ‌شێواویو ئاڵۆزی کرد. بازاڕی ئازاد، سەرمایەداری، دێموکراسی، کۆمەڵگای ژیاریو مۆدێرنیتە کە بەرهەمی هزری رۆژئاوایی بوون، کۆمەڵێك ئاکامو دیاردەی کەلتووریو کۆمەڵایەتیشیان لەگەڵ خۆیان هێنا، کە هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ئازادیی رادەربڕینو ئازادیی ژنانو لاسایی‌کردنەوەی ئاکارو رەوشتی رۆژئاوایی لە نموونە بەرچاوەکانی بوون. پەرەسەندنی کەلتوورو نۆرمو بایەخە رۆژئاوایی‌یەکان کە پارادۆکسێکی زەقی لەگەڵ بنەما ئایدۆلۆژیکییەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا هەبوو، زەبرێکی بناغەڕمێنی لە کۆماری ئیسلامیو ژێرخانە ئایدۆلۆژیکەکەی دەدا، ئەمەش لە خۆیدا بوو بەهۆی وەخۆکەوتنەوەی دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ رێگرتن لەم رەوتەو گەڕانەوە بۆ بنەما ئایدۆلۆژیکەکانیان. ئەگەرچی گەڕانەوە بۆ سەرەتا ئەویش بەپێچەوانەی شەپۆلەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، سیاسیو ئابووری گەلێك دژوارو کوشندەیە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بنەما ئایدۆلۆژیکیو نەگۆڕەکانی کۆماری ئیسلامیو ئەو راستییەی کە ئەم گۆڕانانە رێژیمیان لە بنەماو نێوەرۆکی خۆی بەتاڵ

دەکرد تا رادەیەکی زۆر چاوەڕوانکراو بوو.

### کۆماری ئیسلامی، سیاسەتی سەرکوتو زاڵکردنی کەشوهەوای پۆلیسی:

داخستنی کەشوهەوای سیاسیی ئێرانو توندکردنەوەی کونترۆڵـی سیاسیو کۆمەڵایەتی پاش ئەوەی کە خەڵکی ئێران ماوەیەك لە کرانەوەیەکی رێژەیی کەشوهەوای سیاسییان تاقی کردۆتەوە بەبێ زەبروسەرکوتو بەکارهێنانی زۆر جێبەجێ نەدەبوو. پەرەئەستاندنی رەوتی سەرکوتی ئازادیخوازانو جیابیران، داخستنی رۆژنامەو گۆڤارەکان، مۆنۆپۆلکردنی راگەیاندن، کەڵکوەرگرتن لە سیاسەتی هەڕەشەو تۆقاندن، بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ژنانو لاوانو تەنانەت تیرۆری جیابیران کردەوەگەلێکن کە پاش هاتنەسەرکاری ئەحمەدی نەژاد لە کۆماری ئیسلامی دەبینرێنو چاوەڕوان دەکرێن.

نموونە هەرەبەرچاوەکانی ئەم راستییەش سەرکوتی نامرۆڤانەی راپەڕینی ئەم دواییانەی خەڵکی کوردستان، گرتنو کوشتنی ئازادیخوازانو تێکۆشەرانی ئێرانو بەتایبەت کوردستان، داخستنی گۆڤارو رۆژنامە بەتایبەت کوردییەکان، بەرتەسککردنەوەی ئازادیی لاوانو ژنان تەنانەت لە شێوازی پۆشینی جلوبەرگو... هتددا.

### ئاکامی ئەم سیاسەتە:

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم راستییە کە کۆمەڵگای ئێران تووشی دابڕانێکی گەورەی کەلتووریو کۆمەڵایەتی بووەو ژێرخانە هزریو باوەڕییەکانی خەڵك گۆڕانێکی قووڵیان بەسەردا هاتوە، بە زۆرەملی لە هەوڵـی گێڕانەوەی ئاوی رۆیشتوودان. کۆمەڵگای ئێران تا رادەیەکی زۆر لە ژێر باندۆری بەجیهانیبوونو شۆڕشی ئینفۆرماتیك دا


سەرکوتی خۆپیشاندانی خەڵك لەلایەن هێزە دژی گەلی‌یەکانی رێژیمەوە

**دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە تەمای لەمپەرکردنی ئەو رووبارە بەلرفەیەن کە شەپۆلەکانی سەرتاسەری جیهانی گرتۆتەوە، دەیانەوێ لە جیهانی ئەمڕۆدا کە وەك گوندێکی لـێ‌هاتوە، دوورگەیەك لە وەستانو دواکەوتوویی پێك بێنن.**

لە بنەما باوەڕیو ژێرخانە کەلتوورییە نەریتییەکانی خۆی دوور کەوتوەتەوەو، لە قۆناغی دەربازبوون بۆ مۆدێرنیتەدا رووی لە نۆرمو بایەخە رۆژئاوایی‌یەکان کردوە کە لە عەقلانییەتی رەخنەگرانەوە سەرچاوە دەگرن. بۆیە بیری مرۆڤی ئێرانی کە پێشتر تەنیا لە هزرێکی ئاسمانیی رۆژهەڵاتییەوە ئاوی دەخواردو ئێستا دەستی بە هزرێکی زەوینیی رۆژئاوایی راگەیشتوە کە بڕوای بە هێماو بنەما نەگۆڕو پیرۆزەکان کەم بۆتەوەو زانستو عەقلانییەت خەریکە ببێتە پێوەرو بنەمای سەرەکیی ئاکار، رەوشتو تێگەیشتنو پێکهاتەی کۆمەڵگا لەسەر ئەو بنەمایانە دادەڕێژێ.

رەوتی پەرەئەستاندنی ئەم دیاردەیە بۆتە هۆی دروستبوونی قەیرانێکی گەورەی سیاسیو کۆمەڵایەتی لە ئێران دا کە لە راستی‌دا ئاکامی ئەو ناتەباییە زەقەیە کە لە نێوان ژێرخانە نەریتی‌یەکانی بیری ئێرانیو بنەما مۆدێرنەکانی بیری رۆژئاوایی‌دا بەدی دەکرێ. ئەم قەیرانە لە ئاستی سیاسیو دەسەڵاتدا زۆرتر رەنگی داوەتەوە، بە شێوەیەك کە دەسەڵاتی نەریتیو ئایدۆلۆژیکیی ئاخوندەکان کە بە تەواوی پشتی بە بنەما نەریتیو ئایینییە ئیسلامییەکان بەستوە، رەوتی پەرەئەستاندنی ئەم گۆڕانە نەك هەر بە قازانجی خۆی نابینێ بەڵکوو راست بە رووخێنەرو تێکدەری بنچینەکانی رەوایی دەسەڵاتەکەی دەزانێ، بۆیە بە کۆکردنەوەی هێزەکانیو بە زۆرەملی لە هەوڵـی رێگرتن لەم گۆڕانەدایە. بە واتایەك دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە تەمای لەمپەرکردنی ئەو رووبارە بەلرفەیەن کە شەپۆلەکانی سەرتاسەری جیهانی گرتۆتەوە، دەیانەوێ لە جیهانی ئەمڕۆدا کە وەك گوندێکی لـێ‌هاتوە، دوورگەیەك لە وەستانو دواکەوتوویی پێك بێنن.

بەڵام ئەوەی راستی بێت ئەم رەوتی گۆڕانە نە رادەوەستێو نە دەش گەڕێتەوە، بەڵکوو ئەوە کۆماری ئیسلامییە کە بە تەواوەتی رەوایی خۆی لە ئاستی نێوخۆو دەرەوەدا دۆڕاندوەو بۆتە بوونەوەرێکی نارێكو ناتەبا لە جیهانی ئەم سەردەمەداو هیچ ئاکامێك جگە لە نەمانو لەنێوچوونی بۆ چاوەڕوان ناکرێ.

❊❊❊

## راگەیەندراوی هاوبەش

# گێچەڵی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دژی بەرژەوندییەکانی خەڵکی ئێرانە

پاش کێشەو هەرایەکی زۆر لە ئاکامدا، شوورای نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بە پەسندکردنی بڕیارنامەی پێشنیارکراوی یەکیەتیی ئورووپا، رێگەی ناردنی پەروەندەی ئەتۆمیی ئێرانی بۆ شوورای ئەمنییەتی رێکخراوی نەتەوەکان کردوە. ئەم بڕیارنامە لە نێوان ٣٥ ئەندامی شوورادا تەنیا لەگەڵ دژایەتیی وێنێزوئیلا بەرەوروو بووو بە ٢٢ دەنگی بەڵێو ١٢ دەنگی بی‌لایەن پەسند کرا.

هیچ کام لەو وڵاتانەی کە مافی ڤێتۆیان هەیە دژایەتییان لەگەڵی‌دا نەکرد. بەم پێیە بە پەسندکرانی ئەم بڕیارنامەیە، تیغی سیاسەتی تەحریم ملی دەسەڵاتدارانی بێ‌عەقڵی رێژیمی کردۆتە نیشانە کە بە جێبەجێکردنی زیاتر لە هەر شتێك، ئەوە بەرژەوندی‌یەکانی خەڵکی ئێرانە کە دەکەونە مەترسی‌یەوە.

بردنی ئەم پەروەندەیە بۆ شوورای ئەمنییەت بەو هۆیەوەیە کە بەرپرسایەتیی پاراستنی ئاشتیو تەناهیی نێونەتەوەیی بەم ئۆرگانە سپێردراوەو حکوومەتی ئێران بە چالاکی‌یە ناوکی‌یەکانی خۆی هێمنایەتیی جیهان دەخاتە مەترسی‌یەوە. بۆ دەستهەڵگرتنی ئێران لە چالاکی‌یە ناوکی‌یەکانی خۆی ئەمە یەکەمجارە کە بە

سەرۆکی ئاژانس بۆ دەستڕاگەیشتن بە کەسەکان، ناوەندەکانو بەڵگەکان لەوانە کارگە نیزامی‌یەکانی ئێران، دەسەڵاتی زۆرتر لە دەسەڵاتی سروشتیی خۆی دراوە. هەروەها لە ئێران داوا کراوە کە هەڵپەساردنی هەمیشەییو تەواوی سەرجەم چالاکی‌یەکانی پێوەندیدار بە پیتاندنەوە قبووڵو جێبەجێ بکا.

داکۆکیی بەرپرسانی رێژیم لە مافی پیتاندنی ئورانیۆم بۆ دابینکردنی سووتەمەنیی ناوکی، کە لە ژێر ناوی داکۆکی لە بەرژەوەندی‌یە نەتەوەیی‌یەکاندا بەڕێوە دەچێ، لەگەڵ قازانجەکانی خەڵکی ئێراندا ناتەبایە. بەر لە هەموو شتێك بوونو درێژەی تەمەنی ئەم حکوومەتەو سیاسەتە گێچەڵاویی‌یە نێونەتەوەییو سەرکوتکەرانە نێوخۆیی‌یەکانی بەرژەوەندی خەڵکی ئێرانی خستۆتە مەترسی‌یەوەو لە بەرامبەر مەترسی‌دا دایناوە. ئەم حکوومەتە نایاساییو نابەوە بە یارمەتیی سەرکوتو سەرنێزەو




پاڵپشتی مافیای نیزامیو ماڵی، لە دەسەڵاتدا ماوەتەوە.

پێش هەموو شتێك لەم دەورەدا، وتە بزوێنەرەکانی ئەحمەدی‌نەژاد سەرکۆمار، موتەکی وەزیری دەرەوەو لاریجانی بەرپرسی بەرنامەی ناوکیی ئێران، بەرژەوەندی‌یەکانی خەڵکی ئێرانی خستۆتە

مەترسی‌یەوە. ئەوانە ئەوندە ناشیانەو بێ‌عەقڵانە قسەیان کرد کە لە ماوەیەکی کورتدا توانییان دژبەرانی پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران بۆ شوورای ئەمنییەت بکەنە مەوافیقو بێ‌لایەن. کاتێك کە رۆژنامەی بە تەواوی بەستراوە بە حکوومەتەوە، "کەیهان" بە وشك

مێشکی‌یەوە رادەگەیەنێ کە "بردنی پەروەندە بۆ شوورای ئەمنییەت نە تەنیا بە زەرەری وڵاتەکەمان نابێ، بەڵکوو دەسکەوتگەلێکی جێگای سەرنجیشی دەبێ" چ پێویستی‌یەك بە"پیلانی بێگانە هەیە".

بەرپرسایەتیی سەرەکیی قەیرانی ناوکیی ئێران لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامی‌یە. یەکەمین قوربانییانی سیاسەتە گێچەڵاویی‌یەکانی حکوومەتیش خەڵکی ئێرانن. ئەم قەیرانە لەگەڵ ئەم حکوومەتە ناتەبایە لەگەڵ جیهانی بە شارستانییەتدا لە دایك بووەو کورتکردنەوەی دەستی لە دەسەڵاتیش کەوتنو هەڵسانی بەردەوامی دەبێ. رێگاچارەی کەمکردنەوەی کاتیی قەیران، گوشاری نێوخۆییو نێونەتەوەیی‌یە بۆ راگرتنی بەرنامەی ناوکیی حکوومەتو هەڵپەساردنی پیتاندنی ئیورانیۆم لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە. ئەم رێژیمە لە ماوەی ساڵانی تەمەنی خۆی‌دا نیشانی

داوە کە جیا لە زمانی زۆرو گوشار، بە هیچ بنەمایەکی‌تر بەڵێندەر نیە. بۆ ملکەچکردنی کۆماری ئیسلامی بۆ قبووڵکردنی بنەما ناسراوو قبووڵکراوە جیهانی‌یەکان پێویستیمان بە بزاڤێکی بەربڵاوو هاوبەش لە رادەی نەتەوەییو نێونەتەوەیی‌دا هەیە.

ئێمە خوازیاری جیهانێکی پاککراو لە چەکە کۆمەڵکوژەکانین. رۆژهەڵاتی ناڤین یەکێك لەو ناوچانەیە کە حکوومەتە بنەڕەتخوازەکان ئەوەیان کردۆتە ئەنبارێکی باڕووتی پۆشتەکراو بە ئەتۆم. بێ داماڵینی وڵاتانی ناوچە لە چەکە مەرگ هێنەرەکان، جیهان روخساری ئاشتیو تەناهی بە خۆوە نابینێ.

**رێکخراوی یەکیەتیی فیداییانی گەلی ئێران**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**رێکخراوی فیداییانی گەلی ئێران (ئەکسەرییەت)**
**کۆمەڵە ـ رێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

١٣٨٤/٧/٥ی هەتاوی
٢٠٠٥/٩/٢٧ی زایینی

# چەمکی ماڵاوایی

**مەحموود شێرزاد**

ماڵاوایی یەکێك لەو چەمکانەیە کە ڕۆژانە لە پڕۆسەی دیالۆگ و ڕووبەڕووبوونەوە و لێك دوور کەوتنەوەی چەمکەکان و جەستەکان دا بەشدارە. مانای ماڵاوایی لەسەر بنەمای تێگەیشتنی باو هیچ نیە جگە لەوەی کە بکەر لە کەسێك یان لە شوێنکاتێك دوور دەکەوێتەوە و پێیان دەڵێ: ماڵاوا. ئەو ڕاڤەیە یەکێك لە باوترین و گشت پەسندترین تێگەیشتنەکانە، یا بە واتایەکی دیکە هەموو بوونە فیکری و فیزیکی یەکان لەسەر ئاستی گشتی بەو شێوە سادە و ڕووکەشە ڕاڤە دەکرێن و لێیان تێدەگەیشترێ. بەڵام بە پێچەوانە ڕامانێکی فەلسەفی پێمان دەڵێ کە لەو دیو ڕوخساری دەریاوە، لەناو قووڵایی دا جیهانێکی دیکە بوونی هەیە کە یەك لە میلیۆنۆمی ئەو جیهانە لەسەر ئاستی ڕوخسار خۆیمان نیشان نادا و لە هەمان کاتیش دا سەرەکە و بۆ ئەوەی لێی تێبگەی دەبێ حەیرانی بی و لە لەگەڵ قووڵایی یەکانی قووڵ و لەگەڵ ناقووڵایی یەکانیشی ڕووکەشانە بژی. بەڵام بۆ بە درێژایی مێژووی ٣ هەزار ساڵەی هزری مرۆڤایەتی هەمیشە ڕاڤەو پێناسە باوەکان یا ئەو ڕاڤە و تێگەیشتنانەی کە ڕووبەرێکی بەربڵاوی دنیای هزری مرۆڤایەتی یان داگیر کردوە لە کۆمەڵێك شتی ڕووکەش و تابلوید زیاتر هیچی دیکە نەبووین و نین و بەو شێوە کە دەبێ لە دەریا و لە نهێنی یەکانی دەریا تێنەگەیشتوون؟ چونکە هەموویان کەم تا زۆر خاوەنی ئەو ڕامانە قووڵە، واتە ئەو ڕامانە فەلسەفی یە نین و هەربۆیەش ڕووکەش دەڕوانن، گوێ دەگرن، دەخوێننەوە، بیر دەکەنەوە ڕووکەشیش لە بوون و نەبوون تێدەگەن. چەمکی ماڵاوایش یەکێك لەو چەمکانەیە کە لەسەر ئاستی گشتی دا چ بکەرانی ماڵاوایی کەر و چ بەجی ماو بەو شێوە ڕووکەشە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. ماڵاوایی بە هەموو جۆرە کاتی یا هەمیشەیی، ڕوحی و جەستەیی یەکانیوە لەسەر شانی کۆمەڵێك هۆکار بەرهەم دێ. یەکێك لەو هۆکارانە کە لە بوارە جیاجیاکان دا بۆتە هۆی چوونە سەری ڕێژەی "ماڵاوایی کردن" و بەتەنیا مانەوە و کۆچ کردن لە کۆمەڵگای ئێمە دا هۆکاری "دڵ شکان و دڵ شکاندن"ە، واتە کۆمەڵە بوونێکی وەك کۆمەڵگا و دەسەڵات و بنەماڵە و تاکەکان خەریکی دڵ شکاندنن و کۆمەڵە بوونێکی دیکەش بەهۆی ئەوانەوە دڵیان دەشکێ و دڵشکاو دەبن. لێرەوە بۆ تێگەیشتن لەو بابەتە دەبێ زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسی ـ سایکۆلۆژی ـ سیاسی یانەی لەو پێوەندی یە دا نووسراون موتاڵا بکرێن. چوونکە لە ڕاستی دا پێوەندی نێوان بکەری دڵشکاو و ئەو هێزەی کە دڵشکێنە پێوەندی یەکی زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە ئەقڵی غەزەلی ئێمە بتوانی بەشێك لە لایەنە جەوهەری یەکانی توێکاری بکا و بناسێ و ئەو هاوسەنگی یە بە قازانجی پێکەوە ژیان و لێبوردەیی و سازان بگۆڕێ. هەر بۆیەش لە غیابی ئەو هێزە لێکۆلەر ـ ئاشتی سازە دا تاکوو ئێستاش لەناو واقیعی ئێمە دا هێزی دڵشکێنەر هێزی یەکەمە و پڕۆسەی دڵشکانیش ئەکتیڤ ترین پڕۆسەی ناو واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمەیە. لەو کۆمەڵگایە دا کێ هەیە ڕۆژانە بە دەیان جار دڵی لە کۆمەڵگا، لە سیاسەت، لە حیزب، لە دەسەڵات و ... نەشکێ. ڕۆژانە هەر یەکەو لە لایەکەوە خەریکی نووسینەوەی سناریۆی دڵشکاندنین و هەمووشمان بێ ئەوەی بزانین لەسەر ئاستی پراکتیزە کردن دا ڕۆڵ دەبینین. ئەوەیە ئەو واقیعە ترسناکەی کە هەڕەشەیە لەسەر ئیفلیج کردنی بوونی گشت بوارانەی ئێستا و داهاتوومان، واقیعێك کە خۆمان بەرهەمدێنین و هەر خۆشمان نۆژەنی دەکەینەوە بۆ ئەوەی چەقۆیەکی بڕێنەر و ژارێکی کوشندەتر بێ. کەوابوو هیچ گومان لەوەدا نیە کە دڵشکێنەری و دڵشکاوی دوو جەمسەری ناو واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمەن کە هەمووان لە نێوانیان دا کایە دەکەین و بەهۆی ئەوە کە هوشیاریمان لەهەمبەر بوونی نیگەتیڤانەی ئێستایی و بەدوا داهاتە نەرێنی و ترسناکەکانیشی نیە، توانایی خوێندنەوەیمان نیە و وێدەچێ هەموان هەرگیز وەخۆ نەیەینەوە و وەك جاهیلێکی دڵشکێنەر یا دڵشکاو ماڵاوایی لە ژیان بکەین. بەڵام لەو پڕۆسەیەدا چەند بکەرێك کە خاوەنی ڕامانێکی دیکە و تا ڕادەیەك فەلسەفین بەشداری ناکەن و دەرئەنجام دوای جەنگێکی بێ دەرئەنجام بە ناچاری و دڵشکاوی ئەو واقیعە بەجێ دێڵن. بەڵام لە ڕاستی دا کردەی جێ هێشتن و کۆچ کردنی ناچارانە چەندە لەسەر ئاستی جەستە شتێکی دیار و سادەیە، هەزاران جار زیاتر لەسەر ئاستی ڕوحی، نادیارو ئاڵۆزو دژوارترە لەوەی کە هەمووان بتوانن تەنیا یەك "پیت"یشی بخوێننەوە، بۆ وێنە مرۆڤ لەناو هەر واقیعێك دا بژی، تەنانەت ئەگەر ناشیرین ترین واقیعی جیهانیش بێ لەلایەن ئەو واقیعەوە کۆمەڵێك شتی لە دەروون و ڕوحی دا دروست دەبێ، کە ٩٠ لە ١٠٠یان شتگەلی جەوهەری و هەستیار و زۆربەشیان کەم وایە فەرامۆش بکرێن، هەربۆیەش بەردەوام بە شێوەیەکی ئەکتیڤ و کاریگەری یانە لەناو ناخی مرۆڤ دا ئامادەگی یان دەبێ. ئینجا مرۆڤ لە کوی بێ ئەوانیش لەوێن، واتە ماڵاوایی یان لێ ناکرێ و لە شوێنکاتەکان دا بەجێ نامێنن و نانێژرێن. لێرەوە و بەتایبەت لە غیابی هێزێکی ئاشتی ساز دا لەلایەك زیاتر کوشندەبوونی ئەو گەمەیەمان بۆ دەردەکەوێ و لەلایەکی دیکەشەوە دەبێ هێزی دڵشکێنەر چەندە دڵڕەق و جاهیل و خۆتەوەر بێ و دڵشکاویش چەندە ئاوارە و وێران و بێ نیشتمان؟

# چوارچێوەی زمانی شی کردنەوە

**کانی ـ شنۆ**

چوارچێوەی زمانی شی کردنەوە:

مەبەستی ئەم شێوە زمانی یە سرنج ڕاکێشانی هەست و بردنە ژووری سرنجی مرۆڤ بۆ ناو قووڵای، ئەم چوارچێوەی زمانیە پتر بۆ لاوژو حەیران و بەیت بە کار دەهێنرێ بۆ لاواندنەوە پێ هەڵکوتن وبە تایبەت ڕووداو و کارە ساتی سرنج ڕاکێش لەم چەشنە بابەتە دا لە هیندێ وشە وەك پێش بەندو دوابەند بۆ ئامادە کردنی زەین وشوێن لە سەردانان بە کار دەهێنرێ وەك:

**ئای,وای,وای,....**

**ئەوە سەدایەکی دە پیرە پایزی**
**لە سەرمنی مال وێرانێ دە داوە**
**دەك نەمێنم چ پاییزێکە سەر لە زستانێ....**

لەم چوارچێوە زمانیەدا ,ڕکەبەری وشەکان لە لایێك و پەیژەی ئاهەنگ لە لایێکی تر گەمە بە نێوەڕۆك دەکەن، بۆ وێنە با سرنج بدەینە چەند دێڕێکی گەلوو بزانن لە کوێ مەبەست دەدرکێ:

**ئەوە گولی بەیبونم دە چۆ لای گولی سوورەگوڵێ**
**گولی سوورە گولم دە چۆلای بەیبونێ**
**بەیبونم دەچۆلای گیاخاوێ**
**گیاخاوێم دە چۆلای ڕیحانێ**
**ڕیحانم دە چۆلای شەنگە بیزایە**
**ئەوە بە عام پۆلیان دەبەستەوە**
**دەچونەلای شەماڵ ئەوێ دەگەل شیبایە**
**دەیگوت شەماڵ تو پیاوێکی گەریدەی**
**کامەمان جوانترین, کامەمان مەحبوب ترین**
**کامەمان لایق ترین لەسەر ئەوێ کاولە دونیایە**
**ئەوە شەماڵ دەیگوت:**
**هەچی گوڵی دونیایە، پاکتان جوانن، پاکتان مەحبووبن، پاکتان بۆن خۆشن**
**ئەمان سەرشۆڕن لەبەر شیدەتی پیرە گەرمایە**
**ئەوە گولێك هەیە لە کوێستانی شالەبەگی**
**هەموو ئێواران و سبەینان.**
**بولبول لە سەری دەداتەوە قریشکە و ئەوێ دەگەڵ هەرایە**
**ئەو گوڵەشو لە گەڵ بێتەوە!**
**هێشتا نابنەوە بە چاوێکی شیرین لەیلایە**

ئەگەر بە وردی سەرنجمان دابێتەوە ئەم چەن دێڕە کێشەی وشەکان لە سەر نێوەڕۆکەکە لە کۆتایی هەموو دێرەکاندا بە وشەی شیرین لەیلا کۆتایی پێ دێ و مەبەست دەدرکێن

پێویستە بگوترێ ئەم وشانەی کە لە بەیت و باوەکاندا هێنراون و باون، وشەگەلێکی سروشتی و جوانن و ڕەسەنن و سەرنجی مرۆڤ بۆ سروشتی خۆیان ڕادەکێشن و هەر لە هەمان کاتدا مانایەك بۆ مانایەکی تر ڕادەگوێزن ئەوە خەسڵەتی ئەدەبیاتێکی ڕەسەن و نەتەوەییە. وشەکان بێ گرێ و گۆڵن، ڕەوانی و زیندوو بوونیان فێرمان دەکەن کە مرۆڤ پێوەندی بە دونیایەك هەیە و شێوە زمانیکی تایبەت بۆ ناساندنی فەرهەنگ و تۆرەی خۆی هەیە و پێی بناسرێ!

با سرنجێکی وردیش بدەینە چەن دێڕێك لە ئازیزێ و بزانین زمانی سروشت چۆن دێتە گۆ و سروشت چۆن خۆی لە گەڵ سروشت سازگار دەکا:

**ئازیز، خۆ من بۆ تۆ هەڵبلێمەوە!**
**بە کوێستانی دە سێوە سوور و گەنمان،**
**بە کۆزی دەبەرخان،**
**بە کۆسرەتی شالە بەگیان**
**بە سپی سەنگی موکریان!**
**بە قەندیلە گچکەی مامەکۆییان!**
**ئەوە قەندیلم دەیگوت**
**ئەمن قەندیلم،**
**بەفری قۆناخ قۆنی خۆ هەڵدەگرم**
**کە پڕبێ و مەیدان چۆغان دەیگوت:**
**ئەمن گەلێ گەلێ سازگار ترم...،**

چوارچێوەی زمانی پرۆیارتیك(گێڕانەوەیی)

ئەم شێوە زمانیەش هەرچەن قالبی شی‌کردنەوە دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر بێتە سەر مەسەلەی گێڕانەوە و ڕەوایەت، زمانی خەمین و درامیی ڕووداو و کارەسات و بە سەرهاتێك کە بە دەنگی خۆشخوان و بەیت بێژێك دێتە گوێ و ئەوسا مێلودرامێك دەخولقێ کە ڕووداو موچڕکی خەم بە لەش دادەهێنێ و دڵ دەتاسێنێ. هێندێك لەم ڕووداوە درامیانە کە لە قالبی ڕیوایەدا گونجاون، دڵدارین، وەك: خەج و سیامەند، شۆڕمەحموود و... یان ئایینین وەك جولەندی شەڕی سیسەبان و...

ئەم چەشنە سۆزە درامیانە لەخۆیاندا جۆرێك هەڵچوونی هەست و گرتنی هەڵوێست و لاواندنەوەن. با لەم چەن دێڕەی مەم و زین وردبینەوە!

**کاکە زین و براڵە زین و کیژە زیحانە**
**ئاورێکم بەربۆتەوە لە دەروونێ**
**نە بە بای دەکوژێتەوە نە بە بارانێ**
**نە بە پاچ و پێمەڕان، نە بە گڵ وەسەر دانێ**
**نە بە شێخە سوورەکەی کرێوە**
**نە بە چاکە سواری تاژیانێ**
**نە بە سەید ئەحمەدی ساوانێ**
**نە بە کولنگە و قۆیتاسەی کاری مووسڵێ**

ئەگەر بە باشی لەبابەتە فولکلۆرییەکان ورد بینەوە بۆمان دەر دەکەوێ کە لە زۆربەی گۆرانی و بەیتەکاندا سۆز و هەستی ئایینی بەدی دەکرێ کە ئەوە خۆی تایبەت بە ئەدەبیاتی سەرەتایی هەر نەتەوەیەکە. "نۆرتروپ فرای" ڕەخنەگری کانەدایی لەم بارەوە دەڵێ: هیچ کۆمەڵگایەکی مرۆڤی ئەوەندە سەرەتایی نیە کە لە چەشنە ئەدەبیاتێك بی بەهرە بێ، بەڵام ئەدەبیاتی سەرەتایی هێشتا بە جوانی لە بوارەکانی ژیان وەك مەزهەب و ئایینەکانی کۆمەڵایەتی هەڵناوێردراوە!

ئایین و بروا لە ناو دیاردە فۆلکلۆریەکانی ئێمەش‌دا زۆر بەرچاون. خوا، پێغەمبەر، قورئان، چاك و پیر و شەخس و ڕووگە و... کە پێوەندیان بە ئایدۆلۆژیای کومەڵەوە هەیە.بۆ وێنە لە گۆرانی دا:

**سێ جزمی قورئان ئەنێرمەوە لات**
**ڕێگەی ڕۆشناییم نەکەی بە زوڵمات**

ڕەنگە بەیتێك یان حەیران و لاوژێك لکسیسی بێ، واتە چەن قالبە زمانی تایبەتی تێدابێ بۆ ڕوون بوونەوەی پتری مەبەست هێندێ لە تایبەتمەندی دەروونناسی بابەتەکان دەخەینە ڕوو.

سایکۆلۆژی دیاردە فۆلکلۆریەکان:

ناساندنی دیاردەکان لە سێ لاوە جیگەی توێژینەوەیە. ناوەڕۆك، بیسەر، وێژەر. مرۆڤ خوازیاری چێژ و حەز و ویستی بێ سنوورە، بەڵام لە چوارچێوەی ئایدئۆلۆژی زاڵ بە سەر کۆمەڵدا سنوورێکی بۆ دیاری کراوە کە وەکوو مکانیزمێك ویست و داخوازییەکانی کۆنترۆڵ دەکرێ. لە لایەکی تریش، پەرژینی دەوری خۆشی یەکانی دەبنە هۆی دەست وێرانەگەیشتنی مرۆڤ بە ئاواتەکانی لە ئاکام‌دا ئەم هەستانە بەربەند دەکرێن، هەر بۆیە ئامانجە سەرەکیەکەی مرۆڤ ناڕاستەوخۆ بە نیشانەگەلێکی پێوەندی‌دار ئەکەوێتە بەر تەوژمی خەیاڵ.

پێ هەڵاگوتن بە ئەندامەکانی لەش وەك:چاو، برۆ، خاڵ، لێو، کەزی، گەردن و... یا ڕازێنەوە زینەتیەکانی وەك:گوارە، کەمەر، بازن، زەنگیانە، ئاڵقە و دەرزیلە و پلپلە کە پەیوەندیان بە ئەندامەکانەوە هەیە و گشتیان نەریتی ناو کۆمەڵن شوێن دانەری سەر زەوق و هەستن. جا ئەمە چ هەستیار یان وێژەر بێ کە گرێپووچکەی دەروونی خۆی پێ بکاتەوە و چ بیسەر بێ کە چێژ لە ئاهەنگ و ناوەڕۆك ببینێ: بۆ نموونە لەم گۆرانیە دا: (بەو گوارەی بە گوێتەوە وەختە سوێم بۆت بێتەوە سینگت بەفری قەندیلی بە سەرما دەتوێتەوە)

هەڵبەت ئەوە تایبەت بە گۆرانی دڵداری نیە، بەڵکوو لە بەیت و حەیرانەکانیش دا ئەم دیاردانە هەن. بۆ نموونە سەرنج بدەنە ئەم چەن دێرە لە کاتی گەمارۆدانی قەڵای دمدم و باسی بێ ئاویی ناو قەڵاکە. جگە لە بواری حیماسی و مێژوویی جێگەی لێ وردبوونەوەیە لە زمانی بەیت بێژیشەوە خاتوون بەگژ خان دادێ و ئاکار و کردەوەی خان بە ڕووی دادەداتەوە کە بیری سەر بزێویی و ماف خوازی خان بۆتە هۆی زەوت کردنی چێژ وخۆشیەکانی ژیان کە کوردەکانی ناو قەڵاش تووشی خنکان و بێ ئاوی بن:

**خاتوونێك دێتە مەیدانێ**
**لە دڵی خانی دەدا تانێ**
**لێت حەرام بێ حێی کابانێ**
**ئاو نییە پێ بکەی شێلانێ**

"فرۆید" لە سەر ئەم باوەڕەیە کە تام و چێژەکان هوروژمێکی سانسۆر کراون کە لە لایەك بە هۆی تایبەتی و پەسندبوونیان لە ناو کۆمەڵ و داپۆشرانیان لە ناو دیاردەکاندا و لە لایەکی‌تریش تاقی‌کارییەکانی مرۆڤ لە بیرگەی ئەودا دەمێنێتەوە، هەتا خەیاڵ بێننە بەرهەم.

ئەم وتەیەی "فرۆید" هەلێکی باشمان بۆ دەرەخسێنێ کە بە دەروونی بابەتە فۆلکلۆریەکان‌دا شۆڕ بینەوە و دەوری دولایەنی ژن و پیاو لە ناو کۆمەڵ و دیاردە فۆلکلۆریەکان دا شی بکەینەوە: بە پێی ئەو بەڵگە مێژوویەی کە ماموستا مەحموود زامدار لە کتێبی "دەروازەیەك بو ئاواز و گۆرانی کوردی" دەڵێ: دەوری ژن لە گۆرانی دا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەری یەکان کە داب و دەستووری ژن هێنانی پیرۆز لە نێوان خوا و خواژنێك لە خواژنەکانی زاوزێ دا ، ئەسازا. شا دەوری خوا و ژنە ڕەبەنێکیش دەوری خواژنی ئەگێڕا کە دەبوا ئەو ژنە ڕەبەنە لە شەوی بووك و زاوایی دا گۆرانیەکی بە سفت و سۆزی بوتایە کە ئەمە بنچینەی بیر و باوەڕی زاوزێ لەسۆمەرستان...بوو.

جا بەم پێیە گۆرانی ژنانە یا گۆرانی بێژ بوونی ژن پێشینەی کۆنی هەیە. هەرچەن بەڵگە مێژوویەکی ئەوتۆمان لە سەر گۆرانی ژنی کورد لە بەر دەست دانیە، ئەوەی کە پتر دەوری ژن لە گۆرانی دا ڕوون دەکاتەوە، گۆرانیە فۆلکلۆری یەکانن کە دەوری ژن زیاتر پێوەندی بەهەڵسووکەوتی کۆمەڵایەتی کوردەوە هەیە.

ئەو گۆرانییە فۆلکلۆریانەی کە وەك بەڵگەی مێژوویی لە بەر دەستمان دان، پێشان ئەدەدن کە ژن لە کۆمەڵی کوردەواری دا لە پلەیەکی بەرزتر دایە. پیاو بە هۆی هێندێ بڕوای داتاشراو لە ئایدۆلۆژی زاڵ بە سەر کۆمەڵدا مافی پتری پێ براوە و ژن لە زۆربەی مافە سەرەکیەکانی دا بێبەشە و بۆتە گەپچاری پیاو. هەر بۆیە گۆرانی ژنانە و تایبەت بە ژن دەگمەنە و ئەگەر گۆرانیەك لە زمانی ژنەوە هەیە، پتر لە بەر زەوت بوونی مافی خۆی گوتوویە.

بۆ وێنە:

**چی بکەم لە داخی مەلای زمان لووس**
**مارە ئەبڕن بەبێ چارەنووس**

ئەمە ڕەنگە لە زمانی پیاویشەوە گوترابێ. چوونکە ژن لە کۆمەڵی کوردەواری‌دا وەك گوتمان مافی گۆرانی گوتنی نەبووە. بڕواننە بەڵگەیەکی‌تر لە سەر نەریتی ناحەز و دەست نەڕۆیشتن و بەر خوێنی و شووی بە زۆرەملی:

**چەندە خەراپە ژن بە ژن کردن**
**کچی ڕوومەت ئاڵ بە ژێر گڵ بردن**

نموونەیەکی تر لە بەربینگ بە ئاوات و سەربەستی گرتنی ژن:

**هەر کەس بیکا مەنعی دڵداری**
**پەڕ و پۆ دەرکا وێنەی پاساری**

بەڵگەیەکی تر لە سەر پێك دادان و پێك هەڵپرژان:

**ئەم بەر و بەرە هاجەرەم وەرە**
**لە سەر باڵاکەت شەرە خەنجەرە**

ئەوەشمان لە بیربێ ئەگەر ژنێك لە کۆمەڵی کوردەواری‌دا دەستەڵاتدار بووە، کچی میر وخاتوون و خانزادە و بەگزادە بووە کە هەر یەکە چەن قەرەواشیان هەبوونە و ئەم قەرەواشانە بوونەتە دیلی جیاوازی چینایەتی کۆمەڵ یان بە زۆری مافیان ڕۆگیر کراوە و بوونەتە قوربانی قازانج و ویستی خان و میران:

**بابکەم وەسەرم قوڕە سوورە**
**بۆ ئەو دوو کچە لەو میرە سوورە**

ئەوەش جێگەی داخە کە لە ناو کۆمەڵی کورددا مافی ڕەوای مرۆڤ زۆرجار بە هۆی دەست خۆشانە و خەڵات و بەرات کەوتۆتە ئاستێکی نزمی پلەی کۆمەڵایەتی:

**ئەگەر تۆ شێخی خۆ من شێخ ناسم**
**ئەگەر بەگزادەی بۆ خزمەت خاسم**

جگە لەم چەشنە گۆرانیانە زۆربەی بەیتەکانیش بە ئاهەنگی درامی لە چارەنووسی تاڵی ژن دەدوێن. هەتا کۆتایی زۆربەی بەیتەکان دەگاتە کوژانەوەی گڕی ئەوین و چوونە ژێر گڵی خۆشەویستی. با لەم چەن دێڕەی بەیتی خەج و سیامەند وردبینەوە و بزانین جیاوازی ناو چینی کۆمەڵ چی بە سەر چارەنووسی ژن هێناوە:

**بەهارە ئامۆزا گیان بەهارە بەهارێکی لە من بە بنیاتە.**
**سەری سیپانی لە من بە گوڵە سوونبولە**
**دامێنی لە من بە تاتە**
**خوارەوەی بە دارە بەنە سەرەوەی لە من بە قەڵاتە**
**مەڵی خەجێ لە پاشی من داخوا کێ بە هەویاتە**
**بە خوا شەمامە ڕەنگینی دە باخەڵی خەجێ لە دەستی هەمووکەس قاتە**
**هەتا بۆ خۆت ماوی لە حاڵی حەیاتە**
**ئامیزم بۆ وەگرە ئەوە خەجیشت بۆ بە خەڵات هاتە**

خۆزگە بنەڕەتیەکانی مروڤ لە لایەك و تام و چێژی دیاردە سانسۆر کراوەکان لە لایەکی‌تر و ئایدۆلۆژی زاڵ بە سەر کۆمەڵ لە لایەکی‌ترەوە بە سێ قوڵی مافی ژن و پیاوی چارە ڕەش گوشار دەکەن:

**شەڤانی ڤی شەڤانی چابەك هاتنە بە خێرۆ**
**گۆتن دەلالکا تەژی دانە مێرۆ**
**وەیلار وەیلار عەڤداڵ ئەزم**

زۆر جار ڕاکردن و خۆ دەرباز کردن تاقە ڕێی ڕزگار بوونی دو ئەوینی دڵداری ناو کومەڵ بوو کە ئەمەش خۆی بە جۆرێك لە مافی ژن دەدوێ!

**وەرە با بڕۆین بۆ وڵاتی دوور**
**یان بۆ قەرەداخ یان بۆ شارەزوور**

وەك ئاماژەی پێ کرا گۆرانی ژنانە لە کۆمەڵی کوردەواری‌دا کە بە هۆی دەستەڵاتداری پیاو لاوازە، گۆرانی ژنان یان ڕەنگ و تام و بۆی گۆرانی پیاوانی هەیە یان ئەگەر هەشبێت، بە شێوەی سکاڵا و تووڕەیی و بێزاری لە نەریتی ناحەزی کۆمەڵە چرینێ ئەم شێوە گۆرانیانە ئەمە دەسەلمێنێ کە پیاو زاڵە. بە قەولی "ژاك دریدا": (نێرینە بنیادی وباوی غیرەتی پیاو) "ئالتۆسیر" لە سەر ئەم بڕوایەیە کە ( پێوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵ بە شوێنی ژیانەوە بەستراوەتەوە)

جا بەم پێیە، هەرچەشنە بابەتێکی فۆلکلۆری ڕەنگ دانەوەی شوێنی ژیانی کۆمەڵە و بواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئەو گەلەیە.

هەتا ئەو خەزێنەی فۆلکلۆری بکولێنەوە، شتی بە نرخ‌تر دێتە دەر و بازاڕی باس گەرم‌تر دەبێ.

**سەرچاوە**

١ـ دەروازەیەك بۆ ئاواز و گۆرانی کوردی — مەحموود زامدار
٢ــ توحفەی موزەفەریە (ئوسکارمان) ساغ کردنەوەی ماموستا هێمن.
٣ـتاریخ ادبیات روسی — استاد سعید نفیسی.
٤ـ سروەی ژمارە ١٦٣ـ١٧٩.
٥ـ ادبیات و فلسفە ژمارە ٤.
٦ــ چەپکێ گوڵاڵەی شارەزوور- عەلی شارەزووری.
٧ـ سترانا زار گۆتنا کوردی — پرفسۆر جاجی جندی،
٨ـ شریتی خلە دەرزی.
٩ـ نظریەي ادبی — تریایگلتون (ترجمەي عباس مخبر)
١٠ـ کتاب هفتە ژمارە ٤٦ ڕەشەمەی١٣٨٠

# رۆمانێك پێش له مەرگ

**"بۆ مرۆڤێ كه ئیتر ماڵێكی نییه تێیدا بژیت، نووسین ئەبێت به شوێنێك بۆ ژیان"**

**ئادۆرنۆ**

كەریم خزری

ئەو كاتەی كه قازی بەرانبەر بە خەڵك حوكمی منی ئاوا خوێندەوە كه: "ئەو كابرایە به پێی لێكۆڵینەوەكانی ئێمە، دەركەوت كه له هاوڕێیەكانی "ئەوە". بیچم و رەنگی چاو و شێوەی قسە كردن و جل و بەرگی، هەمووی لە چەشنی ئەوانە و ئێمە دوای راوێژ و تەگبیرێكی زۆر بە یەقین بەو باوەڕە گەیشتین كە حوكمی ئێعدامی بۆ دەرببڕین و...".

ئەو كاتەی كە ئەم خەڵكە سەرلێشێواوە بە بێئەوە كە لە تاوان و مەحكومییەتی من تێبگەن، مەرگم بوو بە گاڵتەجاڕیان و رەجمیان كردم و ئێستاش لە ناو برسێتی و چەك و سفتە و مامەڵە و هەزار كوفت و زەهرەماری تر، لەبیریان كردووم. من له ناو هەموو زیندانیەكان دا پڕ بە گەرووم هاوارم كرد: "ئەی خودا، ئەی خودای گەورە، بۆچی منت تەنیا جێهێشتەوە". تۆ لە ناو چیرۆكەكەت دا نووسیبووت: "چاوەكانیان بەستم، بە مست و پێلاقە هەڵیان كوتایە سەر و گوێلاكم، بە سەرم دا دەیاننەڕاند، دەیانگوڕاند، "ئەی خوێڕی سەگباب، بیسەلمێنە، كە تۆش لە هاوڕێیەكانی ئەوی. دەی، دە لاسایان بكەوە."

له كاتێكا ئەوان بارانی شەق و جنێویان دەستی پێكرد و لە دادگا دا بەرامبەر بە خەڵك رایان گرتی، زۆرت هەوڵ دا كە لاسایان بكەیەوە. چاوەكانتیان بەستبوو و ئەوان هۆی مەحكومییەتی تۆیان بە كەس نەگوت. تۆ لە چیرۆكەكەت دا ئەوەت نووسیبوو: "چاوەكانیان كردمەوە. كچێكی رەش ئەسمەری چاو شەڕابی بەرانبەرم راوەستابوو، غەریبانە تێم رامابوو، نیگاكانی بۆنی شەهوەت و هەوەسێكی دێرینی لێدەهات." لێت نزیك بۆوە و تۆ نووسیبووت: "ئەو بۆخۆی بوو. دڵنیام بۆخۆی بوو. چاوم گەش بوونەوە و دڵم وەلێدان كەوت. تەواوی لەشم هاتە لەرزین، ئارەقەیەكی فێنك بە نێوچاوانم دا داچۆڕا، بە هێمنی پێم وت: "زین" خاتوزینی خۆم، تۆ لێرە چی ئەكەی؟ لە ئاسمانان لێت دەگەڕام خۆشەویستم."

خەڵكەكە بە سەرسوڕمانەوە چاویان تێبڕیبووی. موسیبەت بۆ تۆ دەستی پێكردەوە و ئەو پڕ بە گەرووی هاواری كرد: "ئەرێ، ئەرێ، بۆخۆیەتی، خەڵكینە بۆخۆیەتی، ئەمەش لە هاوڕێكانی ئەوە." تۆ نووسیبووت: "بە خودا، بەخودا، هەزار جار بە خودا، بۆخۆی بوو، خاتوزینی خۆم. ئەو خاتوزینەی كە ئەگەر خدری زیندە گوتی: "كوڕم! پێت خۆشە بۆ بینینی ئەو رێگات بۆ نزیك كەمەوە و بە مرادی دڵت نەگەی یا ئەوە كە پاش ماوەیەكی زۆر بە سلامەتی بیگەیێی و بە مرادی دڵت بگەی." منیش ئەوەندە تامەزرۆی دیداری بووم، كە دەرگای هەموو ئاوەز و هۆشێكم لێ بەسترا و بە زمانی سووتاوم گوتم: "نا مامە پیرە گیان، ئەگەر بۆت دەلوێت هەر ئێستا دەمهەوێ ببینم..."

ئەوجار نووسیبووت: "قسەكانی ئەوم زوو رەت كردەوە و گوتم: "من نازانم و تێناگەم تۆ لە چی قسە دەكەی. خاتوزین داوات لێ دەكەم بە تەنیا جێم مەهێڵە."

ئێستا من لە ناو زیندان دا تەنیای تەنیا، بیر لە تۆ دەكەمەوە و لە كاتێك دا كە زیندانیەكان بە هاوار و گوڕەی من لە دەورم كۆ دەبنەوە و دڵم دەدەنەوە و من بوغزێك گەرووم دەگرێ بە گریانەوە ئەڵێم: "بەڵام زین چاوی لێ كرد و سەر لە نوێ هاواری كرد، ئەو پیاوە یەكێكە لە ئەوان." زیندانیەكان دڵم دەدەنەوە و بەزەییان پێم دێ و هیچ لە قسەكانم ناگەن.

تۆ نووسیبووت: "ئەوجاریش بە تووڕەیی قسەكانی ئەوم رەت كردەوە، چەند هەنگاوم بەرەو ئەو كە خەریك بوو لە ناو هۆڵەكە دەچۆ دەر، هەڵێنا و وتم: "من تێناگەم تۆ باسی چی ئەكەی؟"

خەڵكەكە وەك زەردەواڵە وزەوزیان بوو و ئەوجار كوت و پڕ بە تێكڕایی لێت بوون بە هاوار. تۆ نووسیبووت: "ئەوان هەموو گوتیان، بێگومان تۆ یەكێك لە ئەوانی." هەزاران نفرینم بۆخۆم نارد و رق و تووڕەیی سەرانسەری لەشی داگرتبووم. بە بێزارییەوە سوێندم بۆ خواردن و نەڕاندم: "من ئەوەی كە ئێوە باسی دەكەن ناینناسم."

خەڵكانی رووڕەش و برسی و مامەڵەچی، كچێكی جوان و چاو شەڕابی و خاتوزینێكی خوێڕی و خەیانەتكار. هەموو ئەوانە ئێستا مێشكم ئازار دەدەن. بەرەبەرەی بەیانییە. بە دڵنیاییەوە ئەزانم كە سبەی ئێعدامم ئەكەن، دوا بەشەكانی چیرۆكەكەت ئەخوێنمەوە: "بەرەبەرەی بەیانی بوو. كەڵەشێر بۆ جاری دووهەم دەیقیڕاند. وەبیر قسەكەی مەسیح كەوتمەوە كە بە پێترۆسی گوتبوو: "پێترۆس بەیانی پێش لەوەی كەڵەشێر دوو جار بانگ بدا، تۆ سێ جار من ئینكار دەكەیەوە." ئەو جار نووسیبووت: " تەوژمی خەم و خەفەت دایگرتم، لەو فكرە تەواوی لەشم وەك مێژووكە هاتە لەرزین. فرمێسك دەچاوانم دا پەنگی ئەخوارد."

بەیانی كەواپاتۆلێكی سووریان دەبەر كردبووی و پێچ و كڵاوێكی نارێكیان ـ كە بە درووداڵ هەڵیان بەستبوو ـ لەسەر نابووی. خەڵكەكە تفیان بە سەر و روو دا دەكردی و تاقمێكیش رجمیان دەكردی.

له بن داری ئێعدام بەرامبەر بە خەڵك هەردووك دەستت بەرز كردەوە و پڕ بە گەرووت هاوارت كرد: "ئەی خودا، ئەی خودای مێهرەبان، بۆچی منت تەنیا جێهێشتەوە؟"

له دوایین بەشی چیرۆكەكەت سێ نوختەت دانابوو و لە كۆتاییش دا وشەی "پێشەوا".

موچوڕكێك بە لەشم دادێ و سەرسامیەك دامدەگرێ، نەكا ئەو كچەی كە لە دادگا بەرامبەرم بە گڕم دادەهات و لە سەرم دەینەڕاند، خاتوزینێكی ژیكەڵەی منی گەلحۆ و بێتاون بێ و لە ناو ئەو حەشامەتە لەعنەتیە فەرامۆشم كردبێ. ئەو خاتوزینەی كە وەك منالێك بەجێم هێشت و پشتم تێی كرد. ئەو خاتوزینەی كە هەمیشە خۆی بە قوربانیەك ئەزانی كە من لە پێناوی ئەوان دا كردوومە و ئێستا یارمەتی ئەم خەڵكە ئەدات بۆ ئەوەی كە من وەك ئەو لە ژیانێك بێبەر بم، بێ ئەوە كە بزانم بۆ. من بۆ وەئەوان دەچم؟! من بۆ لە ئەوانم؟!

رستەیەك لە سەر دیواری زیندان بەرامبەرم سەرنجم رادەكێشێ. لێی نزیك دەبمەوە، وێدەچێ ئەم زیندانەم جارێكی تر دیتبێ یان جارانێكی تر:

« كاتێك بیانهەوێ منالێك لە شیری دایك بكەنەوە، دایك مەمكی خۆی رەش ئەكا. بە راستی جێگای شوورەیی و و شەرمە، ئەگەر منال لێی بێبەری بێ و لە هەمان كات دا مەمكی دایكی بێعەیب بێ، هەر بۆیە منال پێی وایە مەمكەكە گۆڕاوە، بەڵام دایك هەمان دایكە و نیگای ئەو، وەكوو رابردوو، عاشقانە و پڕ لە سۆزە. بەختەوەر ئەو كەسە، كە پێویستی بە ئامرازێكی ترسێنەر بۆ گرتنی منال لە شیری دایكی نەبێ.»

ئەم هەموو ئاڵۆزییە مێشكم بۆ نووسینی رۆمانێك بەر لە بەیانی قدیلكە ئەدەن. بەشقم هەموو شتێكم دەنووسین دا بیر بێتەوە. قەڵەم دەست دەدەمێ و لە سەرەتاوە بێئەوەی بیر لە هیچ شتێك بكەمەوە، ئەنووسم:

«بەختەوەر ئەو كەسە، ئێعدام ئەكرێ و ئەزانی بۆچی...»




# پێکهاتە و راڤەی دەق

**ن:بابەك ئەحمەدی**

**و: مەسعوود بابایی**

**(کتێبی سێهەم)**

# کانی

ئاراس یارانی

خوزگەم بەو رۆژانەی كانی
كچی قژ سەوزی ئاوایی
لەبەردەمتا وەك شۆڕەبی دەچەمامەوە
چوكم دادەدا
دەمم دەنا بە لێوتەوە
لە رووناكیتم دەخواردەوە
دڵۆپ دڵۆپ ژین بووی، ئەوین بووی
خەرمانەیەك لە سەرهەڵدان و هەڵقوڵان بووی
بۆیە هەمووجارێ كرنۆشم بۆ دەبردی
خوزگەم بەو رۆژانە
خوزگەم بەو ساتانە.... كانی.

# ترس

رەسووڵ سوڵتانی

بفەرموو:
یاسانە كەروێشكەی مەمك
بەحوكمی ئایەتی تووڕەیی باوك...
بفەرموو
ماچ
دەرگای مەرگ دەخاتە سەر پشت
بە ئیشارەتی موعجیزەی خۆڵ باران
خوا ئەدوێ و
كرنۆش دەڕشێمەوە و
نزایەك
تف دەكەمەوە تا ئیمان...
ملكە چیمە و
سەرەتای یاخی بوون دەپەیڤم
شمشێرێك لە سەرەتای هەتاو
لە بزەیەك دەبارێ
چ كاڵانێكی رازاوە !!!!
عاشقێ دەچێتە ژوانی تاریكی و نازانێ
كچان لە كەروێشكەی سینگ دەمرن
نازانێ
گۆچانێكی پیرۆز
دەمخاتە ناخی دۆزەخ و
قاااا قاااا....
خوا قێزەون عەشق ئەچڕێ
تۆ تەژی لە كوفر
ئەی من
خاڵی لە ئیمان تۆ
بەخوا ئەم بەیانییە رووناكی نادرێ بە شێعرم
كە حەقیقەت لە هەناری درۆیەك دا بوو
بەڵاڵووك لە سوور بوون دەترسێ و
مەمك لە كەروێشك
منیش
لە عاشق بوون
كە كۆتر لە یاسا بوونی فڕین دڵخۆش
من ئەمرم
لە حەقایەتی ورد و خاشی باڵ
كە رێچكەی ئاسمان
خەواڵووی بێ باڵندەیی...
سەیر نیە
كۆتر
لە شەڕی فڕین
مەست
مەمك
لە كەروێشكەی سینگ
تۆقیو
من خودایا نەبێ باوەڕی كرنۆش
سەرەتای ئیمانە
ئەشهەدو...أن.
بفەرموو...

**عوسمان راژانی:**

# به پێچەوانەی گۆرانی بێژانی دیکەی نێو حیزب، هەمیشە گۆرانی خۆمم گوتووە



**راژانی یەكێك لەو هونەرمەندە لاو و پێشمەرگانەی كۆڕی هونەریی حیزبە كە ماوەیەكە لە رێورەسمەكانی حیزبی دا بەرهەمەكانی خۆی پێشكەش دەكا. "ئەدەب و هونەر" ئەمجارەیان راژانیی بەسەر كردەوە و لەچەند پرسیارێك دا بەو شێوە هێنایە ئاخافتن.**

**له چ كاتێكەوە گۆرانی دەڵێی؟**

له تەمەنی ٧ ساڵی یەوە و لە پولی یەكەمی سەرەتایی‌یەوە گۆرانیم گوتووە بەڵام بە رەسمی ١١ ساڵە گۆرانی دەڵێم

**گورانی و بە گشتی موسیقی چیت پێ دەبەخشێ؟**

دنیایەكی شیرین، ئارامی روح و رەوان، هەستی عشق و ئەڤین، هەروەها روح دەكا بەو پەپولەیەك كە لەنێو باغ و گولزاری ئاواتەكانی سەیر و سیاحەت دەكا.

**ئێوە زیاتر گورانی، گورانیبێژانی دیكە دەڵێنەوە، هەوڵ نادەن خۆتان گورانی تایبەت بە خۆتان هەبێ و پێشتر كەس نەیگوتبێ؟**

له وڵامی ئەو پرسیارەت دا دەڵێم بە پێچەوانەی گۆرانی بێژانی دیكەی نێو حیزب، هەمیشە گورانی خۆمم گوتووە و شێعر و ئاواز بۆ خۆم دادەنێم، بێجگە لە مەراسیمی ٢٥ی گەلاوێژی ٨٤ و هەمیشەش هەوڵم داوە كە گۆرانی خۆم بڵێم و گۆرانیی كەسێكی تر نەبێ. بەڵام بەداخەوە نە موزیك ژەنمان هەیە نە ئیمكاناتی پێویست بۆ كاری هونەری باشتر.

**حەز لە چ شێوازێكی تایبەت دەكەی؟**

شێوازێك كه لەسەر واقیعییەتەكانی كۆمەڵگامان كار بكا، خەم و ئازارەكانی كۆمەڵگاكەمان بلاوێنێتەوە، باس لە عەشق و خۆشەویستی و ژیان بكا.

**دوا وتەت؟**

هیوادارم حیزبی دیمۆكراتی كوردستان زۆرتر بایەخ بە كوڕی هونەری و هونەرمەندەكانی بدات.

# ناسیونالیزمی مەدەنی،
# یان گەلاڵەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد؟

سەرکاو

بەشی بیستەم

**١ـ بەجیهانیبوون و ناسیۆنالیزم**

پێڤاژۆی بەجیهانبوون یان (Globalization) بە سەرهەڵدانی سیستمی سەرمایەداری لە ئورووپای سەدەی پازدەدا دەستی پێ کرد. ئەم ڕەوتە سەرەتا نیشانەکانی لە بواری ئابووریدا وەدەرکەوتن، بەڵام پاشان بوارەکانی دیکەی وەك سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتیشی گرتەوە، بەرهەمی ئەم وەرچەرخانە مێژوویی‌یە ڕسکانی ناسیۆنالیزم و مودیلە جیاجیاکانی بوو کە لە ئورووپادا هاتنە ئاراوە. تایبەتمەندی‌یە بەرچاو و هاوبەشەکانی مودیلە جۆراوجۆرەکانی ناسیۆنالیزم بریتی‌بوون لە پێکهێنانی دەوڵەتی ڕەها، ئابووریی دەوڵەتی، سیستمگەلی تاکە حیزبی، سەرداریی نەتەوەیی یان میللی و . . . .

پێشڤەچوونی فەننی و تیکنیکی بەتایبەت لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا بووە هۆی پەرەسەندن و خێرایی پێوەندی‌یەکان و، هەروەك باس کرا مەسەلە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری‌یەکانیش بوونە جیهانی. تیکنولۆژیی پێشکەوتووی ڕاگەیاندن سنووری کات و شوێنی بڕی و وەکی دیکە کەوشەنە جوغرافیایی‌یەکانی زۆر لە یەك نزیك کردەوە، ئیدی سەروەریی نەتەوەیی و ئابووریی دەوڵەتی و پەروەردە و ڕاگەیاندنی کانالیزەکراو و داخراوی دەوڵەتی بەرەبەرە بایەخی جارانی خۆیان لە دەست دا. لەڕاستی‌دا هەرکینی ئازادی زانیاری جێگای زانیاریی مۆنۆپۆلی گرتەوە. ئیتر وەك ئیسپینۆزا دەڵێ: "مرۆڤ دەتوانێ بە هەر چەشنێك کە دەیەوێ بیر بکاتەوە و بیرەکەشی دەربڕێ."

پێشکەوتنی فەننی و تیکنۆلۆژیکی باندۆرێکی بەرفرەیان کردە سەر هەموو وڵاتانی جیهان. ئەم پێشکەوتنانە بواریان بۆ بیرکردنەوە و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ لە هەموو بوارەکان‌دا پتر کردەوە. لە وڵاتانی پێشکەوتووو دێموکراتیك‌دا ئەم گۆڕانانە بارێکی ئارام و شێنەییان بەخۆوە گرت و، بەهۆی نەهادینەبوونی کۆمەڵگای مەدەنی و قبوولکردنی جیاوازی‌یەکان، کێشە و تەڤچوونێکی ئەوتۆیان لێ نەکەوتەوە. بەشێوەیەکی دێموکراتیك و مەدەنی مامەڵە لەگەڵ جیاوازی‌یەکان‌دا کرا و وەك هۆکارگەلی دەوڵەمەندیی کولتووریی ئەو وڵاتانە چاو لێکران. بەڵام لەو وڵاتانەی جیهانی سێهەم و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین‌دا کە ناسیۆنالیزم بارێکی نەژادپەرستانە، شۆڤینیستانە، هێرشبەرانە، نادێموکراتیك و حاشالێکارانەی نیزامی و تۆتالیتاریی گرتۆتە خۆ. بڵاوبوونەوەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پێوەندی بۆ ئەم چەشنە ڕێژیمانە کە بنەماکانیان لەسەر ناسیۆنالیزمێکی درۆزنانە و دڕندانە، مەزهەبی و سەرەڕۆیانەی چەند نەتەوەیەکی سەردەست دامەزراوە، پاراستنی دەسەڵاتی ڕەها، سەرداریی نەتەوەیی و کولتووری باڵادەستی خۆیان، لە درێژەدانی ئەو سیاسەتەدا دەبینن کە هەتا ئێستا کاریان پێ کردوە و ئامادە نین بە گوێرەی گۆڕانکاری‌یەکانی دنیای ئەمڕۆ خۆیان پێناسە بکەنەوە و لەگەڵ ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن‌دا خۆیان بگونجێنن، بۆیە ئەو ڕێکارانەی کە بۆ گونجاندنی خۆیان لەگەڵ ڕاستی‌یەکانی دنیای ئەمڕۆدا دەیانخەنە بەرچاو، بە ئاشکرا ئەوەیان لێ دەبینرێ کە ئامادە نین و نەیانتوانیوە وەك پێویستە لە تایبەتمەندی‌یەکانی ئەم وەرچەرخانە تێبگەن و لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە و زانستی‌یەوە بە هەموو لایەنەکانی ژیانی ڕابردووی خۆیان‌دا بچنەوە و دان بەو واقیعییەتانەدا بنێن کە پێویستیان بە مامەڵەیەکی عەقڵانی هەیە.

**پێویستە لەم سەردەمەدا بنەماکانی ژیان لە هەموو بوارەکان‌دا وا داڕێژرێتەوە تا هاوسەنگی‌یەك لە نێوان ویستە فرە ڕەنگەکان‌دا بەرقەرار بێ و لەگەڵ ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆنی ناوچەکەدا بگونجێن.**

دەرك کردن بە جیاوازی‌یەکان و گەشەکردنی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری وشیاری‌یە هەمە ڕەنگەکان و ئاڵۆزی و پڕەنگوچەڵەمەبوونی ژیان، پێویستیی بە کردنەوەی دەرگای دیالۆگ بەڕووی هەموو مەیل و بەریانە جۆراوجۆرەکان‌دا هەیە. پێویستە لەم سەردەمەدا بنەماکانی ژیان لە هەموو بوارەکان‌دا وا داڕێژرێتەوە تا هاوسەنگی‌یەك لە نێوان ویستە فرە ڕەنگەکان‌دا بەرقەرار بێ و لەگەڵ ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆنی ناوچەکەدا بگونجێن.

لە سەردەمی بەجیهانیبوونی کولتووردا تا ڕادەیەکی باش کەشێکی کراوە و یەکسان ڕەخساوە تا ئەو کولتوورو نەتەوانەی کە هەتا ئێستا بە گوێرەی سیاسەتی ڕێژیمە ناسیۆناڵ شۆڤینیستەکانی ناوچەکە و بەتایبەت ڕێژیمی ئێران لە ژێر هەڕەشەی تواندنەوەدا بوون، ئاهێکیان وەبەر بێتەوە و لە گەفی ژێنۆسایدو کولتوورسایدو فەوتان ڕزگاریان ببێ و لە سایەی پێشکەوتنی تیکنیکی ڕاگەیاندنەوە وشیاری و کولتووری نەتەوایەتیی خۆیان ببووژێننەوە، بۆ ناساندنی ناسنامەی خۆیان بە میللەتانی جیهان تێبکۆشن و ئینتیگراسیۆن و تەبایی و هاوسۆزیی ناوەکییان بەهێز بکەن و، خێراتر لە سەر ڕێبازی سروشتی و ئامانجی سەرەکیی خۆیان واتە، ڕێبازی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆیان بچنە پێش.

میللەتی کورد و بزاڤە نەتەوایەتی‌یەکەی کە لەڕاستی‌دا قوربانیی ڕاستەقینەی دنیای دووجەمسەری و، ناسیۆنال شۆڤینیزمی زاڵ بەسەر ناوچەکە و ئێران‌دا بوون، لە سیاسەتی جیهانیی ئەوکات و ئەقڵییەتی زاڵ بەسەر ڕێژیمە نەژادپەرستەکان‌دا زۆرترین زیانیان لێ کەوت. بەڵام بەهۆی ئەو گۆڕانکاریگەلە کە لە ئاستی جیهان بەگشتی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەتایبەتی هاتوونە ئاراوە. ناسیۆنالیزمی کورد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتر ڕەوتی سروشتیی خۆی دەپێوێ و لە ئامانجە سەرەکی‌یەکانی خۆی نزیك دەبێتەوە. چونکە نێوەرۆك و دروشمەکانی ئەم ناسیۆنالیزمە، واتە یەکسانخوازی، هەقخوازی، دێموکراسیخوازین و بەربەرەکانێی توند لەگەڵ سیاسەتەکانی ناسیۆنالیزمی شۆڤینیستی نەژادپەرستانە، نادێموکراتیك، هێرشبەرانە و ئاسیمیلاسیۆنکەردا دەکا. ئەمەش ڕاست بە مانای هاودەنگی و پشتیوانی‌یە لەو ویست و داخوازە پێشکەوتووو نوێیانەن کە بەجیهانیبوون هێناونیە گۆڕێ و بە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە بۆ سەر ڕێژیمە دیکتاتۆر، سەرەڕۆ و شۆڤینیستەکان و یەك لەوان ئێران دەژمێردرێن.

بە سەرنجدان بە سەرجەم تایبەتمەندی‌یە مێژوویی، ئابووری، کولتووری و سیاسی‌یەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و هەروەها چۆنیەتیی دروستبوونی ئەم وڵاتانە کە وەك دەزانین یان پاشماوەی ئیمپراتۆرییەکان یان بەرهەمی سیاسەتی کولۆنیالیستیی وڵاتانی ڕۆژئاوا بوون و تەنانەت ناسیۆنالیزمەکەشیان لە سایەی دەسەڵاتی بیانی‌یەوە پێك هاتن و لەگەڵ بنەماکانی عەقڵانییەت، ڕۆشنگەری، ئۆمانیسم و دێموکراسی‌دا بە تەواوی نامۆن. لەم وەرچەرخانە مەزنەی کە جیهانی ئەمڕۆی گرتۆتەوە تازە بە چ جۆرێك توانای درێژەدان بە تەمەنی خۆیانیان نیە و لەلایەن هێزە جیهانی‌یەکانەوە گۆڕانیان بەسەر دێ و لەڕاستی‌دا هەڵدەوشێنەوە. بێگومان ئەم ڕەوتە نوێیە ئێرانیش دەگرێتەوە کە هیچ چەشنە هاوئاهەنگی‌یەکی لەگەڵ گۆڕانکاری‌یە جیهانی‌یەکان‌دا نیە. جا بۆیە بۆچوونەکانی حەمیدرەزا جەلایی‌پوور و هاوبیرەکانی خزمەتێکی ئەوتۆ بە پاراستنی ئەم ئەقڵییەتە کۆنە شۆڤینیستیە ناکەن و ناسیۆنالیزمی کوردییش بەرەو ئەوە دەڕوا کە پێناسەیەکی نوێ بە گوێرەی پێودانگەکانی دنیای ئەمڕۆ لە خۆی بکا.

❊❊❊

# پەیامی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن

**ساڵی نوێی فێربوون پیرۆز**
**خوێندکارانی بەڕێز!**
**قوتابییانی هێژا!**
**ئازادیخوازانی ئێران و کوردستان!**

ساڵێکی نوێی هەوڵ و تێکۆشان لە ڕێی خوێندن و زانست و فێر بوون دا دەستی پێ‌کرد. ساڵێك لە بەردەمە بۆ ئەوی کە ئاستی زانین و تێگەیشتن و توانای خوێندکاران و قوتابییان بە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچان بڕواتە سەرەوە و لەو ڕێیەوە کۆمەڵگاکەمان پلە بە پلە، بەرەو کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو ئاوەڵاتر هەنگاو بنێ.

لە تەنیشت دەستپێکردنی ساڵێکی تر بۆ خوێندن و فێر بوونەوە، ساڵێکی دیکەش بۆ درێژەدان بە خەباتی ئازادی و دێموکراسیخوازی لە نێو زانستگەکان دا دەستی پێ کردوە. ئەمساڵ بە هاتنە سەرکاری قۆڵی خورافە پەرست و دۆستی تاریکیی ڕێژیم، ئەرکێکی قورستر دەکەوێتە سەرشانی خوێندکارانی ئازادیخواز و گشت ئازادیخوازانی وڵات.

ئەوانەی کە بە دوای تێپەڕینی دەیان ساڵ بەسەر بیرە بە تەواوی چەقبەستووی سەرەتای هاتنە سەرکاری ئاخوندەکان داو بە دوای ئەو هەموو جینایەت و خوێنڕێژی‌یەدا، ئێستا نۆستالژیبیانە دەڕواننە ئەو سەردەمانەو بە ڕووماو نێوەڕۆکەوە دەیانەوێ وەرگەڕانێکیان بۆ ئەو سەردەمە هەبێ، جڵەوی دەسەڵاتی نگریسی ئاخوندییان بە دەستەوە گرتوە و هەم لە باری بڵاو کردنەوە و گەشە پێدانی خورافات و نەزانی و هەم لە باری سەرکوتی ئازادی و ئازادیخوازی‌یەوە دەکەونە سەنگەری دژبەری زانستگاو مەڵبەندی زانین و ڕاپەڕین.

**خوێندکارانی کورد!**
**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

هێشتا تەرمی لە خوێن دا شەلاڵی شەهیدانی ٣ی ڕەشەمەی ٧٧، ئەو جینایەتەی کە قۆڵێکی ڕێژم خولقاندی، لە بەرچاومان ون نەبووە کە هاوینی ئەمساڵ، قۆڵێکی دیکەی ڕێژیم شەمشەمەکوێرەکانی خوێنمژی پەروەردەی مینبەری خومەینی بەرەو کوردستان، سەنگەری لە گیران نەهاتووی ئازادیی ئێران، ڕەوانە کرد بۆ ڕشتنی خوێنی ئازادیخوازان.

ئێستا ئەرکی سەرشانی خوێندکارانی کوردە کە ڕێگای شەهیدانی ڕاپەڕینی هاوینی ٨٤ی کوردستان درێژە بدەن و لەگەڵ یادکردنەوەی دۆستان و هاوڕێیانی زیندانیی‌یان‌دا، شانبەشانی خوێندن و فێر بوون، خەباتی دێموکراسیخوازی و ئازادیخوازی درێژە پێ بدەن و هەتا ئازادیی هاوڕێیانی زیندانییان و هەتا گەیشتنی نەتەوەکەیان بە مافی خۆی و هەتا دامەزرانی دێموکراسی لە ئێران‌دا، ساتێکیش لە خەبات و تێکۆشان ڕانەوەستن.

**خوێندکارانی کورد!**
**ئازادیخوازان!**
**هاوسەنگەران!**

لە ساڵی تازەی خوێندن دا، لە ساڵێك‌دا کە ڕێژیمی کۆنە پەرست و دژی ئازادی دەیەوێ دەسەڵاتی چەپەڵی خۆی پەرە پێ بداو بۆ هەموو قوژبنێکی فیکری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی بهاوێژێ، لەم دەمەدا کە ڕێژیم سیرەی لە ئازادی نەتەوەکانی ئێران گرتوە و خوێنی ئازادیخوازان دەڕژێنێ، ئەرکی سەرشانمانە کە بۆ خۆڕێکخستن و لە دەوری یەك کۆبوونەوە، هێزەکانمان بخەینە سەریەك و شانبەشانی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا، بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و مافی نەتەوایەتی و ڕزگاریی ئینسان لە دەسەڵاتی کۆنە پەرستان، تێ بکۆشین.

ساڵی نوێی خوێندنتان لێ پیرۆز
سەرکەوێ خەباتی ئازادیخوازانەی خوێندکاران و ئازادیخوازانی کوردستان
سەرکەوێ خەباتی نەتەوایەتیی نەتەوەکانی ئێران
بەرقەرار بێ دێموکراسی لە ئێران

**دەستەی کارگێڕی**
**یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٣٨٤/٧/٣**

# تەنانەت لە دەقیقەی نەوەدیش‌دا

١ـ ڕۆژی شەممە، ٢٤ی سێپتامبر، دوای حەوتوویەك ململانێ و بگرە و بەردەی دیپلۆماتیکی ئاشکرا و شاراوە، لە ئاکام‌دا شووڕای حوکامی ئاژانسی نێونەتەوەیی وەزەی ناوکی، پێشنووسی ئەو بڕیارنامەیەی کە لەلایەن سێ وڵاتی ئورووپایی‌یەوە پێشنیار کرابوو، پەسند کرد و بەم شێوەیە ڕێگای بۆ ناردنی پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران بۆ شووڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تەخت کرد.

ئەوە لە حاڵێك‌دا بوو کە تا چەند ڕۆژ بەر لە دانیشتنی شووڕای حوکامیش مەزەندەی ئەوە دەکرا کە بە ڕازیکرانی وڵاتانی وەك ڕووسیە و چین لەلایەن ئامریکا و سێ وڵاتە ئورووپایی‌یەکەوە تووشی شکست و بۆرخواردنێکی سیاسی بکا. تەنانەت چاوەڕوانکردنی بە ئاکام نەگەیشتنی دیپلۆماسیی دژ بە کۆماری ئیسلامی وای لە کاندۆلیزا ڕایسی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئامریکا کرد بە ناهۆمێدی‌یەوە بڵێ "ئێمە بۆ ناردنی پەروەندی ئێران بۆ شووڕای ئەمنییەت پەلە ناکەین و لەوانەیە ئەم کارە بۆ هەلەکانی داهاتوو دوا بخەین". سەرەڕای ئەو هەڵبەز دابەزانە بینیمان دیپلۆماسیی دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەك باوەو دەڵێن، لە دەقیقەی نەوەددا، لە ئاکامی هەوڵی بێ‌وچانی وڵاتانی بەڕێوەبەری دیپلۆماسی، گۆڕین و هەروەها کەڵك وەرگرتن لە دەرەتانێکی زیرەکانەی حقووقی ـ واتە جێگۆڕکێی مەرجی ناوکۆیی (ئیجماع) ئەندامان لەگەڵ مەرجی دەنگدان و وەرگرتنی زۆرینەی دەنگ ـ توانی جارێ لەو قۆناغەدا دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامی بەچۆکدابێنێ.

٢ـ ئەم هەواڵە بێگومان ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی شاد کرد. بەتایبەت لەبەر ئەوەی ئەم هەواڵە لە نەکاو و بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بڵاو بۆوە، شادی‌یەکە چەند قات بوو. بەڵام ئێمە هەر لەو چەند مانگەی ڕابردوودا ڕووداوێکمان پێ شك دێ کە ئەگەرچی وەك ڕووداوی سەرەوە ئاکامی چاوەڕوانکراوی لە دەقیقەی نەوەدادا گۆڕی، بەڵام ئەو ڕووداوە وەك ئەمەیان، جێگای خۆشحاڵیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی نەبوو، بگرە شوێنێکی ناڵەباریشی لەسەریان هەبوو. ئەو ڕووداوە، سەردەرهێنانی ناوی مەحموودی ئەحمەدی‌نەژاد لە سندووقەکانی دەنگدان، بە ژمارەیەکی نزیك بە حەڤدە میلیۆن دەنگ بوو. ئەوە لە حاڵێك‌دا بوو کە هەتا چەند حەوتووی بەر لە هەڵبژاردن، لەلایەن بەشێك لە خەڵکەوە وا چاوەڕوان دەکرا ژمارەی دەنگدەران لەوەی ڕاگەیەندرا کەمتر بێ و لە نێو کاندیداکانیش‌دا عالیجەنابی سوورپۆش واتە ڕەفسەنجانی، هەڵبژاردنەکە بباتەوە. کەچی هێزەکانی ڕاستئاژۆی توندڕەوی نێو حاکمییەتی ئێران، ئەوانەی وا ناوی ئوسوولگەراکانیان بۆخۆیان هەڵبژاردبوو، حەوتوو بە حەوتووو ڕۆژ بە ڕۆژ و تەنانەت سەعات بە سەعات، بە خوێندنەوەی تەڵەکەبازانەی بارودۆخەکە هەوڵیان دەدا بڕیارەکانیان گونجاو لەگەڵ دۆخەکە ڕێك بخەن. هەوڵی ئەوان وەکوو تاوتوێی بەربژارکردنی ڕەفسەنجانی وەکوو کاندیدایان، دەستی پێ کرد و دوای ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونە گەیشتنە بەراوردکردنی نێوان قالیباف و لاریجانی و دواتر ئەوانەشیان هەردووك وەلا ناو لە دوایین ڕۆژەکانی بەر لە هەڵبژاردن‌دا لەسەر ئەحمەدی‌نەژاد، ساخ بوونەوە.

وەکوو دروشمی تەبلیغاتیش ڕووی تەبلیغاتی فریودەرانەیان لەو خەڵکە هەژارە بە پەراوێزکراوە کرد کە لە ماوەی ١٦ ساڵی سەرکۆماریی ڕەفسەنجانی و خاتەمی‌دا لە ئاکامی ڕەوتی نەقوستانی مۆدێرنیزاسیۆنێکی چەواشە و لە ئەنجامی گەلاڵەیەکی نارێك و ناهاوسەنگ بۆ گەشەپێدان، هێندەی دیکەش بە پەراوێز کرابوون و چەوسابوونەوە.

کۆی ئەو هەوڵە سات بە ساتانە، وێڕای ئەو تەقەللوبە بەرچاوانەی بەشێوەی جۆراوجۆر لە ڕەوتی ئەو هەڵبژاردنەدا کرا ـ سەرەڕای ئەوەی هەر لە جێ‌دا هەڵبژاردنەکە لەبەر دوو قۆناغی‌بوونی، خاوەنی سروشتێکی نادێموکراتیك بوو ـ ئەنجامێکی لێ کەوتەوە کە هەروەك گوتمان، بەو چەشنەی چاوەڕوان دەکرا جێگای ڕەزامەندیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی نەبوو.

٣ـ لەوانەیە هەردوو ڕووداوی سەرەوە وەبەر بارستی زۆر ڕووداوی گرینگتر و گەورەتری داهاتوو بکەون و ڕەنگی تۆخیان لە بەرامبەر زۆر ڕووداوی چاوەڕواننەکراوی دیکەدا کاڵ بێتەوە. ئەو کەڵکەی من دەمهەوێ لەو ڕووداوانەی وەربگرم، ئەزموونێکە کە دەتوانێ لە جێگای خۆی‌دا بۆ خەباتی نەتەوایەتیمان و بۆ چۆنیەتیی ڕێکخستنی هەوڵەکانمان وەکوو هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن سوودبەخش بێ.

لە پانتایی سیاسەت‌دا ئەو هێزە پێشەنگ و سەقافڵەیە کە لە جیاتیی ئەوەی خۆی بە شەپۆلان بسپێرێ، توانای ئەوەی هەبێ شەپۆل ساز بکاو بتوانێ ڕەوتی ڕووداوەکان بەدەستەوە بگرێ، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە شەپۆل سازکردن و بە دەستەوەگرتنی ڕەوتی ڕووداوەکان بەڕاستی چۆن سەردەگرێ؟

من پێم وایە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەك زۆر جاران نیشانی داوە دەتوانێ وەك هێزێکی سیاسیی پێشڕەو لە پانتایی سیاسەتی کوردستان‌دا، هەر ڕووداوێکی گەورە و چکۆلە وەکوو هەلێکی لەبار بۆ موهەندیسی‌کردنی بزووتنەوەی گەلەکەمان بەکار بێنێ. هەموو ئەو ڕووداوانەی پێشبینی هەڵدەگرن، بەر لە ڕوودانیان و، ئەوانەی پێشبینی هەڵناگرن، لە جەنگەی ڕوودانیان‌دا، دانە بە دانەیان دەتوانن ئەو پرسیارە لە مێشکی ئێمەدا ساز بکەن کە ئێمە چۆن دەبێ لەگەڵ ئەو ڕووداوانە بەرەوڕوو بینەوە؟ و بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ هەم حیساب لەسەر هەرچی دەرەتانی هەمانە بکەین و هەموو کات ئەوەمان لەبیر بێ کە تەنانەت یەکێك لەو دەرتانانە لەوانەیە بتوانێ سەرکەوتنی کاتیمان لەو بڕگە تایبەتەدا دەستەبەر بکا و هەم بە شێوەیەکی مونعەتیف بتوانین سەرەڕای پاراستنی ستراتیژی‌یەکانمان هەنگاو بەهەنگاو و سات بەسات بڕیارەکانمان لەگەڵ بارودۆخ ڕێك بخەین و ئاگاداری ئەوە بین کە ئارایشی ئەو سەحنە سیاسی‌یەی ئێمە تێی داین، لەوانەیە ڕۆژ بەڕۆژ گۆڕانی بەسەردا بێ. هەر ئەو گۆڕانانەیە کە داوامان لێ دەکا ئێمەش لە کایەکەمان‌دا، چالاکانە جێگۆڕکێ بە داشەکان بکەین و لە هەر هەنگاوێك‌دا ئارایشی سەحنەکەمان لەبەرچاو بێ.

لە کایەدا، کایەکەران بەو وەرەقانە کار دەکەن کە لەبەر دەستیان دایە. قاسملووی ڕێبەر دەیگوت: "سیاسەت هونەری مومکینە"، لەوانەیە ئێستا ئێمە تا هێندێك جار کەمتەرخەم بووین بۆ بەکارهێنان و تەنانەت بۆ ناسینی هەموو ئەو وەرەقانەی لەبەر دەستمان دان.

کەواتە دەڵێین لە سیاسەتکردن‌دا نابێ لە هەوڵدان بوێستین، تەنانەت ئەگەر تاقە وەرەقێکیشمان لەبەر دەستدا بێ و نابی بۆ هەڵسووڕان سست بین، تەنانەت لە دەقیقەی نەوەدیش‌دا.

❊❊❊

# بۆچی فیدرالیزم؟

نووسینی : حەمید موختاری
وەرگێڕانی: ناسر فەتحی

دەتوانین فیدرالیزم بە کۆمەڵێك بیرکردنەوە، بایەخو جیهان بینی بزانین کە دەربڕی فەلسەفەیەك لەسەر بنەمای پاراستنی جۆراوجۆرییەکان لەگەڵ بوونی یەکییتییە. فیدرالیزم جۆرێك ئاشتیو تێکلاوییە لە نێوان فرەچەشنیو یەکیەتیی پێکهاتەکاندا.

لە پێکهاتەیەکی وادا دەسەڵات رێژەییەو بە هۆی دەسەڵاتەکانی تر بەرتەسك دەبێتەوەو لە ئاکام دا لە دەست درێژیی دەسەڵات بۆ سەر ئازادی پێش گیری دەکرێو لە نێوان دەسەڵاتو ئازادی هاوکێشییە ساز دەبێ. ئەم پێکهاتە سیاسییە گرووپە جیاوازو لێك نەچوونەکان دەگرێتە خۆو پێوەندی لە نێوان ئەم گرووپانەدا دەستەبەر دەکا. هەروەها بنەمای جۆراوجۆریان قبووڵ دەکاو رێزیان لێ دەگرێ. روجیمۆنت (Rougemont) پێی وایە: فیدرالیزم سیاسەتی یەکگرتن لەگەڵ دەستەبەرکردنی سەربەخۆییە، یان سیاسەتی ئەو گرووپە سەربەخۆیانەیە کە دەیانەوێ سەربەخۆیی خۆیان لە رێگای یەکگرتووییەوە دەستەبەر بکەن.

پرۆدۆن (Prodoun): فیدرالیزم بە مانای بەرفراوانی وشە لێك دەداتەوەو پێی وایە فیدرالیزم بنەما گشتییەکانی چاك سازیی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. بە باوەڕی ئەو نەزمی کۆمەڵایەتی هێرەمێك لە پەیماننامەکانەو سیستەمی فیدرالیزم پەیمان نامەیەکی سیاسییە.

واتزرۆناڵد (Wattsronald) تایبەتمەندییەکانی سیستەمێکی فیدراڵی لەم خاڵانەی خوارەوە کورت دەکاتەوە:

١ـ ئامادە بوون یا بوونی لانیکەم دوویەکی (دوو دەسەڵاتی ناوچەیی) ئەم نیزامە کە هیچ کام لەوان لەژێر دەسەڵاتی ئەوی دیکەدا نەبێو هاوکات لەگەڵ ئەوەش هەرکامیان بتوانن سەربەخۆیانە یاساکانو بڕیارە دەوڵەتییەکانیان بەسەر دانیشتوانی کۆمەڵگایەك دا بە دەنگی خۆیان دامودەزگاو ئۆرگانەکانیان دروست کردوە، جێبەجێ بکەن.

٢ـ بوونی یاسایەکی بنەرەتی بە قبووڵو واژۆی هەر ئەندامێکی دەوڵەتی فیدراڵو هاوکات لەگەڵ ئەوە ئیمکانی گۆڕینی ئەم یاسا بنەرەتییانە بەهۆی هەر یەکەیەکی بچووکی ئەم سیستەمە (یانی بە پێشنیاری هەر یەکێكو قبووڵی زۆرینە یان هەموو یەکەکانی تر)، لە سیستەمی فیدراڵیدا بە پێچەوانەی سیستەمە سانترالیستەکان، یەکە بچوکترەکانی سیستەم (دەسەڵاتە ناوچەیییەکان، ئەیالاتو والسوالییەکانو هتد...) ناتوانن سەربەخۆیانە لە لایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە دابمەزرێن یان لەبەین ببرێن.

٣ـ بوونی ناوبژێوان یا دادوەرێك بۆ پێشگیریو چارەسەری ئەو کێشەو ناکۆکییانەی لەوانەیە لە تەواوی ئاستەکانی دەوڵەت دا بێنە پێش زۆرتر بە شێوەی دادگا (دەسەڵاتی دادوەری یان رێفراندۆمەکان)

٤ـ جیاکردنوەی دەسەڵات لە نێوان دەسەڵاتەکانی یاسا دانانو جێبەجێ کردنو دادوەری لە تەواوی ئاستەکانی سیستەم دا بە پێی یاسای بنەرەتیو هاوکات لەگەڵ ئەوەش دانی دەسەڵاتو توانایی بە هەر بەش یان هەر یەکەیەکی ئەم سیستەمە.

٥ـ سەرەنجام هەبوونی شێوازێك، یا رێگایەك بۆ پراکتیزەکردنی پرسو کارو بارە دابەشکراوەکانو کارە هاوبەشەکانو هەروەها ئەو پرسو بابەتانە کە عادەتەن پێوەندییان بە دوو یا چەندین یەکەی ئەم سیستەمەوە هەیە.

یەکەمین تێئۆریسیەن یا خاوەن نەزەری فیدرالیزم یۆهانس ئالتۆ زیوس (johanes althsius) بوو. ئەو پێی وایەفیدرالیزم بنچینە، شێوازو پێکهاتەیەکی سیاسییە. لەنێو چوونی دەسەڵاتە ناوچەییکانی باکووری ئیتالیا، هولەند، سویسو ئالمانو هاتنە جێگای حکوومەتە فیدراڵییەکان لەم وڵاتانە، ئەزموونێکی راستەوخۆو باش بوون کە خزمەتی بە ئالتووزیس کرد. ئەو بە کەڵك وەرگرتن لەم ئەزموونو راستییە مێژوویییانە، وشیارانە دەستی بە دەستە بەندی، تێکەڵکردنو دابەشکردنی یەکە هاوبەشە سیاسییەکان کرد. لە روانگەی ئەوەوە بچووکترین ئەندامی کۆمەڵگا یا کۆمەڵی سیاسی بنەماڵەیە. بە رای ئەو هەموو شتێك لەسەر یەکەیەکی بچووكو پتەو دامەزراوە. لەم زنجیرەیەدا داوای بنەماڵە بە نۆرە تایەفە، رێکخراوە سینفییەکان، ناوچەکان، شارەکان، ئەیالەتەکانو حکوومەتە ناوەندییەکان دێن. بەم شێوەیە یەکە یەکی کۆمەڵایەتیی گەورەتر لە ژیانی کۆمەڵێك یەکەی بچووکتر پێکهاتوو کە هەر کامیان بە نۆرەی خۆیان شوناسیان دەپارێزن. لەم سیستەمەدا دەسەڵاتو ئۆتۆریتە لە خوارەوە بۆ سەرێ بە شێوەیەکی هێرەم دروست دەکرێ. کاربەدەستانی حکوومەتی ناوەندی تاکێك نین بەڵکوو ئەندامی پلەیەکی بچووکتریحکوومەت واتە ئەیالەتەکانن. هەر وەکوو دەسەڵاتی یەکەمی دەوڵەتیش بەم شێوەیە لە یەکگرتنی یەکە بچووکە کۆمەڵایەتییەکانن. بەرەو یەکە مەزنە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەبێ، ئەیالەتێکیش تەنیا لە یەکگرتنی بنەماڵە، تایەفەو سەندیکا سینفییەکان پێك نایە، بەڵکوو لە یەکگرتنی گوندو شارۆچکەو شارەکان پێك دێ. لایەنگرانی تێوریی رێکخستنی سیاسی لەسەر بنەمای فیدرالیزم ئەم هۆکارانەی خوارەوەیان بۆ سەلماندنی رەوایی ئەم سیستمە خستۆتە رو:

١ـ بایەخە دێمۆکراتیکەکان لە سیستمی فیدراڵیدا دەتوانن بە شێوەیەکی باشتر پراکتیزە بکرێن لە رێگای هەڵبژاردن لە ئاستە جیاوازەکانی وەکوو دەوڵەتی ناوەندی، ئەیالەتەکانو ناوچەکان بۆ خەڵك ئیمکاناتی بەرفراوان دابین دەکرێ بۆ ئەوەی لە پرسە سیاسییەکاندا بەشداری بکەنو لەم رێگایەوە پتر لەگەڵ سیستەمی سیاسی هەست بە هاو شوناسی بکەنو ئەو

**سیستمە فیدراڵییەکان لەچاو سیستەمە سانترالیستییەکان پێویستیی زیاتریان بە رێبەرانی سیاسیی خاوەن ئەزموونو وشیار هەیە. لە راستیدا ئەیالەتەکان سەرچاوەیەکی باشی سیاسەتوانانی زانا، بە تواناو خاوەن ئەزموون بۆ دەوڵەتی ناوەندینو لە بەرامبەردا پارلمانی دەوڵەتی ناوەندی هەمیشە رێبەرانی شارەزای پێشکەش بە ئەیالەتەکان کردوە**

سیستمە لە خۆیان بزانن. فیدرالیزمی کۆمەڵگا گەورەکان پێك هاتوە لە کۆمەڵێك نەتەوەو گەلو زمانی جیاوازو زۆر بەرفراوانو پڕ حەشیمەتە، ئەو بیرۆکراسییەی لە دەوڵەتە سانترالیستییەکاندا هەیەو مەودای خستۆتە نێو خەڵكو دەوڵەتو دەبێتە هۆی لەمپەر لە بەردەم پێوەندیی راستەوخۆ لە نێوانیاندا لە نێو دەباو پێکهێنانی دەوڵەتە ئەیالەتییەکاو دەسەڵاتی یاسا دانانی ئەیالەتی هەڵبژێردراوی خەڵکی ئەو ئەیالەتە، ئاستی بەرەنگار بوونەوەی دەوڵەت لەگەڵ گرفتو واقیعییەتەکانی کۆمەڵگا دەباتە سەرێو بەشداری راستەقینەی هاونیشتمانان لە بڕیارەکاندا پراکتیزە دەکا. بە باوەڕی ژمارەیەك لە بیرمەندان ئەوە تەنیا لە سیستەمی فیدراڵیدایە کە تاك بە تەواو مانا لە دەسەڵاتدا بەشدارەو جێگای تاکە دەسەڵاتێك، کۆمەڵێك دەسەڵات سەر هەڵ دەدەنو پێش بە گەندەڵبوونی دەسەڵات دەگیرێ. واتە بە وتەی مۆنتسکیۆ (دەسەڵات بە دەسەڵات کۆنترۆڵ دەکات)

٢ـ لە سیستمە فیدراڵییەکان دا ئەرکەکانمان مامەڵەو چالاکییە دەوڵەتییەکان بە هۆی سپاردنو دابەشکردنی کارەکان لە نێوان ئەندامە بچووكو بچووکترەکانی ئەم سیستەمەدا دیارنو بە پێچەوانەی سیستمە ناوەندییەکان دەرەتانی چاوەدێریو شوێن لەسەر دانانی پتر دەبێ. جگە لەمە دەوڵەتی ناوەندی ئەرکی بەڕێوەبردنی کارە بچووكو بێ نرخەکانی لەسەرشان سووك دەبێو دەتوانێ بە شێوەیەکی باشتر بە کارە گرینگو مەزنەکان رابگا.

٣ـ لە سیستمە فیدراڵییەکاندا ئەزموونی روانگەو بیرو بۆچوونەکان مەترسییەکی کەمترو مەودایەکی پتری لە پێش دایە. بۆ وێنە کاتێك روانگەیەك لە ئەیالەتێك بە باشی پراکتیزە دەکرێ ئەگەر سەرکەوتوو بوو دەتوانرێ لە ئەیالەتەکانی دیکەش جێبەجێ بکرێو هەموو ئەیالەتەکان سوودی لێ وەربگرن. بەڵام ئەگەر ئەو روانگەیە سەرنەکەوت ئەوە زیانەکەی تەنیا هەر ئەو ئەیالەتە دەگرێتەوە.

٤ـ سیستەمی فیدراڵی دەبێتە لەمپەر لە بەردەم کۆبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەندو هەروەها دابەشبوونی دەسەڵات بە شێوەی ئاسۆیی (دەسەڵاتی یاسا دانان، جێبەجێکردنو دادوەری). بە دابەشبوونی دەسەڵات بە شێوەی ئەستوانی دەوڵەتی ناوەندی، ویلایەتەکانو ناوچەکان، تەواو دەکرێو بەم شێوەیە کۆبوونەوەی دەسەڵات سنووردار دەبێ. دەوڵەتە ناوەندییەکانو دەوڵەتە ئەندامەکان بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان ناچارن هاوکاریی یەکتر بکەن، یەکتر کۆنترۆڵ بکەنو لە یەکتر شت فێر بن.

٥ـ لە سیستمە فیدراڵییەکاندا حیزبەکان ناچارن رقەبەرایەتیی بکەن.

**لە سیستمە فیدراڵییەکاندا حیزبەکان ناچارن رقەبەرایەتیی بکەن. سیستمی پارلمانی لەسەر ئاستی ناوەندو ئەیالەتەکان، پارتەکان ناچار دەکا بۆ بەدەستهێنانی دەنگی خەڵك بەردەوام پێوەندییان پێیانەوە هەبێو بە بەڵگەی بەهێز خەڵك رازی بکەن**

سیستمی پارلمانی لەسەر ئاستی ناوەندو ئەیالەتەکان، پارتەکان ناچار دەکا بۆ بە دەستهێنانی دەنگی خەڵك بەردەوام پێوەندییان پێیانەوە هەبێو بە بەڵگەی بەهێز خەڵك رازی بکەن. دامەزرانی دەوڵەت لەسەر ئاستی ئەیالەتێك یان چەند ئەیالەت ئەو دەرەتانە بۆ حیزبە بەرهەڵستکارەکان دەڕەخسێنێ تا لێوەشاوەیی خۆیان دەربخەنو لەم لۆسەیە (اهرم) بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی کەڵك وەربگرن.

٦ـ سیستەمی فیدراڵی دەبێتە هۆی بەهێزتر بوونی بورژوازیی ئەیالەتیو دەتوانێ هۆگری بە سەرمایە گوزاری لە ئەیالەتەکان دا سەرمایەدارە ئەیالەتییەکان دا دروست بکاو پێش بە هەڵاتنی سەرمایە ئەیالەتییەکان بگرێ. دەوڵەتە ئەیالەتییەکان لە رقەبەرایەتییەکان دا کارئاسانیی پێویست بۆ راکێشانی سەرمایە بۆ لای ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان ئەنجام دەدەنو لەم رێگایەشەوە هۆیەکانی پەککەوتنی کۆمەڵگا وەك بێکاری، هەژاریو... کەم دەبنەوە. هەروەها ئەم سیستەمە دەرەتانی گەشەی هەر ئەیالەتێك بە پێی پوتانسیەڵە ئابوورییەکانی دابین دەکاو لە ئاکام دا کۆمەڵێك سەرچاوەی سامان لە کۆمەڵدا پەیدا دەبن. لە سیستمە فیدراڵییەکان دا هەر وەك دەوڵەتە نیشتمانییەکان لەسەر ئاستی جیهانی سەرقاڵی بەدەستهێنانی قازانجی نیشتمانین، دەوڵەتە ئەیالەتییەکانیش لەسەر ئاستی وڵات بە لەبەرچاو گرتنی قازانجو ئاسایشی وڵات خەریکی بە دەستهێنانی خێرو قازانجی ئەیالەتین. بۆیەش لەم رێگایەوە پێش بەو جیاوازی دانانە ئابوورییە دەگیرێ کە لە سیستمە سانترالیستییەکان لە دژی هەندێك ناوچە دەکرێ.

٧ـ سیستمە فیدراڵییەکان لەچاو سیستەمە سانترالیستییەکان پێویستیی زیاتریان بە رێبەرانی سیاسیی خاوەن ئەزموونو وشیار هەیە. لە راستیدا ئەیالەتەکان سەرچاوەیەکی باشی سیاسەتوانانی زانا، بە تواناو خاوەن ئەزموون بۆ دەوڵەتی ناوەندینو لە بەرامبەردا پارلمانی دەوڵەتی ناوەندی هەمیشە رێبەرانی شارەزای پێشکەش بە ئەیالەتەکان کردوە. ئەم بازنە گەردانە دەرەتانی دەست بە دەستکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی بە باشیو بە بێ گرفت ئامادە دەکاو سیاسەتوانان ناچار دەکا بۆ دەرخستنی لێوەشاوەیی خۆیان ئەرکەکانیان بە باشترین شێوە راپەڕێنن.

٨ـ فیدرالیزم دەبێتە هۆی بەهێزتر بووونی دێموکراسیی نێو حیزبیش

٩ـ لە بەشی ئابووریشدا سیستەمی فیدراڵی لە چاو سیستەمی سانترالیستی کاریگەرترو بە قازانجترە. جۆر بە جۆری هێزی مرۆڤیو بارودۆخی جوغرافییایی ئەیالەتەکان پێویستی بە پەسندکردنی بڕیاری جۆراوجۆری ئابووریی هەیە. لە سیستەمی فیدراڵیدا ئەم دەرەتانە هەیە کە هەر ئەیالەتێك بە پێی ئیمکاناتو توانایییەکانی بەرنامەی ئابووریی بۆ دابڕێژێو پراکتیزە بکرێ.

١٠ـ لەم سیستەمەدا فرەیی ناوەندەکانی دەسەڵات دەبێتە هۆی جۆراوجۆریی ئاستی چاپەمەنیو راگەیێنەکانو لەم رێگایەوە دەرەتانی بەدەستهێنانی زانیاریو هەواڵ بۆ خەڵك زیاتر دەبێ.

١١ـ سیستەمی فیدراڵی لە دەوڵەتە فرە نەتەوەیییەکان دا دەبێتە هۆی ئەوە کە هەرکام لە نەتەوەکان کە خاوەن دابونەریتو زمانی تایبەت بە خۆیانن لە بواری زمانیو باوەڕە کەلتوورییەکاندا خاوەن باوەڕی تایبەتو جیاوازن، بتوانن بە زمانی زگماکیی خۆیان بخوێننو گەشە بە کەلتووریان بدەن.

## فیدرالیزم لە ئێران

لەم بەشەدا لەکاریگەرییەکانی سیستەمی فیدراڵی لە ئێران دا دەکۆڵینەوە:

ئێران لە بواری پێکهاتەی حەشیمەتەوە لە نەتەوەکانی کورد، فارس، تورك، بەلوچ، عەرەبو تورکمەن پێك هاتووە هەرکامیان خاوەن دابونەریتو زمانی لاتایبەت بە خۆیانو لە بواری باوەڕە کولتوورییەکاندا تایبەتمەندیی جیاوازیان هەیە.

هەموومان دەزانین منداڵانی ئەم نەتەوانە بە هۆی خوێندن بە زمانی نازگماکی لە ئێران تا چ رادەیەك تووشی دابەزینی ئاستی خوێندنو راکردن لە خوێندنو سەرنەکەوتوویی دەبنو ئەمەش زیانێکی قورسە. مافی سروشتیی ئەم نەتەوانەیە کە بە زمانی زگماکیی خۆیان بنووسنو بخوێننو بۆ گەشە پێدانی، کاری پێویست ئەنجام بدەنو دەبێ سیستەمی سیاسیی دەوڵەت دەرفەتی جێبەجێکردنی هەموو ئەمانە بڕەخسێنێ. بەڵام سیستەمی سانترالیستیی ئێران لە ماوەی چەندین دەیەدا ئەم دەرفەتەی نەرەخساندوەو تەنانەت لە بەرامبەر کارە خۆ بەخشییەکانی ئەم نەتەوانەشی بۆ پاراستنو فێر کردنی زمانی زگماکیی خۆیان دا راوەستاوە. ئەم سیستەمە چەندین ساڵە بە ئەنقەست لە رێگای تواندنەوەی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران دا هەنگاو دەنێو تا ئێستا زیانی قەرەبوو نەکراوی لە کەلتوورو زمانی ئەم نەتەوانە داوە. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە هەموو گرووپێك دژایەتی توانەوەو لە

**سیستەمی فیدراڵی لە دەوڵەتە فرە نەتەوەیییەکان دا دەبێتە هۆی ئەوە کە هەرکام لە نەتەوەکان کە خاوەن دابونەریتو زمانی تایبەت بە خۆیانن لە بواری زمانیو باوەڕە کەلتوورییەکاندا خاوەن باوەڕی تایبەتو جیاوازن، بتوانن بە زمانی زگماکیی خۆیان بخوێننو گەشە بە کەلتووریان بدەن**

نێوچوون دەکاتو رەسەنایەتیی خۆی دەپارێزێ. نموونە جۆراوجۆرەرکان دەری دەخەن بوونی نەتەوەی جۆراوجۆر بە زمانی جیاوازەوە لە نێو دەوڵەتێك دا دژایەتیی لەگەڵ دامەزرانی دەوڵەت ـ نەتەوەیەك کە خەڵکەکەی زۆر یەکگرتووەو خاوەن هەستی نیشتمان پەرستی بە نرخی نیە. بەڵام دەبێ پێکهاتە سیاسییەکانی دەوڵەت گرینگی بە بواری فرە نەتەوەیی وڵات بدەنو بەم پێیەش فیدراڵیزم دەتوانێ پێکهاتەو نیزمێکی گونجاو بۆ پێشگرتن لە سەرهەڵدانی ئەو دژایەتییە سیاسییەی کە لە نەدانی مافەکانی نەتەوەکان لە نێو دەوڵەتێك دا دروست بووە دابین بکا.

نەوتو سەرچاوە ژێر زەوییەکانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران پلەی ٣ی لە جیهاندا هەیەو پتر لە ١٠٪ی نەوتی جیهان دابین دەکا. زۆربەی سەرچاوە نەوتییەکانی لە باشووری ئێرانو دەشتی مۆغانی ئازەربایجان هەڵ کەوتوون. ئەو ناوچانەی سەرچاوەی کانزایی (مسو ئاسنو...)ی زۆریان هەیە کەوتوونەتە سەر پارێزگای ئازەربایجانو ناوەندی ئێران. ناوچەی گونجاو بۆ کشتوکاڵ (باکوورو باکووری رۆژئاواو رۆژئاواى ئێرانو...) ناوچەی گەشتوگوزاری لە ناوچەکانی باکوورو باکووری رۆژئاواو شارەکانی مەشهەد لە رۆژهەڵاتو ئیسفەهان لە ناوەند هەڵکەوتون. پۆتانسیەڵی ئابووریی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران جیاوازە، بەڵام رێژیمە دەسەڵاتدارەکانی ئێران جا چ رێژیمە پاشایەتییەکانی وەك رێژیمی حەمە رەزا شاو چ رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران چەندین ساڵە سیاسەتی ئابووری سانترالیستییان کە دەبێتە هۆی هەڵاواردنو جیاوازیدانانی ئابووری لە نێوان پارێزگا فارس نشینو غەیرە فارس نشینەکان دا بە مەبەستی خێرایی جێبەجێ کردنی سیاسەتی تواندنەوەی کەلتووریو زمانیی ئێرانییە غەیرە فارسەکان پێڕەو کردوە. واتە ئەم سیاسەتە بە دامەزراندی جەمسەرەکانی ئابووریو پیشەیی لە ناوچە فارس نشینەکان دا، لاوە غەیرە فارسەکان کە لە دووی کار دەگەڕێن، رادەکێشێو ئەوان لە کەلتوورو زمانی فارسیدا دەتوێنێتەوە. لەم پێوەندییەدا ماوەیەك لەمەوبەر لە رۆژنامەیەکی ئێرانیدا نووسرابوو کە وەزارەتی پیشە لە کۆمەڵێك پێوەری پیشەیی جیاوازی کۆڵیوەتەوەو هەرکام لە پارێزگاکانی بە پێی پیشەکانی پلە بەندی کردوە. لەم پلە بەندییەدا پارێزگای تاران ٨٦١٦ خاڵی بەدەست هێناوە. لە کاتێك دا پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا بە ٥٢١ خاڵ، پلەی شازدەهەمی بەدەست هێناوەو پارێزگای کرماشان ٢٩٨ خاڵ، پارێزگای کوردستان ١٢٢ خاڵو ئیلام ٣٤ خاڵی بەدەست هێناوە. بۆیەش بۆ رێگرتن لەم دژایەتیو هەڵاواردنانە پێویستە سیستەمی فیدراڵی لە جیاتیی سیستەمی سانترالیستی جێگیر بکرێ تا بە دابەش کردنی دادپەروەرانەی سەروەتو سامان لە کۆمەڵگادا بواری گەشەی ناوچە غەیرە فارس نشینەکان خۆش بکرێو ئەم نەتەوانە لەو قاتوقڕییە ئابوورییەی لە سانترالیزم کەوتۆتەوە رزگاریان بێ. لە ئاکام دا دەوڵەتی ئێران بە بوونی هێندێ واقیعیەتی وەکوو فرەنەتەوەییو بوونی چەند زمان لە چوارچێوە جوغرافییایەکەیداو هەروەها پێویستیی گەشەی خێرای ئابووریو هەنگاونان بەرەو دێمۆکراسیو خەڵك سالاری پێویستیی بە سیستەمی فیدراڵی هەیە بۆ ئەوەی واقیعییەتەکانی نێو پێکهاتەی سیاسیی وڵات نیشان بدا.

***

# نەتەوەو ناسیونالیزم لە دیمانەیەك

## لەگەڵ حەسەن ئەیوب زادە ( گۆران )دا

دیمانە: عەولا بەهرامی

بەشی دووهەم



**من پێم وایە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان بەبێ حیزبێکی نەتەوەیی کە هاواری پێناسەیەکی گشتی بۆ میللەتی کورد بکاو ویستو داخوازیەکانی لە چوارچێوەیەکدا جێبکاتەوە، پێی وابێ ئەگەر خەباتێکی کە دەیکا دەبێ خەباتێکی یەك پارچەی نەتەوەیی بێ دەنا سەرکەوتنی زۆر دژوارە**

**پ: ئەگەر بمانهەوێ کوردستانو ناسیونالیزمی کوردی بکەینە نموونەیەك لە باسەکەمان دا، بەڕێزت پێت وایە ئەو هۆکارانەی باسمان کردن (هەرچەند جیاوازیی بیروڕاشمان لەسەریان هەیە) چەندە توانیویانە، هوشیاریی کورد بوونو بە گشتی ناسنامەی نەتەوایەتیی ئێمە یەکلا بکەنەوە؟**

و: من پێم وایە بەڕاستی کورد خۆی باش پێناسە کردوە، دەزانێ قازانجی چیە؟ زەرەری چیە؟ دەبێ چۆن بژیو چۆن نەژی؟ ئەوە کورد بە شێوەی گشتی کردویەتی، بەڵام ئەوەی کە من دەتوانم بە خاڵێکی سەرەکیی دابنێم، ئەوەیە کە ڕێبەرانی ئەو گەلە بەڕاستی دوژمنیان پێناسە نەکردوە. یانی ئێمە ناساندنی خۆمان کردوە، بەڵام دوژمنەکانمان پێناسەیەکی باشیان بۆ نەکراوە. هەر کاتێك کە ئێمە دێین شۆڕشەکان لێك دەدەینەوە تەماشا دەکەین بە شێوەیەك ڕێبەرانی ئەو گەلەی ئێمە دوچاری نەوعێك تەوەهوم دەبن کە ئەو تەوەهومە بۆ خۆی ئەوان بەرەو نەبوونی دەکێشێ. لە رابردووەوە تا ئێستا چەند کەس لە ڕێبەرانی گەلی کورد سەریان ناوەتەوەو دوژمن بە فێڵ لەبەینی بردون. هۆیەکەی مەعلوومە ڕێبەرانی ئێمە دوژمنیان باش نەناسیوە، وەختێك کە ڕێبەرێکی کورد مەسەلەن وەکوو سمایل ئاغا دێ شەوێك هەتاکوو بەیانی لەگەڵ ڕەزا شا دادەنیشێ تەختە نەردی لەگەڵ دەکا، ژاندارمێك دێ بە ڕەزا شا دەڵێ هەتا بەیانی بەو شێوەیە ڕای بگرە نەکا بمان کوژێ چونکە دەورەیان داوین. کە سبەینێ دەڕوا دەرباز دەبێ، هەر ئەو ڕەزاشایە دەستوور دەدا کە سمایل ئاغا بکوژن. [دواتر] بانگهێشتی دەکەنو لە کەمینێك دا دەسڕێژی لێدەکەن. لە مەسەلەی کۆماردا هێندێك کە لێی ورد دەبینەوە تەماشا دەکەین، زۆر شت لێرەدا بووە کە نەدەبوو ببێ. مەسەلەی شەهید دوکتور قاسملوو دەبینین تیکرار دەبێتەوە، یانی لە ڕاستیدا ئێمە باش دوژمنانمان پێناسە نەکردوە. دوژمنەکەت تۆ وەك دوژمن تەماشا دەکا، کە دەرەتانی هەبێ هەموو شتێکت لەگەڵ دەکا. (٥٩) لاوی مەهابادی لە یەك ڕۆژدا دوژمن دەیانکوژێ، بەڵام هەر ئەو کەسەی کە ئەوان دەکوژێ دەبێتە فەرمانداری تۆ، تۆ قەبووڵی دەکەی, قبووڵت کردوە ئەو قاتڵە لە نێو تۆ دایە دەڵێی ئەو ئێرانییە، وەکوو منە، خاوەنی حەقە، خاوەنی ئەو وڵاتەیە، حەقی پێدەدەی ئەو حکوومەت بەسەر تۆدا بکا. مانای ئەوەیە تۆ ئەوت قبووڵ کردوە، بەڵام ئەو تۆی قبووڵ نیە. پێناسەی تۆ لە شوناس ئەو پێناسەیە نیە کە دەبێ ببێ. پێناسەی ئەو ڕێبەرە لە شوناسی خۆیو لە شوناسی تەرەفەکەی ئەوە نیە کە لە عالەمی واقیعدا هەیە. ئەو زۆر چاك تۆی پێناسە کردوە. دەزانێ تۆ دوژمنی، بە هەموو شێوەیەك دەتکوژێ لەبەینت دەبا. نموونەکەی هەڵەبجەیە تۆ لە وڵاتێکدا دەژی کە ئەو دوژمنەی تۆش لەوێدا دەژی. ئەو بۆی هەیە تۆ بتوێنێتەوە، بەڵام تۆ قەت فیکر لەوە ناکەیەوە کە ڕۆژێك دەت توێنێتەوە. شوناسی تۆش لێرەدا مەعلووم نیە، یانی وەك ڕێبەری میللەتێك کە هاتی خۆت پێناسە نەکرد، ئەوت پێناسە کرد، هەر ئەوەت بەسەر دێ کە لە هەڵەبجەدا بەسەر گەلی ئێمە دێ. مەبەستم ئەوەیە ڕێبەرانی کورد، حیزبە سیاسییەکان پێناسەیەکی هەڵەیان لە دوژمنەکەیان هەیە. وەختێك کە تۆ دەڵێی من هاوبەشم، برابەشم لەگەڵ کەسێکی کە تۆ دەتوێنێتەوە، هەر ئەو بەسەرهاتەت دەبێ کە هەتا ئێستا هەت بووە. ئێستا سەدەی بیست و یەکە. ئاخرین میللەتین لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە دەوڵەتمان نیە، وەك نەتەوەیەك مۆری خۆمان لەنێوچاوانی مێژوو نەداوە. بە چل میلیۆن ئینسانەوە ئێمە نەمانتوانیوە یانی ئێمە دووهەمین نەتەوەین پاش عەرەب لە باری زۆرایەتییەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا ئێستاش ڕێبەرانی حیزبە سیاسییەکان نەگەیشتوونەتە سەر ئەو قەناعەتە کە نەتەوەیەکی چل میلیۆنی پێویستی بە ناسنامەیەکی دیکە هەیە، بە پێناسەیەکی دیکە هەیە وەکوو نەتەوەیەك خۆی بەو جیهانە بناسێنێ. هەرکام لە چوارچێوەی مەنتەقەیەكو ناوچەیەك دا بە دروست کردنی تەشکیلاتێکی ناوچەییەوە نووساوەو پێیان وایە کە ڕۆژێك دەتوانن بۆ ئەو ناوچەیە کە دابەش کراوە دەرەتانێکی نیە، لە ئیمکاناتی بەشەکانی دیکە کەڵك وەرناگرێ کە بتوانێ سەرکەوێ. چاوەڕوانن موعجیزەیەك ڕووبدا کە بەشێك لە کوردستان بتوانێ بە هەموو ئاواتەکانی خۆی بگا، بەبێ بەشەکانی دیکە. من پێم وایە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان بەبێ حیزبێکی نەتەوەیی کە هاواری پێناسەیەکی گشتی بۆ میللەتی کورد بکاو ویستو داخوازییەکانی لە چوارچێوەیك دا جێبکاتەوە، پێی وابێ ئەگەر خەباتێکی کە دەیکا دەبێ خەباتێکی یەك پارچەی نەتەوەیی بێ دەنا سەرکەوتنی زۆر دژوارە.

**ئێمەی کورد یەك مەسەلەمان هەیە، چەند مەسەلەمان نیە، کوردستانێکەو دابەش کراوە. بە پێچەوانەی مەیلو ئیرادەی گەلی ئێمە دابەش کراوە. ئەوانەی کە دابەشیان کردوە کاتی خۆی بەرژەوەندی خۆیان بووە لە دابەشکردنی ئێمەدا، ئێستا ئەو مەنافیعەیان نەماوە**

**پ: سیاسەت زیاتر لە گەڵ واقیع دەژی، واقیعییەتی سیاسیی کوردستانیش ڕوونە، پێت وانیە هۆگەلی وەك دابەش بوونی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەت داو تەنانەت ـ ئەگەر ئێستای کوردستانی عێراقی لێدەرباوێین ـ هۆگەلە ناوچەییو نێودەوڵەتییەکانو بەرژەوەندیی زلهێزەکانیش وایان کردوە ئاواتە نەتەوەییەکانمان بەو شێوەیە کە پێویستە لە سیاسەتماندا ڕەنگ نەداتەوە؟**

و: ئەوەی کە فەرمووت سیاسەت هونەری مومکینە، بەڵێ ڕاستە، بە ئەندازەی هێزو توانایەکی کە هەتە دەتوانی داواکەت بەریە پێشێ. بەڵام دروستکردنی ئیمکانیش کاری ئینسانی سیاسییە. وەختێك کە تۆ دێیە دنیای سیاسەتەوە دەبێ ئیمکان دروست بکەی. ڕێگاکانی ببینیەوە، شێوەی کارەکانت بگۆڕی. ئەوە لایەنێکی، لایەنێکی دیکە ئێمەی کورد یەك مەسەلەمان هەیە، چەند مەسەلەمان نیە، کوردستانێکەو دابەش کراوە. بە پێچەوانەی مەیلو ئیرادەی گەلی ئێمە دابەش کراوە. ئەوانەی کە دابەشیان کردوە کاتی خۆی بەرژەوەندی خۆیان بووە لە دابەشکردنی ئێمەدا، ئێستا ئەو مەنافیعەیان نەماوە. وڵاتێکی کۆلۆنیە من پێم وایە دەبێ لەسەر ئەوە جەخت بکەین کە کوردستان وڵاتێکە بە پێچەوانەی هەموو وڵاتەکانی دیکە، ئێستا بەرژەوەندیە کۆلۆنیالیزمی تێدا حاکمە، یانی دابەشکردنی ئێمە وەکوو هیچ وڵاتێکی دیکە نیە. بەراوردێك دەکەم بەینی کوردو سیاسەتی ئاپارتایدی ئافریقا هەر وەکوو نووسەرێکی تورك "ئیسماعیل بێشکچی" بەراوردی دەکا. بەڕاستی من ئەو حاڵەتە دەبینم ئێمە وڵاتەکەمان دابەش کراوە، گەلەکەمان خەریکن دەتوێننەوە، شوناسی لێدەستێننەوە، دەیسڕنەوە. کەواتە مەسەلەکەمان یەك مەسەلەیە. ئەگەر لە تورکیە بە شێوەیەكو لە ئێران بە شێوەیەكو لە سووریە بە شێوەیەکی دیکە دێتە گۆڕێ، نەفسی شتەکە ئەوەیە چییەتیی شتەکە ئەوەیە ئێمە وڵاتێکین وڵاتەکەمان داگیرکراوە، نەتەوەیەکین دەمان توێننەوە. لە ئافریقای جنووبی [بەپێی] سیاسەتی ئاپارتاید سپییەکە بە ڕەشەکە دەڵێ قوتابخانەی خۆت دروست بکە، حەمامی خۆت دروست بکە، ئوتوبووسی خۆت هەبێ، بەڵام مەیە نێو ئێمە ئەتۆ ڕەشی ئەمن سپیم، زمانی خۆت بڕۆ بخوێنە، بەڵام ئێمە لێرەدا بۆ وێنە لە تورکیە ئەتۆ وەختێك حەقت هەیە، کە خۆت بە تورك بزانی حیسابی بکە وەزعییەتی ئێمە لە ئاپارتایدیش گەلێك خراپترە. لە ئێرانیش ئێستاشو ئێستاش کە هەروایە. کابرا لە ئامریکا شوفیری تاکسییە، بەڵام حازر نیە ئەوە بە من بڵێ ئەمن نەتەوەیەکم ئەمن لە وڵاتێکی دیکەدا حکوومەتم بەسەر کەسێك دا کردوە کە ئێستا لە ئەمریکاش هەر پێی وایە دەبێ ئەو تەسەلوتەی هەبێ کە لەوەپێش لە کوردستان هەیبووە. مەسەلەکە ئەوەیە ئێمە هەموو لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان، لە پێنج پارچەکەی کوردستان دا یەك مەسەلەمان هەیە ئەویش مەسەلەی نەتەوایەتییە. کورد وڵاتێکی هەیە ئەو وڵاتەی دابەش کراوە بۆ خۆشی خەریکن دەتوێننەوەو تواندویانەتەوە. بە درێژایی مێژوو ئێمە ئەو هەستەمان هەیە جا ئەگەر کەسێك لە تورکیە بە شێوەیەکی دیکە بیهەوێ بەرەو پێش بچێو ئێمە لە ئێران دا شێوەیەکی دیکەمان گرتۆتە پێش ئەوەی لە عێراق دا شێوەیەکی دیکەی بۆ ڕەخساوەو لە سووریە، مەسەلەکەمان یەکە، ئەویش ئازادیی میللەتەکەمانە، ئازادیی وڵاتەکەمانە لەو دابەشکراوییە. حەقی خۆشمانە یانی ئەگەر تەماشا بکەی هیچ حقووقێك کە لە وڵاتانی دیکەدا هەیەو حقووقی نێونەتەوەیی ئێمە مەنع ناکا لەوەی کە ڕۆژێك یەك بگرینەوە. ئێمە دوو ڕێگامان لە پێشە یەکەم ئەوەی کە لەو وڵاتە کە تێیدا دەژین لەگەڵیان، دەژین لەگەڵ ئەو میللەتانە جۆرێك هەڵسوکەوت بکەین کە بتوانین بە تێگەیشتنی هاوبەش بگەین، وەکوو سوودان. سوودان دوو نەتەوەی تێدایە، دوو ئایینی جیای تێدایە. ئەوانە هاتون لەگەڵ یەك ڕێککەوتوون تا پێنج ساڵی دیکە پێکەوە بژین، نەوعێك تاقیکاری بێ بۆ ئەوان کە ئەگەر توانیان درێژەی بدەن، دەنا با هەرکەس بە ڕێگای خۆیدا بڕوا. ئێمەش دوو ڕێگامان زیاتر لە بەر نیە یەك قۆناغی یەکەم لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە ئێمەی تێ داین بە تێگەیشتنی هاوبەش بگەین، شێوە تێگەیشتنێك پێك بێنین کە ئێمە بتوانین بۆ درێژخایەن ئەگەر ڕۆژێك کوردستان هەمووی یەکی گرتەوە کە قۆناغی دووهەمەو ڕۆژێك حەتمەن دەبێ یەك بگرێتەوە چ دەبێ با لەگەڵ ئەو وڵاتانەی دیکە وەکوو ئوروپا لە کونفدراسیۆنێك دا پێکەوە ئێمە وڵاتێکی کۆنفیدراتیڤمان هەبێ کە ئەو وڵاتانەی دەوروبەر هەر یەکە حاکمییەتی خۆی دیار بێ، ئێمەش لەگەڵ ئەوان بەپێی قەرارداد بە تەفاهوم بگەین لەسەر هێندێك مەسەلە کە شێوەی ژیانی ئێمە لەو چوارچێوەیەدا جێبگرێ، وەکوو ئوروپاییەکان ئێستا بە شێوەیەکی کۆنفیدراتیڤ دەژین. هەر میللەتێك سنووری خۆی هەیە، زمانی خۆی هەیە، دەوڵەتی خۆی هەیە، بەڵام لە یەکیەتییەکی گەورەدا پێکەوە دەژین. پوولیان کردۆتە یەك، پاسپۆرت نەماوە لە نێوانیان دا، هاتوچۆ ئازادە، نیشتەجێ بوون ئازادە، دەتوانی بچیە هەموو وڵاتێك. ڕۆژێك کوردیش بەو مەرحەلەیە بگا وڵاتەکەی ببێتەوە یەكو سەربەخۆ بێ، لەگەڵ وڵاتانی دیکەی دەوروبەری کە پێکەوە ئێستا نەوعێك بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە پێکەوە لەگەڵ یەك بتوانن بە شێوەیەکی دیکە بە شکڵێکی دیکە ئەو تەفاهومە پێك بێنن کە ئەوانە بتوانن پێکەوە بژین. ئەوە نە خەونەو نە خەیاڵە، هەوایەو هەڵی دەمژین. ئێمە بەرەو ئەوە دەڕۆین. قانوونەکانی دنیاش پشتیوانیمان لێدەکەن، میساقە نێونەتەوەییەکان هەن، حقووقی بەشەر هەیە، کۆمەڵگای ئینسانی بەرەو ئەو جێگایە دەچێ، ئەگەر ڕۆژێك دەیانگوت دەوڵەتی یەکیەتیی سۆڤیەتی کە لە چەندین میللەت پێك هاتبوو ئێستا ئەوە نەماوە، ئەوکات هیچ کەسێك بیری لەوە نەدەکردەوە کە ڕۆژێك ئەو میللەتانە سەربەخۆ بن. ئێستا ئەو دنیایە تێك چووە، نەماوەو کوردیش لەوە کەمتر نیە، خاوەنی حەقی بەرابەرە، بۆی هەیە ڕۆژێك ئەو میللەتە وڵاتێکی سەربەخۆی بێ. ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیە لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکە لەگەڵ میللەتەکانی دیکە بە نەوعێك تەفاهوم بگەن کە لەو ناوچەیەدا کە هەموومان تێیدا دەژین پێکەوە لە یەکیەتییەك دا کۆببنەوەو بەرنامەی ئابووریی خۆیان بە شێوەیەکی دروستو زانستی دارێژنو چەوسانەوەی میللەتێك بە دەستی میللەتێکی دیکە کۆتایی پێبێو ئیتر کوشتارگایەك ساز نەکرێ بۆ کوردان هەموو ڕۆژێك بە فەرمانی جیهادو فتوا گەلەکەمان قەلاچۆ نەکەن، دەبێ ڕۆژێك ئێمە بیر لەوە بکەینەوە نەتەوەکەمان خاوەنی کیانێك بێ کە ئەوە دەی پارێزێ لە فەرمانی جیهاد، لە ئەنفال، لە هەڵەبجە، لە کوژرانی ١٢٨٠٠ کەسی کود بە تۆڵەی کوشتاری تورك لە ئەرمەنی. زەروورەتە حەتمەن ئەوە دەبێ پێك بێ خەیاڵ نیە، خەون نیە واقیعییەتە. ئەوە لە زەینی ئێمەدا کە پێمان وایە ئەوە خەیاڵەو نادروستە. دنیای واقیع شتێکی دیکەیە کێ فیکری دەکردەوە، سەددام بەو قودرەتە جەهەنەمییەی دروستی کردبوو ڕۆژێك ئێمە بە چاوی خۆمان بیبینین کە وەکوو مشك لە کونێك بیهێننە دەرێ، کێ فیکری لەوە دەکردەوە ڕۆژێك شا بەو هەموو قودرەتو عەزەمەتەی کە هەی بوو ئاوای بەسەر بێ کە دیتمان. نەخەونە نە خەیاڵ، دەوڵەتی کوردی هەوایەو هەڵی دەمژین.

**بە درێژایی مێژوو ئێمە ئەو هەستەمان هەیە جا ئەگەر کەسێك لە تورکیە بە شێوەیەکی دیکە بیهەوێ بەرەو پێش بچێو ئێمە لە ئێراندا شێوەیەکی دیکەمان گرتۆتە پێش ئەوەی لە عێراقدا شێوەیەکی دیکەی بۆ ڕەخساوەو لە سووریە، مەسەلەکەمان یەکە، ئەویش ئازادیی میللەتەکەمانە، ئازادیی وڵاتەکەمانە لەو دابەشکراوییە**

***

# تاراوگـەنشینانی نیشـتمان

شۆڕش غەفووری

**نەتەوەی کورد لەو نەتەوە مافخوراوانە بووە کە زۆربەی تاکەکانی ماڵەکەیان بە کۆڵیانەوە بووەو لەم دێ بۆ ئەو دێو لەم شار بۆ ئەو شارو دواتریش گەڕانەوە بۆ شاخی بوونی مرۆڤو ئاگرکردنەوە لە نێو ئەشکەوت خەریکی خۆپەنادان و شاردنەوەی خۆیان بوون.**

نەتەوەی کورد لەو نەتەوە مافخوراوانە بووە کە زۆربەی تاکەکانی ماڵەکەیان بە کۆڵیانەوە بووەو لەم دێ بۆ ئەو دێو لەم شار بۆ ئەو شارو دواتریش گەڕانەوە بۆ شاخی بوونی مرۆڤو ئاگرکردنەوە لە نێو ئەشکەوت خەریکی خۆپەنادانو شاردنەوەی خۆیان بوون. دیرۆکی کورد یەکەم دێڕەکانی بە وشەگەلی کۆچو دابڕانو ئاوارەییو تاراوگە نشینی دەست پێدەکا.

پێویست نیە بە نێو مێژوودا شۆڕبینەوە، چونکە ئێستای ئێمە کە سبەینێ دەبێتە مێژووەکەمان جیاوازییەکی زۆری نیە لەگەڵ زەمەنە دوورودرێژەکانی رابردوو. میللەتێکی وەستاوو دەست بەسەرکراو، تەنیا رەوتێك لە مێژووی خۆیدا بەدی دەکا ئەویش دووبارە بوونەوەیە. ئیتر ئەم دووبارە بوونەوەیە کورد دەخاتە قۆناغی ون بوونەوە. دوژمنانی کورد سیاسەتێکی وایان بەکار هێناوە کە تاکی کوردی لە قەیرانێکی گەورەی خۆیدا بتلێتەوەو تەنیا دوو رێگای بۆ ماوەتەوە یەکەمیان مانەوە لە نیشتمان، بەڵام ئەو جەستەیەی کە ماوەتەوە هیچ کات لەگەڵ خەیاڵ دا ئاوێزان نەبووە بە واتایەکی تر جەستەیەکی خەیاڵ فڕیو بووە.

دووەمیشیان دەرچوونو راکردن لە نیشتمان بووە کە ئەویش بە پێچەوانەی ئەوەی یەکەم جەستەی هەڵاتوو بەڵام خەیاڵی ئاوێتەی نیشتمان بووەو نەی توانیوە وێنەکانی ون بکا. ئەمەش گشت لە پێناو سڕینەوەی ناسنامەیەك بووە کە پێی دەڵێن [ناسنامەی کورد بوون]. هەر بۆیە سڕینەوەی ناسنامەی نیشتمانیو ئەتنیکیی کورد، یەکێك بووە لە سیاسەتە سەرەکییەکانی دوژمنانی کورد.

ئەرکی ئەم نووسینە لێکۆڵینەوەیەکی کورتە لە تاراوگەنشینیی تاکی کورد لە نیشتمانی خۆیدا. بەدوای لەت بوونو دابەشکردنی کوردستانی گەورەدا هەرپارچەیەو بەدەر لە گشت پێوەندییەکانی خۆی کولتوورێك بەسەریدا زاڵ بوو کە ئاکامەکەی بەرهەڤکردنی جۆرێك لە نامۆیی بوو بەرامبەر بە بەشەکانی دیکەی کوردستان. جالێرەدا مەبەست لێکدانەوەی ئەو حاڵەتەیە کە تاکی کورد لە پارچەیەکەوە بە ناچاری روودەکاتە پارچەیەکی دیکەی نیشتمانە لەتکراوەکەی. واتە لێرەدا باس لە هەڵچنو پێکهاتەی ژیانی ئەو پەنابەرە کوردانە ناکرێ کە روویان لە وڵات گەلی ئورووپاییو ئەمریکا کردوە.

### تاراوگە کوێیە؟!!

عەتا نەهایی (نووسەری رۆژهەڵاتی کوردستان ـ چیرۆکنووس ـ) تاراوگە بە چەمکێکی مەکانی دادەنێ، واتە چوارچێوەیەکی جوگرافی لە دەرەوەی سنوورەکانی نیشتمان.

هەروەها بەختیار عەلی (بیرمەندی کورد لە باشووری کوردستان)، تاراوگە بە شوێنگەو بزوێنێکی گەورەی نوێبوونەوەو داهێنان دادەنێ.

بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەی پێ درا ئەم وتارە باس لە تاراوگەنشینانی نیشتمان دەکا، نەك دەرەوەی نیشتمان. بەڵام لەبەر رۆشنایی هەندێ لێك نزیکیو هاودەردی دەتوانرێ لەو رەهەندانەوە باسی لێوە بکرێ. بەڵام دەتوانرێ لەو لایەنەوە بچینە قووڵایی باسەکان کە تاراوگە ئەو شوێنو زەمەنەیە کە کەسی تاراو (وەك عەتاینەهایی دەڵێ) سەفەری بۆ دەکاو ئاوێتەی دەبێ. هەروەها دەبێ لێکدانەوەشمان هەبێ بۆ ئەو نیشتمانەی کە دەبێتە تاراوگە. کۆمەڵە کەسێك لە پارچەی خۆیان هەڵ دەقەندرێنو بە مەجبووری روودەکەنە پارچەیەکی دیکە لە نیشتمانی بەشکراو. لێردا سەرەتای هەست کردن بە کەلتوورێکی دیکە دێتە گۆڕێ کە دروستکەری گرفت گەلێکە بەرەو هەندێ ئامانجو رێرەو کێشت دەکەن.

جیاوازییەکانی ئەم تاراوگەیە لەوەدایە کە لە ئەلفوبێوە پێت دەڵێ، تۆ خاوەنی ئەم ئاوو خاکە نیت، بەڵکوو میوانێکی عەزیزی. نازناوی میوانی عەزیز بەلایەك دا دڵ گەرمییەك بۆ تۆ بۆ بیرلێکردنەوە لە زادگاو خاڵی بەجێهێڵراوانو لە لایەکی دیکەشەوە یەکەم زەنگی ئاگادار کردنەوەیە بۆ ئەوەی بیر لە خاون ماڵیەتی نەکەیتەوە. جگە لەوە دەست بەسەرداگرتنی چەندین دەوڵەتی جیاواز بەسەر پارچەکانی کوردستاندا وای کردوە کە چەندین کەلتووریش بەرهەم بێو دژەبۆچوونو کاردانەوەیان لە نێواندا دروست بێ. هەربۆیە دژبوونی ئەم دوو شوێنە دوو جۆرە مرۆڤت بۆ بەرهەم دێنێ کە لێك نامۆن. بەڵام ئەم نامۆبوونە نامۆبوونێك نیە لەوەی خۆت لەوەی کە تۆ لەگەڵ دراوسێکەتدا هەتبوو، بەڵکوو نامۆبوونێکی دووانەییە کە یەکیان وەك هەر مرۆڤێ لە دەوروبەریو ئەویتریان لە بێزادگاییو کوتکە نیشتمانییە. ئەم جۆرە لە تاراوگە ونت ناکا بەڵکوو دەتهێڵێتەوە تاوەکوو نوقمی [ئەوانیتر] دەبێ. هەوڵی سڕینەوەی هاوشێوەکەی ترت نادا، بەڵکوو وات لێدەکا کە هاوشێوەیەکی وەك خوێت بۆ دروست بێ کە نەك تەنیا لایەنەکانی دیکە بەڵکوو خۆشت داپۆشرێی. کۆبەندییەك دروست دەبێ لە نێوان تۆو ئەوانی دیکەدا، واتە تێکەڵاوییەك لە ئامانجەکەی لەخۆگرتنی کولتوورێکی جیا لە کەلتووری خۆتە، واتە سەرەتای هەڵسوکەوت بە مانای دروستبوونی سەرەتاییترین کێشەی تۆو ئەو کەلتوورەیە. هەربۆیە لەم دوو کەلتوورەدا، واتە کەلتووری ئەوی دی کەلتوورێکی ئیشکالیەت ئامێز بەرهەم دێنێ. هەربۆیە بەدوای ئەمەش دا تووشی نامۆییو شڵەژانی دەروونیو تێکچوونی رەوتی پەروەردەیی تاك دەبێ، کاتێکیش ئەم هۆیانە پێیان لەسەر دادەگیرێ کە کولتوورت کەوتە نێو کێشەوە چونکە کەلتوور گشت ئەو رەهەندە مەعنەویو رۆحیانەی کۆمەڵگایە، لە شێوەی دابونەریتو ئایینو زمانو... مەهاباد قەرەداغی ئاماژە بە کێشەکانی مانەوە لە تاراوگە دەکا کە ئەو شتەش بۆ تاراوگەنشینی نیشتمان دەست دەدەن وەك:

**تاراوگەش بێ شك یەکێك لە ئەرکەکانی کاڵکردنەوەی رابردوویەو کاڵکردنەوەی رابردووش کاڵکردنەوەی کولتوورێکە کە چەندها ساڵ تێیدا ژیاوەو کاری تێدا کردوە**

١ـ هەڵگەڕانەوە دژ بە خود
٢ـ گۆشەگیری
٣ـ کاردانەوەی پێچەوانە
٤ـ دواکەوتن
٥ـ خودتۆقاندن

و گەلێ هۆکاریتریش کە جگە لە نەهامەتی هیچ شتێکی دیکەی بەدواوە نابێ. هەروەها ئەم جۆرە تاراوگەیە مرۆڤی تاراوگە ناگەڕێنێتەوە بۆ منداڵی چونکە هەروەك پێشتر لێیدواین ئەم تاراوگەیە جیایە لەو تاراوگەیەیە کە بەختیار عەلی لێی دەدوێ چونکە گەڕانەوە بۆ منداڵی گەڕانەوەیەکە بۆ فێربوونی زمان، بەڵام لێرەدا مرۆڤی تاراوگە کێشەی زمانی نیە. بەڵام لە هەندێ شتیش دا لێك دەچن وەك سۆزو عاتیفە بۆ زادگا بۆ هاوڕێکانو بۆ خزمان بۆ ئەو کەسانەی کە جێهێشتراون. بۆیە لێرەدا قۆناغێك دێتە ئاراوە کە قۆناغی گەڕانەوە بۆ رابردوویە. پیاسەکردنە بە ناو گشت ئەو دیمەنانەی کە زۆر جار لێیان هەڵدەهاتینو خۆشمان نەدەویستن، لێرەدا دڵ ناسك دەبیتەوەو دەچیتەوە دۆخی منداڵی ئەو دۆخەی کە بەهانەگیرە، زوو دەگریو عاجز دەبێ، ئاماژەکردن بە کەسایەتیی ئەم مرۆڤەو دوان لەسەری پێویستە بۆیە لێرەدا وەستانێکی کورت دەکەینو لە تایبەتمەندییەکانی ئەم تاکە دەدوێین.

### تاکی تاراوگە کێیە؟!

وشەی تاراوگە لە یەکێ لە نووسینەکانی عەتا نەهایی وەرگیراوە، چونکە هەروەك خۆی ئاماژەی پێکردوە کە پەناهەندە ئەو مانایە نادا بەدەستەوە بەڵکوو دیاسپۆرا کە تاقمە کەسێك بە هۆی ئایینیو نیشتمانیو نەتەوەییەوە ناچاری جێهێشتنی وڵاتەکەیان بوونو هەروەها جگە لەوەش پەناهەندە ئەو کەسەیە بە ئارەزووی خۆی لە وڵاتەکەی دەڕواو بە داوایەکی یاسایی لە وڵاتی دووەم دا دەمێنێتەوە هەرچەند ئەگەر دەریش کرابێ، بەڵام مرۆڤی دەرکراو بە دەستو پێ خەریکی خۆگیرکردنە لە وڵاتەکەیو هەوڵی جیددییش دەدا بۆ ئەم مەبەستە.

هەمیشە ترس لەوە بووە کە مرۆڤ روو بکاتە وڵاتێکی داخراو ئاخۆ چی بەسەر دێ ئەگەر بێو لە وڵاتەکەی خۆشت داخراوتر بێ. بۆیە قەیرانسازی هەر لێرەدا سەرهەڵ دەدا. هەوڵدانی مرۆڤی تاراوگە هەوڵدانێك بۆ هێشتنەوەی ناسنامەی خۆی. ناسنامەیەك کە ترسی هەیە لە داهاتوو. کاتێ ناسنامە "نیشتمان" بێ، تاکی تاراو بێناسنامەیەو هەوڵدان بۆ بوونیەتی ناسنامە لە وڵاتی دووەمدا بێشك قەیران ساز دەبێو باسی سەلماندن دێتە ئاراوەو هەوڵدانەکانی بۆ هەبوونی ئەم ناسنامەیە دژکردەوە بەرهەم دێنێ، تاراوگەش گشت کات، شوێنی دژ بە یەك بووە بۆ سەندنەوەی ناسنامە ئیتر لێرەدا تاکی تارێنراو هەست دەکا لە نێوان دوو کولتووردا دەژی کە خاوەنی هیچیان نیەو ئەو شتە گەورەیەی کە لە گەڵی دەچێتە جەنگەوە "زەمەنە" حەز بە تێپەڕینی ناکاو ئارەزووشی نیە تێپەڕێ. ئەم تاکە بە زۆرە ملی ڕاپێچ کراوە، خۆی تووشی جەنگێك دەکا کە جەنگە لە گەڵ زەمەن، خوازیاری نەسڕینەوەی رابردوویە، چونکە گشت دڵخۆشیی خۆی ئەو رابردوویەیە کە لێی دابڕاوەو حەز بە ون بوونی ناکا. تاراوگەش بێ شك یەکێك لە ئەرکەکانی کاڵکردنەوەی رابردوویەو کاڵکردنەوەی رابردووش کاڵ کردنەوەی کەلتوورێکە کە چەندها ساڵ تێیدا ژیاوەو کاری تێدا کردوە. بێشك هیچ کات شوێنێکی سەرووی ئەم زەوینە ئەو جەنگە بە قازانجو سەرکەوتنی تاکی تاراوگە کۆتایی نەهاتوە، بەڵکوو نیشانەی دۆڕاوی لە کارنامەی دراوە، چۆن دەکرێ لە زەمەنێکدا بژی کە تیایدا بە شەڕ بەردەوام بی بۆ مانەوەی زەمەنێکی جیاواز، ئیتر دواجار ملدانە بۆ ئەو رەوتەی کە تێدەپەڕێ. وازهێنانە لە شەڕی بێکۆتاییو رووکردنە لە خەیاڵ. رووکردنە یۆتۆپیای بیرکردنەوە تەنها ئەم یاریە دەبێ. نیچە لای وایە ژیان بریتییە لە کۆمەڵێك بازنەی بێسەرەتاو بێکۆتاو بەردەوام دووبارە دەبنەوە. خەیاڵەکانی کەسی تارێنراو لە بازنەکانی ئەم ژیانەدا دەبێ کە ناوونیشانی بازنەی تاراوگەیەو تەنیا لە سنوورێکی بچووك دا دەژێنەوە. ئەم تاکە دەگۆڕێ هەروەك ئەو ئادەمەی کە لە جەننەتی خوا دەردەکرێو ئیتر پێوەندییەکانی بە جەننەتەوە دەبنە پێوەندییەکی خەیاڵیو یۆتۆپیاییو نزاوپاڕانەوە هەردەم روو لە هێزە میتافیزییەکانەو بە قەولی "رێبوار سیوەیلی" ژوورە ئەفسووناوییەکان ئەوەندە زۆر دەبن کە قەڵایان لێپێك دێ بە شوورەی گەورە گەورە دەور دەدرێ. لێرەدا خەتەریاتێکی دیکە دەزێ کە ئەویش هەر لە حاڵەتی بێئومێدیو نەمانی هیواوە دەبێ، ئەویش ئاوێتە بوونە لەگەڵ ئاییندا بە جوێ لە مانا سەلەفییەکەی چونکە بە زانینی بێتوانایی هێزەکردارییەکانی مرۆڤ رووکردنە هێزە میتافیزیکییەکان دێتە ئاراوە، ئەمەش لەم زەمەنە بەولاوە پێی دەڵێن عەقڵ وەستان یا وەستانی عەقڵی.

### عەقڵی وەستاو (جێماو) لە ناو شوێندا:

گۆمەڵگەی کوردی بە حوکمی تێپەڕینی بە پەراوێزی ژیاندا، کەلتوورەکەشی هەر بە هەمان رەهەندا گەشە دەکا، گەشەی کەلتوور بەستراوی گەشەی عەقڵییە. تۆ ناتوانی بڵێی کە کەلتوورم پێشکەوتووە، بەڵام ئاستی عەقڵیم تەنیا لە شوێنی خۆی وەستاوە. لێرەدا باسەکە دوو لایەنەیە، یەکەمیان عەقڵی وەستاوو دووەمیان کاری ئەم عەقڵە لە ناو شوێندا.

ئاسۆ جەبار لە کاتێکدا کە عەقڵی وەستاو بە عەقڵی جێماو ناوزەد دەکا دەڵێ: عەقڵی جێماو ئەو عەقڵەیە کە بێ رەخنەیەو دەرکراوە لە چوارچێوەی هۆشیاریدا.

کاتێ کە وەهم لە نێو عەقڵی تاکی کورددا دەبێتە پرۆژەیەکی گەورەی بیرکردنەوەو بە تایبەتی قووڵبوونەوەی تاکی تارێنراو بە ناو ئەم وەهمەداو زانینو بەرەوپێشچوونەکان دەبێتە بەشێك لە یادەورییەکانی رابردوو، قەیرانێکی گەورەی گەڕانەوە بەرەو دواوە دەست پێدەکاتەوە. گێڕانەوەی باسو خواسەکانی نیشتمان لە زەمانی تاراوگەو ئەویش لە زەمەنی رابردوودا هیچ شتێك نیە جگە لە وەستانی عەقڵی ئێمە، وەستانی عەقڵێك لە تاراوگە. ژیان لە نێو دوو زەمەنی رابردوو ئێستاو ژیان لە نێو دوو شوێنی ئێرەی "تاراوگە"و ئەوێی "نیشتمان"، کەسێکی بە گشت وجوودەوە خەیاڵ پەردازمان بۆ دروست دەکا. تاراوگەی نیشتمان هیچ کات جیهانبینیت ناداتێ بەڵکوو ناوچە بینیت دەداتێو فێرت دەکا بە تەواوی جیهان نەبینی ئەمە پەیوەست نیە بە تەکنۆلۆژیاوە. کاریگەریی تەکنۆلۆژیا کاتێ بەدیار دەکەوێ کە تۆ خەیاڵت ئەوەندی ئەندازەی لە سەرەوە نەبێ کە تەواوی بوونتی داگیر کردبێ. کەسی تارێنراو هەوڵ دەدا بۆ سەلماندنی بوونی خۆی، چونکە وابیردەکاتەوە کە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە هەیە دەبێ پانتایەکی هەبێو خاوەنەکەشی هەر خۆی بێ، لایەنی دووهەمی باسەکە بوونی کەسی تارێنراوە لە ناشوێن. بەختیار عەلی کە باسی ناشوێن دەکا دەڵێ: ناشوێن ئەو خاکەیە کە بوار بە کۆچبەر دەدا فانتازیاکانی بخاتە گەڕ، بواری پێدەدا فەنتازیای جێگاو شوێنیتری ژیان بکا، بەشێکە لە راکردنو داننەنان بە غوربەت دا. هیچ کات مرۆڤی تاراو دان بە شوێنە نوێکەدا نانێ، بەڵام بە شێوەیەك لە شێوەکان هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدا کە شوێنی دووەمی لە شوێنی یەکەمی بچێ. هەرچەند خاوەنانی تاراوگە هەمان ئەوکەسانەن کە رۆژێ لای دەرکراوەکانی ئەمرۆ میوان بوونو هەمان قەیرانی هەنووکەی ئەمانیان بووەو هەر دوو لا یەك ئازاریان چەشتوە، بۆیە ئەمە دەکرێ ئەرێنانە وەسف بکرێ، بەڵام تەنیا ئەم مەسەلەیە کۆتایی پێهێنەری کێشەکە نیە. هەروەها تاراوگەی وڵاتێکی بەشیکەو دیاردەگەلی وەك رەگەزپەرەستیو یا ئایینی تێدا نیە. بەڵام گەورەترین درۆ کە مرۆڤی تاراو فێری دەبێو دەیکا ئەوەیە کە هەوڵ دەدا بە خۆو منداڵەکانی بسەلمێنێ کە دەتوانێ بە خەیاڵ لە نیشتمان بژین. شەوانە باسی قارەمانیەکانی خۆیو سەردەمی لاوییەتییان بۆ دەکاو چیرۆکە کۆنەکانیان بۆ دەگێڕێتەوە.

**دەبێ تێفکرین لە نیشتمان نەك شێوە بەزەیانەکەی خۆمان دەربخەین بۆ نیشتمان دەبێ بزانین کە غوربەت خراپ نیە، بەڵکوو دەتوانرێ مەنزڵگایەك بێ بۆ تێفکرین بۆ گونجان**

جەوهەری ناشوێن ئەوەیە کە بە تەواوی وجوودەوە خۆشەویستیو عاتیفەی نیشتمانپەروەری نیشان بدەیت بێ ئەوەی کە بگەڕێتەوە بۆ نیشتمان، هەروەها سازش کردن لەگەڵ لایەنی خانەخوێ زۆر قورسو ترسناکەو تا ئەو کاتە ئەم سازشکردنە دەگاتە ئەنجام کە نیشتمان لەبیرچۆتەوەو زۆر کەمی بەبەرەوە ماوە. بیرکردنەوە لەم سازشە گەورەترین زەرەری هەیە بۆ ئەو هەستە شۆرشگێڕانەو نەتەوە پەرستانەیەی کە لە کەسی تاراو هەیە. هەربۆیە تەنیا فریای جەنگو تەسلیمبوونو ئاشتبوونەوە بکەوێ لەگەڵ کولتووردا و هەروەها پێوەندیی هاوخوێنی یەکێکە لەو هۆیانەی کە دووبارە کاریگەریی لەسەریان هەیە. بە تێپەڕینی زەمەن وشەگەلی نیشتمانو نەتەوەو هەستی چی و چی کەم دەبێتەوەو "غوربەت" سەرهەڵ دەدا کە دەبایە یەکەم هەنگاو هەست پێکرابا. ئەو تاراوگەیەی کە غوربەتستانی ئەوە. بۆیە نەغوربەتستانیو نە نیشتمانی دووری، هیچ یەك لەوان وەڵامی پرسیارە عاتیفینەکانی نادەنەوەو هەریەکەو بە شێوەیەك لەگەڵیا دەدوێن کە ئەو ویستەی ئەو ناپێکن. لە گشت جیهاندا وا باو بووە کە ئەو کەسانەی کە غەریبی دەناسنو غەریبن دەتوانن بیریان بگۆڕن، چونکە توانای رەخنەگرتنو بیرکردنەوەیان هەیە عاتیفەو سۆز بەسەریاندا زاڵ نیە، هەربۆیە بە قەولی زۆربەی بیرمەندان، گەورەترین کێشەی تاراو لەوەدایە کە هەستێکی لاوازی رەخنەیی هەیە. هەربۆیە ئەو عەقلیەتە پێویست بە گۆڕان دەکا، ئەمەش یەکەم هەنگاو کە پێویستە بنرێ، دەبێ مرۆڤی تاراو بەوە بزانێ کە لە نیشتمان دوورەو ئەو حەقیقەتە قبووڵ بکا. چونکە پێوەندییەکانی زۆربەیان عاتیفەی بەسەردا زاڵ بووەو ئەوەندە بەهێز بووە کە لە سەیرانو لە شینو پێکەنینو لەسەر سفرەو لە نێو جێدا بیر لە نیشتمان دەکاتەوەو وڕێنەی نیشتمان دەکا. بۆیە هەمیشە وەك پێشتر وترا بیر لە رابردوو دەکرێتەوەو لە ئێستادا ناژین. نەناسینی خودو فەرامۆشکردنی ئەویدیو خەیاڵی ژیانو خەوبینینی بێهوودەو شوبهاندنی تاراوگە بە نیشتمان، بەشێکە لەو هۆکارە کوشندانەی کە تووشی مرۆڤی تاراو دەبن. دەرکەوتی عەقڵی تاکی تاراو لە تاراوگە هیچ کات خۆی نیشان نادا، گشت کات بیر لەو زەمەنە دەکاتەوە کە لە بەینی نیشتمانو تاراوگە دایە بیر لەو مەودا جوگرافییە دەکاتەوە کە لە بەینی نیشتمانو تاراوگەدایە، ئەمانەش گشت کات دەچنە خانەی غوربەتەوە. بەختیار عەلی دەڵێ: غەریبی ئێمە هێندەی بیری نیشتمان دەکات، بیر لە نیشتمان ناکاتەوە.

دەبێ تێفکرین لە نیشتمان نەك شێوە بەزەیانەکەی خۆمان دەربخەین بۆ نیشتمان دەبێ بزانین کە غوربەت خراپ نیە، بەڵکوو دەتوانرێ مەنزڵگایەك بێ بۆ تێفکرین بۆ گونجان. دەبێ غوربەت شوێنی قەبووڵکردنی ئەوانی تر بێ. دەبێ دوور بکەوینەوە لە هەندێ دروشمی بریقەدارو چەقۆ لە خۆدان بۆ نیشتمانو تەقدیسکردنی هەندێ کۆنە کەلتوور، دەبێ بە جۆرێکیتر نیشتمان بخوێنینەوەو رەخنەی لێبگرینو باشتری بکەین نەوەك فرمێسکی تیمساحی بۆ هەڵڕێژین.

سەرچاوەکان:

١ـ رەهەند ـ کۆچ بەرەو شوێن (بەختیار عەلی)
٢ـ خوێنەری کوشندە ـ بەختیار عەلی
٣ـ زمان ـ رامانو ناسنامە ـ مەهاباد قەرەداغی
٤ـ کۆچو سەفەر ـ ئاسۆ جەبار
٥ـ رۆژهەڵات ـ ٣٢ ـ ٣٣ کێ غوربەتی تاراوگەمان بیر دەباتەوە؟! (عەتا نەهایی)

***

